ستیڤان شەمزینی

# سۆناتای خۆشەویستی

ستیڤان شەمزینی

# سۆناتای خۆشەویستی

شیعر

٢٠٢٠

ناوی کتێب: سۆناتای خۆشەویستی
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
بابەت:شیعر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٤٥٢ ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

## لە بری پێشەکی

لە بارەی ئەزموونی شیعرییەوە

شاعیرەکان لە دایک دەبن، بەڵام هەرگیز نامرن

هەرچەند ئەم پێشەکییە بە پێویست نازانم، کەچی ئەنگێزەیەک لە ناوەوە پاڵم پێوە دەنێت شتێک لە بارەی ئەزموونی خۆمەوە بخەمە بەر دیدی خوێنەران. لێ راگەیاندنەکان کەمترین گرنگیان بە بەرهەمەکانم داوە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەرم، بایەخ پێنەدان و ئاوڕنەدانەوە لە دەق و کتێبەکانم بەڵگەی بێ کەڵکی بەرهەمەکانم نین بە قەدەر ئەوەی نیشانەیە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی کایەی رەخنەیی و میدیایی لەلایەن پێڕە رۆشنبیریی و حزبییەکانەوە، بەو هۆیەی نە حزبیم، نە حەواسی ئەوەم هەیە بچمە تەکەتولە رۆشنبیرییەکانەوە، هەمیشە لە پەڕاوێزێکەوە ئاوازی خۆم دەژەنم. بیرمە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گووتم «من رۆژنامەوانێکی جیدیم لە زەمەنێکی ناجیدیدا». رەنگە پاش ساڵانێک، ئەو مافە بەخۆم بدەم، بڵێم لە رۆژنامەوانێک زیاترم، جا بۆ ئەوەی بزانم چیم، دەبێت سەرلەبەر لە ئەزموونی خۆم بڕوانم، هەرچەند جارێ ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە.

ئەوەی ئامانجمە لێرەدا، باسی شیعر نییە بە ئەبستراکتی، یان پێشکەشکردنی چەند تیۆرییەک نییە لە هەمبەر شیعر، ناشخوازم بچمە ناو پێناسە خودییەکانم بۆ چەمکی شیعر و شیعرییەت. ئەوە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر. دەمەوێت لە بارەی ئەزموونی خۆمەوە هەڵوەستە بکەم. دەربارەی ئەزموونی خۆم بدوێم بەشێوەیەکی کورت و خێرا. ئەگەرچی لە سەرەتای لاوییەوە ئەکتیڤستێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی و کادری حزبێکی چەپ بووم، بەڵام هەمیشە و زیاتر لە هەر شتێک بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ بووم، پاشتر و دوای ئەزموونێکی زۆری خوێندنەوە و تێڕامان لە دنیا بڕیارمدا بنووسم. یەکەمین نووسینەکانی من بە وتار و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی دەستیان پێکرد، بێ ئەوەی نکۆڵی لەوە بکەم لە تەمەنی دە ساڵاندا شیعری کێش و سەرواداری سادەم دەنووسی، ئەوانە هیچ کات بڵاونەکرانەوە و بە ساوایی ژیانیان لە دەستدا. لە بواری کاری رۆژنامەوانیدا ساڵانێکی زۆرم بەسەر برد و ماوەی یانزە ساڵیش وەک سەرنووسەری چەندین گۆڤار و رۆژنامە کارم کرد، ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی خستە نێوان من و کاری ئەدەبییەوە.

گەڕانەوەم بۆ لای ئەدەب، یان جیهانە راستەقینەکەی خۆم، زیاتر لەو کاتەوە دەستپێدەکات تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، لەگەڵ ئەوەی بە پرۆسەیەکی سەختی چارەسەرکردندا تێپەڕیم «بە ئێستاشەوە هەر بەردەوامم لە چارەسەرکردن»، بەڵام دوورکەوتنەوەم لە کاری رۆژنامەوانی ئەو دەرفەتەی

خستە بەردەستم، بتوانم لە کایەی ئەدەبییدا بە نووسینی شیعر قۆناغێکی تر یان سەردەمێکی تازە لە ژیانی رۆشنبیریی و نووسین دەستپێبکەم. نووسین بۆ من لە هەر شتێکی تر زیاتر بایەخی هەبووە، هەڵبەتە خوێندنەوە لە نووسین زیاتر گرنگی و حزوری هەبووە لام. جارێکیان لێیان پرسیم بۆچی دەژیت؟!. ئەوەی چاوەڕێ نەبوون ئەم بەرسقە بوو: «دایکم بۆ ئەوە پەروەردەی نەکردم لە غەریبیدا ون بم، باوکیشم بۆ ئەوە گەورەی نەکردم لە دەرەوەی نیشتمان ببمە کرێکارێکی بێدەنگی دەستی کاپیتالیزم. من بۆ ئەوە پەروەردە و گەورە بووم بنووسم».

زۆرجار ئەو هەستەم بۆ دروست دەبێت، وەک «ژاک درێدا» پێداگریی لەسەر دەکرد بەوەی هەموو شتێک گووتراوە. لەبەر خۆمەوە دەمگووت شتێکی تازە نەماوە بینووسم!!. زۆرجاریش دڵنەواییم لە «بلانشۆ»وە وەردەگرت بە جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی دەبێت شتە گووتراوەکان بە فۆرمی جیا جیا بڵێینەوە. لەم سۆنگەوە ویڵی فۆرم و سەبکێکی شیعریی بووم تایبەت بێت بەخۆم، نازانم چەند سەرکەوتوو بووم لەمەدا، بەڵام هەموو هەوڵی خۆم لەمەدا چڕ کردەوە. هیچ نەبێت بە فۆرمێکی کوردانەی تایبەت بنووسم. بەشێوەیەک پۆڵێنکردنم لەسەر رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو ئەرکێکی قورس بێت. لەمەدا دەبوو ئەدەبی کلاسیکی کوردیی تا ئەندازەیەکی باش وەلانێم، نەک لەبەرئەوەی کۆن بووە، بەپێچەوانەوە لەو

هەواڵنامەی گێنێر

بڕوایەدام نوێگەریی هەمیشە قاچێکی لەناو کۆندایە، بەڵکو بەو هۆیەی شیعری کلاسیکی ئێمە سەر بە کولتووری عەرەبییە، زۆرینەی شاعیرانی کلاسیک جگە لە موفرەدات، تەنانەت کێشی عەرەوزی عەرەبیان بەکارهێناوە. لێ پاشخانی رۆشنبیریی ئێمە تەنێ شیعرە، داخەکەم بۆ ئەوەی شیعرێکی تەواو کوردیی بنووسیت، جگە لە باباتاهیری عوریان و خانی ناتوانیت کەڵک لە هیچ شاعیرێکی تر وەربگریت تا دەگاتە سەردەمی «گۆران».

تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە دواوە بۆ ئەوەی لە باسی ئەزموونی تایبەتی خۆم دوور نەکەومەوە، هەرچەند لە گەنجیدا چالاکوانێکی مارکسیست بووم، چەپڕەوێکی مەکتەبی بووم، ئەمەش هیچ کات نەبووە هۆکاری ئەوەی پاسیڤ بم لە بواری کاری مەیدانی و جەماوەرییدا، لەگەڵ ئەوەی مارکسیزم، فەلسەفە و رێبازێکی هیوابەخشە، ئێمە بە حوکمی ئەو فەزا و هەلومەرجە کەوتبووینە ژێر رەشبینییەکی سەیرەوە، کە لە گروپی «رەهەند»ەوە هەژموونی کردبوو بەسەر ئێمەی چەپڕەویشدا. کەم نەبوون ئەو گەنجانەی خۆیان کوشت یان بیریان لەخۆکوشتن دەکردەوە، لە باشترین حاڵدا نیشتمانیان کردە جانتای سەفەرەوە و بەرەو هەندەران ملی کۆچێکی نادیاریان گرتە بەر. وەک شەخسی خۆم، چەندان جار ختوورەی خۆکوشتن بەناو مێشکمدا گوزەری دەکرد، بەتایبەت دوای ئەو تێکشکانە مەزنەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ساڵی ٢٠٠٠دا، کە بەهۆی پەلاماردانی میلیشیاکانی یەکێتییەوە روویدا، ئەوەی

پەشیمانی دەکردمەوە نووسین بوو، لێ لە سەرەتای پرۆسەی نووسیندا بووم، بەڵام ئەوە هیوای دەدامێ، ئەگەر ئەو تێکشکانە ئێستاکە بوایە کە خاوەنی چەندان کتێبی چاپکراوم، بێ دوودڵی خۆکوژیم دەکرد، چون ئیدی نووسینیش وەک هیوایەک خۆی نیشان نەدەدا، لەبەرئەوەی ئەودەم لە سەرەتادا بووم، دەبوو بگەمە ئەمڕۆ، ئەو هیوایە زیندوو رایگرتم.

لەم ساتەدا وتەیەکی «سلاڤۆی ژیژەک» وەک بروسکە بە مێشکمدا تێدەپەڕێت: «نووسین ژیانی رزگار کردم، ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر بەهۆی کێشەی تایبەتی عەشقەوە، بۆ ماوەی دوو هەفتە لە دۆخی خۆکوشتندا بووم، بە خۆم دەگووت: دەتوانم خۆم بکوژم، بەڵام دەقێکم هەیە دەبێت تەواوی بکەم، سەرەتا تەواوی دەکەم دواتر خۆم دەکوژم! پاشتر دەقێکی تریش دروستبوو، ئیتر بەو جۆرە بەردەوام بووم، ئەوەتا هێشتا هەم». هەر لە راستیدا خۆکوشتن زیاتر پیشەی نووسەرانە، ئەوسا بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە!! هەندێ هاوڕێ پێیان دەگووتم تۆ رۆشنبیریت چۆن ئەو کارە دەکەیت؟ لێ کەمترین بڕوام بەو قسەیان هەبوو سەبارەت بە رۆشنبیربوونم، هاوکات دەیترساندم، چون خۆکوشتن لە ناو رۆشنبیراندا بەرچاوترە وەک لە رەشۆکەکان، بەو پێیەی رادەی هۆشیاریی و هەستیارییان بەرزترە. ئەی کەواتە چۆن خۆم نەکوشت؟. وەک وتم لەبەرئەوەی چەند پڕۆژەیەکی نووسینم لە ئەجیندا دانابوو. نووسینە رۆژنامەوانییەکانم لە خۆکوشتن رزگاریان

کردم. ئەی شیعر چی کرد؟. شیعر دنیای لا شیرینتر کردم، بە تایبەت لە هەنووکەدا بەدەم ناڵین و ئازاری شێرپەنجەوە تێکستە شیعرییەکانم بۆ ژن و ژیان دەنووسم.

لە دیتنی مندا، وەزیفەی شیعر گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ رەسەنێتی خۆی، ئەگەرچی شیعرەکانم پەیوەندیی بەهێزیان بە نیشتمانەوە هەیە «بێ ئەنگێزەی ناسیۆنالیستی»، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی لە دەقەکانمدا داگیرکردووە. لە رۆژی ڤالانتاینی ٢٠٠٢دا لە دیدارێکدا «رەسوڵ هەمزاتۆڤ»ی شاعیری داغستانی، پێداگریی لەوە دەکات خۆشەویستی ئیلهامدەر و ژێدەری لە دایکبوونی شیعرە. زیاتر لەمەش دەڕوات و دەڵێت «شیعر بەبێ خۆشەویستی هیچ واتایەک ناگەیەنێت». ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەمان وتەکەی بوو لە یادی سەدساڵەی فەرمانگەی تەلەفۆناتی وڵاتەکەیدا «شاعیرەکان یەکەمین پسپۆڕ بوون، ئەوان دڵی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستن». خۆشەویستی بەشێوەی گشتیی، خۆشەویستی نێوان هەردوو رەگەز بە تایبەت، بۆ من ماتریاڵێکی شیعریی بووە، وەک خولگەیەک کۆی بەرهەمەکانم بە دەوری ئەو پرسەدا دەسوڕێنەوە.

بەدەر لەمە شیعر لە قووڵایی رۆح و هەستمدا وەک وزەیەکی نادیار هەبووە، لەو کاتانەشی خۆم تەرخانکردبوو بۆ کاری رۆژنامەوانی لە هەندێک وتاردا شاعیرانە قسەم کردووە، تەنانەت جارێک وتارێکی سیاسییم بە زمانێکی شیعریی نووسی،

هەواڵنامەی کتێب

پاشتر زانیم ئەمە شیعرە نەک وتاری رۆژنامەوانی، نە توانیم وەک شیعر، نە وەک وتار بڵاوی بکەمەوە. ئێستاش ساڵی ١٩٩٨م بیرە، منداڵێکی هەشت نۆ ساڵەی لاوازی چاو بە قوڵدا چوو، دەنگی گریاناویی رژایە ناو گوێیەکانم، لەبەردەم پیاوگەلێکی زۆردا بە کوڵ دەگریا، بە سینیەکەی لا کەمەرییەوە واقی ورمابوو لە تاڵێتی ئەو هەموو ترۆزییەی دەبوو بیانفرۆشێت، تاکو بتوانێت مشتێ پارەی ئاسن دەست بخات بۆ کڕینی نیو کیلۆ ئارد و بیباتەوە بۆ ماڵەوە. ئەو دیمەنە هەستی بزواندم، ئاگری لە هەناوم بەردا. لێی چوومە پێش، پێم وت ترۆزییەکم بۆ قاش بکە ئەگەر تاڵ نەبوو، هەموو ترۆزییە تاڵەکانی تریش کە فڕێتداون بە هەمان نرخ لێت دەکڕمەوە، ترۆزییەکی بۆ قاش کردم، تۆزێک ترش و خوێی کرد بەسەردا، شانسی هێنا ئەمەیان تاڵ نەبوو، نەمدەویست فێری سواڵکردنی بکەم، بەڵام بەو فێڵە هەموو ترۆزییە تاڵەکانم بە نرخێکی شیرین و گەشانەوەی دەموچاوی مناڵەکە کڕی، دەستم کرد بە گیرفانمدا چوار پێنج دینار ئاسنم پێدا. ئەو سوپاسی کردم و رۆشت، نەیزانی ئەویش شتێکی زۆر گرانبەهای بە من بەخشی کە شیعر بوو، ئەوە یەکەمجار بوو دوای ئەو شیعرە وەزن و قافیەدارانەی لە منداڵیدا نوسیبوومن، خولیای شیعرنووسینم بۆ بگەڕێتەوە، لێ شیعرێک لە دایک بوو، هەروەک وتم بە هۆی ونبوونم لە کاری جەماوەریی و رۆژنامەوانیدا نەبووە هۆی بەردەوامی زیاتر. ئەمەش ئەزموونی دووەمی شیعرنووسینم

بوو.

ئەزموونی سێهەمم لە ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠١١ەوە دەست پێدەکات. ڕووداوەکانی ڕۆژی حەڤدەی شوباتی سلێمانی زۆر کاریگەریی گەورەی لەسەر هەست و دەروونم جێهێشت، بۆیە لەو ڕۆژەدا شیعرێکم نووسی «لەم دیوانەدا ئەو شیعرە بوونی هەیە». ئەوەش بووە هۆی ئەوەی وردە وردە بگەڕێمەوە ناو جیهانە ڕاستەقینەکەی خۆم، وەلێ ئەو شیعرە بڵاوکرایەوە، بەڵام چەند بارە بەهۆی خۆ تەرخانکردنم بۆ کاری ڕۆژنامەوانی بـوارم نەبوو بە تـەواوەتـی خـۆم بۆ شیعرنووسین یەکلایی بکەمەوە. جیاوازیی ئەم قۆناغە لەگەڵ ئەوانی پێشوو لەوەدابوو شیعرەکانم پاراست و زۆریان لە سێ کۆمەڵە شیعرییەکەی پێشوومدا چاپ بوون، هەندێکیان هەر ماون و لە دیدی خۆمدا لەوە لاوازترن بخرێنە بەر چاوی خوێنەر. لەگەڵ تووشبوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە، وردە وردەش دوورکەوتنەوەم لە کاری ڕۆژنامەوانی بواری ئەوەم بۆ ڕەخسا زۆرتر لەگەڵ شیعر بژیم. هەروەک هاوڕێیەک تێبینی کردووە، من تاکە شاعیرم لە منداڵدانی ڕۆژنامەوانییەوە هاتبێتمە دەرەوە، هەمیشە کردەکە پێچەوانە بووە، ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییە زمانییەی منیش سەری لەو نهێنییەوە دەربچێت.

هـەر بە دەستی ئەنقەستیش ناچمە سـەر شەقامی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی، هەرچەند زۆرتر بە زمانی بێگانە دەخوێنمەوە، کەم تا زۆر ئاگاداری قوتابخانەکانی شیعرنووسینی خۆرئاوایی

هەم، نامەوێت بکەومە حاڵەتی کۆپیکردن، بەڵکو گەرەکمە سەبکی شیعریم تەواو کوردیی بێ، مەگەر هەموو داهێنانی «گۆران» لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا گەڕانەوە نەبوو بۆ کێشی پەنجەی کوردیی لە بری ئەو عەرەوزە بەرەگەز عەرەبییەی فەراهیدی دایهێنابوو؟. دێتەوە بیرم جارێکیان خانمە نووسەرێکی رۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری ئەوەی لێکردم ئاگاداری دنیای ئەدەبی دەرەوەی کورد هەم؟. چون بە قسەی ئەو، شیعرەکانم بە ئەندازەیەک کوردین وەک ئەوەی هیچ بەرهەمێکی بیانیی کاریگەریی بەسەرمەوە نەبێت!!. ئەم پرسیارە ئەگەرچی بە زمانێکی رووشێنەر بوو، کەچی خۆشحاڵیی پێبەخشیم، بەوەی خوێندنەوە و کاریگەربوونم بە ئەدەبی خۆرئاوایی و غەیرە کوردی، نەیتوانیوە وا بکەن شیعرەکانم مۆرکی کوردەواری خۆیان لە دەستبدەن و وەک لاسایکەرەوە دەربکەوم. ئاخر تۆ ئەگەر کاریگەر بوونت بە «فروغ» ئەوە بێت، کۆپی خەیاڵ و فۆرمی ئەو بکەیت، منی خوێنەر خودی «فروغ»م لەبەردەستە بۆ خوێندنەوە. ناچارنیم کۆپی بخوێنمەوە، مادام ئۆرگیناڵەکەی بە ئاسانی پەیدا دەبێت.

بابەتێکی تر دەمەوێت روونکردنەوەی لە بارەوە بدەم، تایبەت بەم کتێبە و کۆی کتێبە شیعرییەکانی پێشووشم. ئەویش دووبارەبوونەوەی چەند وشەیەکە، ئەم دووپاتبوونەوەیە هەژاریی زمان و فەرهەنگی وشە نییە، هێندەی ئەوەی مەغزای تری لە پشتە، یەکێک لەوانە جەختکردنەوەیە لەسەر بایەخی ئەو

وشانە!. لێرەدا دەتوانین نموونەی هەردوو وشەی «دڵ و رۆح» وەربگرین وەک لە زۆرێک لە تێکستەکاندا چەندبارە بوونەتەوە. رۆح لێرەدا هەمان ئەو رۆحە نییە لە دیدی ئاینییەوە ئەنالیز کراوە، بەڵکو مەجازە و هەمان ئەو مێشکەیە سەرکردایەتی جەستە دەکات ئەمەش لە ژێر کاریگەریی ئەفلاتۆنیزمدا شکڵی گرتووە. دڵ لە دەقەکاندا دڵێکی سیمبولییە، نەک ئەو ئەندامەی لەش کە دەکەوێتە بەشی چەپی ژێر قەفەزەی سینگ. بەڵکو ئەو وزە چالاکەیە بەرپرسە لە هەستە مرۆییەکانمان، دەتوانم بڵێم هەمان ئەو ئێنرژییە پۆزەتیڤەیە زانستی نوێ زۆرترین جەختی لێ دەکاتەوە.

لە کۆتایشدا دەخوازم ئەوە بڵێم، زۆرترین دەقە شیعرییەکانی ناو ئەم دیوانە و هەر سێ دیوانەکەی پێشووم لە نەخۆشخانە نووسراون، پشووە ئازاراوییەکانم خۆمم بۆ خوێندنەوە و نووسین قۆستۆتەوە. نیتچە هەمیشە دەیووت «کاتێک پشوو دەدەم دەست بۆ کتێبێک دەبەم». منیش بەهەمان شێوە لە پشووی نێوان چارەسەرەکاندا دەخوێنمەوە، کاتی خەوتنم قاڕس دەکەم بۆ شیعرنووسین، شیعرگەلێک ئەگەرچی پۆلێنکردنیان دژوارە بەڵام لە کن خۆم نازناوی شیعریان پێدراوە. جیاواز لەمەش هەموو ئەم دەقانەی بەردەستی ئێوەی خوێنەر لەناو نۆتی هاندییەکەم یان لەسەر کاغەز نووسراون، تەنانەت ئەم پێشەکییە ناپێویستەش هەر لەناو نۆتی مۆبایلەکەمدا تایپ دەکەم، شاعیرێک نیم لەو فەزایەدا بژیم بە فەزای شاعیرانە ناسراوە، بیرکردنەوەکانم ئەگەر تاڵ و

کورت نەفەسیش بن، نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت مرۆڤ لەم کاتانەدا هێندەی بۆ ئارامی و سەقامگیریی بایۆلۆژیی دەگەڕێت، کەمتر بیری بە لای ئارامییە رۆحییەکانی خۆیدا دەچێت. جگە لەوەش ئەم دەقانە هیچ پێداچوونەوە و پاکنووسێکیان بۆ نەکراوە، چونکە خۆم مەبەستم بووە چۆن لە دایک بوون، بەهەمان شێوەی سروشتی خۆیان بگەنە خوێنەر. تەنیا هەندێ هەڵەی رێزمانی و ئیملایی چاک کراون ئەویش هەر خۆم ئەم کارەم گرتۆتە ئەستۆ، بۆیە لە بارەی هەڵەی چاپەوە داوای لێبوردن دەکەم، نەدەکرا لەبەر نەبوونی هەڵەبڕێک تا یارمەتیمان بدات، ئەم بەرهەمە بۆ چاپ دوابخەین. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ئەمە توانای راستەقینەی ئەدەبی من نییە، بەڵام کێ دەڵێت ئەم نەخۆشییە یەخەمان بەر دەدات تاوەکو توانا شاراوەکانم بخەمە گەڕ؟ گرەنتی نییە, هەر لەم روانگەوە ئەم دیوانە و کۆی کتێبەکانی پێشووم خستە بەر دیدی خوێنەران.

ستیڤان شەمزینی
سەرەتای سێپتامبەری ٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

هەواڵنامەی کتێب

# خێرا وەرە تا درەنگ نەبووە

رۆژێک دێت لە ناکاو
رووباری ئەم هەستە وشک دەکا
بارانی ئەم شیعرە چیتر نابارێت
پەنجەرەی ئەم عەشقە ناکرێتەوە
دەنگی ئەم تەمبوورە لە تەمدا ون دەبێت
پەپوولەی ئەم گۆرانییە نابێتە میوان
شەمەندەفەری خەون بە بەتاڵی دەگەڕێتەوە
کەشتی ئارەزووەکان نغرۆ دەبێت
ئەم نوێژە لەسەر هیچ بەرماڵێک دانابەسترێت
ئەو نزا سپییانە
ئاسمان دەرگا بە ڕوویاندا دادەخا
ئەو کۆترانە لەسەر هیچ گومەزێ هێلانە ناکەن
ئەم چیرۆکە بە ساوایی خۆی دەکوژێت
ئەم داستانە لە ئەرشیفخانە تۆزی لێ دەنیشێ

بەرسیلەی ئەم ژوانە نابێتە هێشووە ماچ
ئەم حکایەتە وەک شوشەیەک هاڕە دەکات
ئەم کۆڵانە
چیتر رەشەبا بە نهێنی تێیدا گوزەر ناکا
ئەم زریانە لەنیوەی رێدا قورگی وشک دەبێ
دەڤەری ئەم وجودە
سەرخۆشێکی عاشقی تێدا نامێنێت
ئەم گۆزەیە ئیدی گوێی لە هاژەی شەراب نابێ
ئەم دڵە لە شەڕی ئەویندا بە ساغی نایەتەوە
خێراکە تاکو درەنگ نەبووە
پێش ئەوەی لە مەراسیمێکی بێدەنگدا
تەرمی ئومێدەکانم بە خاک بسپێرم
بەرلەوەی دوا مژ لە جگەرەی تەمەن بدەم
بەرلەوەی لە پەیژەی فەنتازیاوە
بەرببمەوە خوارەوە
بەرلەوەی پەرداخی پێکەنینم بڕژێت
بەرلەوەی دوا دێڕی کتێبی فیراق بنووسم
بەرلەوەی نێرگزی شیعرەکانم سیس ببنەوە
بەرلەوەی جانتای چاوەڕوانیم
پڕ ببێت لە خەفەت
بەرلەوەی رەزی بیرکردنەوەم ببێتە سوتماک

بەرلەوەی پرچی نیگا ئاگراوییەکانم بئاڵۆزکێ
بەرلەوەی سیمای سپی دڵنیاییم رەش دابگەڕێ
بەرلەوەی ژیان لە دەمم‌دا تامی مردن بدا
وەرە وەک بازێکی بەختەوەر
لەسەر شانی چارەنووسم بنیشەرەوە
لە چاوەکانم‌دا بەختی خۆت بخوێنەرەوە
لە نێو لەپی دەستەکانم‌دا بنوو
لە پەنا لێوەکانم‌دا ماڵێک بۆ خۆت چێ بکە
رابردوو بە خەتێکی درشت رەش بکەرەوە
لە نێو سەوزیی رۆحم‌دا بمێنەرەوە
کە ساڵهایە لەسەر سەوزێتی
لەگەڵ بەهار شەڕیانە
رۆژێک دێت لە ناکاو
دەماری ئەم شێتییە
خوێنی ئازادیی پێدا ناگەڕێ
درەختی ئەم سەرچڵییە
چرۆی تازە دەرناکات
ئەم شاخەوانە غەریبە
ناگاتەوە دامێنی نیشتمان
ئەم تەیرە باڵشکاوە
بە دیداری ئاسمان شاد نابێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئەم مەرکانە پڕ غەزەلە
لە ناوەڕاستدا شەق دەبات
ئەم کلیلانەی قەدەر
قفڵی زەردەخەنەیان پێ ناکرێتەوە
ئەم کێڵگەیە وشک دەکا
چیتر رووناکی تێدا دروێنە ناکرێ
ئەم شمشاڵە شێدارە
لە سەحرای غەمدا گەرووی دەگیرێ
ئەم سێڵاوە بە جۆشە
لە تینووێتیدا دەخنکێت
ئەم هۆنراوەیەی وەتەن
لە مەنفا گۆڕ غەریب دەبێت
ئەم شارە رووخۆشە
لە چاوترووکانێکدا دەبێتە زرێبار
کریستاڵی ئەم ژیانە
ژەنگی مەرگ بەردەبێتە گیانی
ئەم فەرشە هیوادارە
مۆرانەی گریان لەشی دەخوا
ئەم مەشخەڵە
چاوی رەشکەوپێشکە دەکا و دەکوژێتەوە
پردی ئەم خەونە



کتێب هەواڵنامەی

ڕێبوارێک پێیدا ناپەڕێتەوە
سنەوبەری ئەم برووسکەیە
هیچ بارانێک بۆنی ناکات
ئەم کەناری بەسەرهاتە
حکایەتخوانێ لەنگەری لێ ناگرێ
شوشەی ئەم ڕۆحە
بە بێدەنگی ورد و خاش ئەبێت
ئەم شیعرە عاشقانە
بە گەنجی ریشیان سپی دەبێ
ئەم تەلارە مەکربازەی منداڵی
دەبێتە کەلاوەیەکی پیر
ئەم دەربەندی فڕینە
دەبێتە زیندانی باڵ
ئەم گوڵستانە درەوشاوەیە
دەگۆڕێت بۆ زەلکاوی دڕک
ئاپۆرای ئەم خۆشەویستییە
چۆڵ چۆڵ دەبێت
ئەم شەقامە ئاوەدانە
دەبێتە تولەڕێی گۆڕستانێک
ئەم هەناسە پڕ شەماڵانە
تەژی دەبن لە گڕی دابڕان

هەواڵنامەی کتێب

خێراکە تاکو درەنگ نەبووە
پێش ئەوەی
وەک ماسییەک
لە دەریا یاخی بم
بەرلەوەی سڵاوێکی گەرم
لە مردن بکەم
بەرلەوەی پشکۆی عاتیفەم
ببێتە خۆڵەمێش
بەرلەوەی ئەژدیهای دەردەداریی
خوێنم بڕژێ
بەرلەوەی شوێن پێی عەشق
لە دڵما بسڕمەوە
بەرلەوەی سکاڵای گوڵ
بگەیەنمە باخ
بەرلەوەی کانییەک لە تریفە
بە مانگ بفرۆشم
بەرلەوەی بچمە پێشوازیی خۆکوشتن
بەرلەوەی بایەقووش
لەسەر پاشەڕۆژم بخوێنێ
بەرلەوەی توانەوە
لە دوورەوە بمناسێتەوە

هەواڵنامەی کتێب

بەرلەوەی لە زەریای مەراقدا
ببمە کەشتییەوان
بەرلەوەی لە پەڕاوی سووتاندا
ناوم بنووسرێتەوە
بەرلەوەی فەنابوون
گەنجینەی بەختیاریم تالان بکا
بەرلەوەی شەوە سەرخۆشەکانم هەڵوەرن
بەرلەوەی ببمە هاوولاتییەکی مەلولی گۆڕستان
بەرلەوەی مردن بمگاتێ تۆ وەرە
هەروەک هەورێک بەسەر باڵای ئەوینما بباری
لە ئاوێنەکەتدا رووخساری دێوانەییم ببینە
بەرلەوەی مەرگ لەگەڵ خۆیدا بمپێچێتەوە
تۆ وەرە لەسەر رێی عومرم بوەستە
مەهێڵە چیای ئەم خۆشەویستییە
بە کەساسی هەرەس بهێنێت
تۆ توانات هەیە
لەو کاتەی بیر لە فڕین دەکەمەوە
باڵم ببەستیت
لەو دەمەی کەڵکەڵەی خۆکوژیی
تەنگم پێ هەڵدەچنێ
بمخەیتە سەر شارێی مانەوە

لە هەستی خۆتدا
دەستەمۆم بکەیت
لەو ئانەی لەشکری غەم
شاڵاوم بۆ دەهێنێت
شمشێری راموسان بدەیتە دەستم
لەو شەوە هەراسانەی تاریک تاریک دادێم
مژدەی کازیوەی رۆژێکی نوێم پێ بدەیت
بەرلەوەی مردن بمگاتێ
تۆ وەرە

سەرەتای بەهاری ٢٠١٩
ستۆکهۆڵم - کۆڵن

هەواڵنامەی کتێب

# ئەی یار هەموو شتم لە دەستدا

لە پێناوی تۆدا هەموو شتم لە دەستدا
ئەو بەیانییە ئارامانەی گمەی کۆترێکی دڵشاد
لە خەوی ناو پێخەفی دڵنیایی خەبەری دەکردمەوە
ئەو شەوانەی بە مەستی
بەژێر دارتێلەکانی شاردا دەڕۆیشتم
لە ژێر هەنگاوەکانمدا
جۆگەلەیەکی بزێو سڵاوی لێ دەکردم
ئەو کتێبە نەخوێندراوانەی
لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەم
شۆڕشێک لەناویاندا کەوتۆتە لێواری هەڵوەرین
ئەو پیاسانەی لە باخەکانی عەقڵدا دەمکردن
ئەشکەنجەی هەوری هەوەسیان دەدا
بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بینە بارانێکی مەغرور
ئەو ژاوەژاوە ئاژاوەچییانەی گیانیان پڕ کردبووم

له بەڵێنی درۆی بەهەشتێک له تەنهایی
ئەو پاڵتۆ چەرمە ئەستوورەی ببووە رووپۆشی
ژانی ئەو هەژارییەی هەمیشە دەمشاردەوە
ئەو دەستکێشە گەرم و گوڕە لە هەقیقەت چنراوەی
دەمکردە پەنجە تەزیوەکانی دەبەنگییەوە
ئەو ئینجانە شپرزە و درزتێبوانەی
گوڵی کاولبوونی دەروونی تێدا روابوو
ئەو ژوورە گەورە و نەخشەدارانەی ماڵەکەم
مێژووی پیاوێکی خەیاڵپڵاویان
لەسەر هەڵکۆڵدرابوو
ئەو جێگە نێرگزڕێژکراوانەی لە ئەزەلەوە
بۆ ژنێکی رۆیشتوو ئامادە کرابوون
ئاه هەموو شتێکم لە دەستدا
بە خودی خۆشمەوە
تەنها بۆ بەدەستهێنانی ئەو دڵە شەکەتەی تۆ
کە شوێنەواری چەندین زامی دێرینە
لە پێناوی تۆدا هەموو شتێکم لە دەستدا
ئەو گیرفانە پینەکراوانەی پڕبوون لە ئومێد
لە هەر ئومێدێکیشدا هەزاران چرۆ رسکابوون
ئەو شیعرانەی وەک سیگارەکەی دەستم
بەدیار خەیاڵە فێدارەکانمەوە دەبوونە سوتوو

ئەو پەنجەرە ناسک و هەمیشە دڵکراوانەی
پرشنگی خۆریان وەک هەوا هەڵدەمژی
ئەو نەخۆشییە مەترسیدار و تۆقێنەرانەی
بە دەنکێک حەبی پێکەنین
هەواریان دەگواستەوە
ئەو سفرە لێو بەبزە و چاوبازانەی فریویان دەدام
بانگیان دەکردم بۆ خوانێکی وشک و برینگ
ئەو نزا رەنگاورەنگانەی بە لێزمە دەبارین
بەسەر رۆژانی نغرۆبوو بە هەستی ئاوارەیی
ئەو باڵندە جوانانەی نێو کۆشکی ئەندێشە
هەمیشە رازەکانی فڕینیان بۆ دەکردمەوە
نهێنی ئاسمانیان لەلا باس دەکردم
ئەو ئاگرە بەتینانەی نێو پوش و پەڵاشی ئاوەز
کە هەمیشە دەبن بە ژێر تۆفانی عاتیفەوە
ئەو پێنووسە مانگر و خۆ بەگەورەزانەی
نەیدەویست دێڕێک موحیبەت یاداشت بکات
ئەو کەشتییە رزگارەکە خوێن تاڵانەی هۆش
نەیاندەهێشت لە وەهمی خۆمدا نقووم بم
ئەو درۆ ئێسک سووک و وەفادارانەی
رێیان لە هەقیقەت دەگرت
دەستی بچێتە خوێنم

ئەو پێڵاوە رەق و تەقە دڕاوانەی
پێیەکانیان لە دڕکی دڵشکان دەپاراستم
ئەو یادگارە کزۆڵانەی بە تەنهایی
لەسەر دەفتەری خەمێک یادداشتم کردبوون
ئاە هەموو شتێکم لە دەستدا
بە خودی خۆشمەوە
تەنها بۆ دزینی خەونی جاویدانیی تۆ
کە تێیدا پیاوێکی قەتیسماو راکشاوە
لە پێناوی تۆدا هەموو شتێکم لە دەستدا
ئەو پێغەمبەرە مژدەبەخشە نورانیانەی
مزگێنی راگرتنی نەزیفی گریان دەبەشنەوە
ئەو حەوزە بریقەدار و پڕ شپڵ و هوڕانەی
ماسی سۆز تێیاندا دەکەوێتە سەما
ئەو جیهانەی بە قوڵپ بەڕوومدا پێدەکەنی و
خۆی خستبووە نێو کەژاوەی زێڕینەوە
ئەو جلوبەرگە ئاوریشمیی و رووخۆشانەی
بە تەنافی چاوەڕوانییەوە
«با»ی نەگبەتی بردنی
ئەو جەنگە هەزار بارە و نەبڕاوانەی
لە دژی تەیری گولی نیگەرانی بەرپام کردبوون
ئەو نامە لاکێشەییانەی

دەمخستنە سندوقی سەرمەوە
هەتا ئێستاش
لە نۆبەتی خوێندنەوەدا وەستاون
ئەو ماچە هەڵچووە رەنگ بەهارییانەی
بەدیار لێوێکی ساردوسڕەوە دامرکانەوە
ئەو نەورەسە تاساو و خەفەتبارانەی
بەسەر دەریای غەمگینیدا سروودیان دەخوێند
ئەو خەیاڵە پەلکەزێرینەییانەی منداڵی
لەگەڵ گەورەبووندا تووشی نەزۆکی بوون
ئەو چیرۆکە پڕ رووداو و هەیەجانانەی
لە بن پێی واقیعدا ئەنجن ئەنجن بوون
ئەو کاسێتە ریش چەرمۆ هەڵترووشکاوانەی
زەمەنیان لە ریخۆڵەکانیاندا هەڵگرتبوو
ئەو کامێرا رەنگاورەنگە کپ و بێزارانەی
وێنەی نیشتمانیان لە کاتی ژاکاندا دەگرت
کراسی رەشی ئەو دایکە بێوەژنانەی
میدالیای شەهیدەکانیان لە مل کردبوو
ئاە هەموو شتێکم لە دەستدا
بە خودی خۆشمەوە
تەنها بۆ ئەوەی لانکی پەژارەی تۆ رابژەنم
لە راڕەوی پێچاوپێچی ئەویندا ون ببم

لە پێناوی تۆدا هەموو شتێکم لە دەستدا
ئەو فریشتە نازدار و کەوا سپییانەی
لە لاپەڕەیەکی ڕەشدا ناویان سپی کردمەوە
ئەو ڕەشەبا غەزەبلێگرتووانەی
بەدەم هوتافکێشانەوە
ڕاپێچیان دەکردم بۆ بەرەکانی شەڕ
پێش ئەوەی گوللەیەک بنێم بە دوژمنەوە
خۆم بە پەتی پەشیمانییەوە هەڵدەواسی
ئەو چەقۆ زمان درێژ و دەم زبر و تیژانەی
پیازی غوربەتم پێ قاش قاش دەکردن
ئەو شمشێرانەی ملی نیگاکانم دەپەڕێنن و
ناهێڵن سەری بڕدراوم
بۆ بینینی حەوایەک ئاوڕ بداتەوە
ئەو گەڵا لەش سەوزە تامەزۆرییانەی
لە شەڕی خەزاندا یەک یەک دۆڕاندمن
ئەو چەمە فێنک و پڕ عیشوە و مەکرانەی
بە چنگێک تۆزی حوزن بیناییان تار کرا
ئەو پرسیارە سەرکێش و ئۆقرە نەگرتووانەی
نەگەیشتنە وەڵام و بەگەنجی سەریان نایەوە
ئەو ئاسمانە شەفاف و شینباوانەی ژیان
هەوری مەرگێک بە ئەسپایی بەری گرتوون

ئەو وشانەی لە زاخاوی هەست هەڵدەکێشران
لە مێژە چەرخێکی ناماقوڵ شۆکی کردوون
ئەو خۆمەی وەک پەرداخێکی پڕ لە ویسکی
لە دەستی قەدەر کەوتمە خوارەوە
تک تک رژام
کەسێک نەبوو کۆم بکاتەوە
لە پێناوی تۆدا هەموو شتێکم لە دەستدا
تەنیا بۆ ئەوەی بەر لە مردن
بە عەشقی تۆوە
یەک دوو رۆژ بە ئاسودەگی بژیم
تەنیا یەک دوو رۆژ

زستانی ۲۰۱۸
بەهاری ۲۰۱۹
بیلەفێلد - ستۆکهۆڵم

## هەوەسبازترین عاشقی دنیا

کەوتوومە ژێر داروپەردووی تاریکی
رووناکییەک دەبینم، نوورێکی سپی
شەوقی ژنێکە
لە ژووری تەنهایی زوڵمەتدا
هەموو شەوێک بە خەونێک ئاوس دەبم
خەون بە ژنێکی سەرسامکەرەوە دەبینم
ئەمڕۆ بە قووڵی سەرنجی دەدەم
سبەی دەکەومە فیردەوسی باوەشییەوە
ئەمڕۆ لەسەر دیواری کەنیسەیەک دەنووسم
شەوقی ژنێک بەسە لە جیاتی تیشکی خۆر
رووناکی ژنێک بەسە لەبری تریفەی مانگ
سبەی ئەو فریشتانەی خوێنی جنۆکە
بە لەشیاندا دەگەڕێت
پەل بەستم دەکەن، رامدەکێشن بۆ دۆزەخ

لەوێ لەسەر دەرگای دۆزەخ
بە بەرچاوی دۆزەخنشینانەوە دەنووسم
گەرمی ژنێکە
ئەم ئاگرە بڵێسەدارەی خۆش کردووە
ئەمڕۆ هەست بە شێتبوونی خۆم دەکەم
بێ سڵەمینەوە داوای سێکس
لە ژنێک دەکەم
ئەو وەک نەیزەکێک دڵم چاڵ دەکات
سبەی رۆژنامەکانی دڵداریی
هەواڵی مەرگی من دەکەنە مانشێت
ئەمڕۆ بیر لە درکاندنی
رازێکی کۆن دەکەمەوە
هەست بە تەریقبوونەوە دەکەم
بە بیانووی شیعرێکەوە
داوای ماچ لە ژنێک دەکەم
ئەو جەنگ لە دژم رادەگەیەنێت
بە شمشێری نەریت
دەماری خوماربوونم دەبڕێت
بە گەڵای شەرم خۆی دادەپۆشێت
سبەی بە برینێکی سارێژنەبووەوە
رێگەی خۆم بەرەو عەدەم دەبڕم
زۆر نابات

لە ژێر دارتووی زڕی فەرامۆشیدا دەمرم
کۆمەڵێک داڵ لە لاشەکەم تێر دەخۆن
ئەمڕۆ خۆم دەدەمە دەست دڵ
عەقڵ دەخەمە
زیندانی حەزە هەڵچووەکانمەوە
بە سەرخۆشی
داوای رووتبوونەوە لە ژنێک دەکەم
وەک رووتبوونەوەی ناو فیلمەکانی پۆڕنۆ
ئەو هەزار بیانووی تاڵی هێناوە
وەک پیاوێک وێنای کردم
لە هەوەس زیاتر هیچ ترم نییە
لەوانەیە سبەی
بیر لە نووسینی شیعرێک بکەمەوە
تێیدا بە خۆم بڵێم
ئەی هەوەسبازترین عاشقی دنیا
شوێنێک نەماوە بۆ خۆ حەشاردانت
ئەم خەجاڵەتییەت ببە ناو گۆڕەوە
ئەمڕۆ خەونێکی درۆ هەڵدەبەستم
بە زمانێک لەنێوان مغازەلە و گوناهباریدا
بە ژنێکی گیرۆدەی عەشقی خۆمم دەڵێم
ئەمشەو لە خەونمدا
لە شارێکی قەرەباڵغ

بەڵام لە کوچەیەکی چەپەکدا
لە رۆژێکی رووناک
بەڵام لە شوێنێکی تاریکدا
لە وەرزێکی سارد
بەڵام لە ژوانێکی گەرمدا
تۆ لەگەڵ من بوویت
وەک دڵی خۆم
قۆپچەی کراسەکەتم کردەوە
مەمکەکانت ئەوەندە ناسک بوون
نەموێرا لێویان بخەمە سەر
نەکا وەک شەکر
بەسەر لێوی تاڵمدا بتوێنەوە
ئەو ترسی لێدەنیشێت و
دەکەوێتە لەرزین
وەسوەسەی ئەوە بە مێشکیدا دێت
دوا پەنجەرەی قسەکردنم لێ دابخات
سبەی من دەچمە بەر ئاوێنەی هەقیقەت
دەڵێم چەند قورسە بەدرۆشەوە راستی بڵێی
بڕیار دەدەم
پێش ئەوەی خەونێکی تر هەڵبەستم
چاوەکانم دەربهێنم تا خەون نەبینم
هەرچەند حاشا ناکەم لەو خەونانەی

تێیدا لە باوەشی ئەو ژنەدا پادشا بووم
ئەگەرچی ئێستا
لەسەر عەرشی تەنهایی دانیشتووم
هێشتاش بە دەستێکی لەرزۆکەوە دەنووسم
ئەی ژنەکە
تا مردن کوشتەی تۆم

٢٠١٨-١١-٢٦
کۆڵن - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

# دڵم نایەت بمرم

چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو رۆژێک مەمکی ژیان دەگوشم
هەموو شەوێک لە سرووتێکی نەشئەئامێزدا
لەگەڵ ئەستێرەیەکی بریندار سەما دەکەم
هەموو بەیانییەک سڵاوی کازیوە
دەگەیەنمە
 ئەو شارە خۆڵەمێشییەی تێیدا ون بووم
هەموو نیوەڕۆیەک لە شیعرێکدا
جۆگەی ماچی ژنێکی دوورەدەست هەڵدەقوڕێنم
هێشتاش هەست بە تینوێتی دەکەم
چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو رۆژێک عەشق دەمنوسێنێت بەخۆیەوە
دنیا لە چاوی منەوە دەبینێت
هەموو شەوێک ماچ دەمخاتە بۆسەوە

هەموو بەیانییەک چەپکێک تیشک دەخەمە
گیرفانی تەنگ و بەتاڵی وجودەوە
هەموو نیوەڕۆیەک
لە شەقامی تەنهایی ژنێکدا
ئاوازێک بۆ ئاوێتەبوون دەژەنم
بۆ تەڵێکی بەجێماوی پرچی
ناو نوێنەکەم دەگەڕێم
چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو ڕۆژێک بزەیەکی سەرخۆش
ختوکەی قوڵپی گریانم دەدات
هەموو شەوێک مانگ بە تریفەدا
نامەیەکی پرشنگاویم بۆ دەنێرێت
هەموو بەیانییەک
«با»یەکی هێمنی نیشتمان
تۆزی غوربەت لە شانم دەتەکێنێ
هەموو نیوەڕۆیەک
ژنێک میوانی خەیاڵمە
پێکەوە لەسەر سیسەمی فەنتازیا
دەست لەملانین
هەڵاوی خاکی وڵات
لە مەمکەکانییەوە هەڵدەستێ

چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو ڕۆژێک
سەری تەزیو و بەستووم
بە یەک مژدەی بەهار دەتوێتەوە
هەموو شەوێک هەسارەیەکی دەنگخۆش
ئازارەکانم دەکاتە گۆرانییەکی شاد
هەموو بەیانییەک کانییەک لە جوانی
لە پەنجەی ئەوینمەوە هەڵدەقوڵێت
هەموو نیوەڕۆیەک
ژنێکی لە خاچدراو بە غەم
بە کەژاوەی گریانەوە
بەرەو رووم دێت و
لە نیشتمانی موحیبەتمدا
داوای پەناگەیەک دەکات
چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو ڕۆژێک
بە پەیژەی خۆشەویستی
سەردەکەوم بۆ سەربانی ژوان
هەموو شەوێک پۆلێک فریشتە دێنە لام
تاکو رۆژ دەبێتەوە کەمانچە دەژەنن
بۆ ئەو ڕۆژە کڵۆڵانەی بە چاوەڕوانییەوە

بەسەرم بردن
هەموو بەیانییەک
دڵۆپێک فرمێسکم پێ دەبەخشرێت
تا بە چاوی تامەزرۆییمدا بێتە خوار
هەموو نیوەڕۆیەک ژنێک لە دوورەوە دێت
پۆشاکی زام لەبەرم دادەکەنێ
بە گەرمی لەشی خۆی دامدەپۆشێت
چۆن دڵم بێت بمرم؟
هەموو رۆژێک سیحرێکم لێ دەکرێت
ژیان لەبەرچاومدا
تارای گەشبینی دەکاتە سەر
هەموو شەوێک ئومێدێکی چەتە
جانتای سەفەری ئەبەدییم لێ ئەدزێت
هەموو بەیانییەک کەناریی شیعر
دەبێتە قورگی زولاڵی ئازارەکانم
هەموو نیوەرۆیەک
ژنێکی نەسیم ئاسا
گۆرانییەکم بۆ دەڵێ
هێشتا نەمبیستووە
بە لەشێکی رووتەوە هاتووە
دەیەوێت رۆحی من بپۆشێت

ئیتر چۆن دڵم بێت بمرم؟
کاتێک دەبینم مردن لەبەرم هەڵدێ
ژیانیش توند بەخۆیەوە دەمگوشێت
نا، جارێ دڵم نایەت بمرم
دڵم نایەت بمرم

٢٠١٨-١٢-٥
بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## شاعیرێکی یاخی بووم

شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رەت کردەوە
ئەو جەنگانەی
دەبنە زەریایەکی شەپۆلاویی خوێن
ئەو کورسییانەی
لەش لەسەریان کرمەڕێز دەبێت
ئەو خەڵاتانەی پادشا
لە کیسەی نەداران دابینیان دەکا
ئەو ماڵە کریستاڵییەی
دڵ تێیدا دەبێتە پارچەیەک پۆڵا
ئەو گۆپاڵانەی
لە پشتی ئازادیی دەوەشێنرێن
ئەو چرایانەی
ناپاکییان لە رووناکی کرد

ئەو یادەوەرییانەی
دەستیان ناوەتە قورگی ئێستاوە
ئەو تارماییە رەشانەی
چۆلەکەی شەوق شەوارە دەخەن
ئەو چەقۆیانەی
لەشی بیرکردنەوە قاش دەکەن
ئەو سەربەستییەی
بیرکردنەوە لەناویدا زیندانی هەتاهەتاییە
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم
ئەوینی هەمیشە داگیرساوی تۆ بوو
شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رەت کردەوە
ئەو دەریایانەی
جگە لە سەراب هیچی تر نەبوون
ئەو بەلەمانەی
بەنێو چۆمی وەهمدا رێگایان دەبڕی
ئەو پشکۆیانەی
زمانی خەیاڵ دەچزێنن
ئەو غەڵبەغەڵبانەی
سەری بێدەنگی پان دەکەنەوە

ئەو شەوە دڵڕەقانەی
خەون دەکەنە دەرەوە
ئەو قەفەزانەی
بۆ بولبولی روانین ئامادەکراون
ئەو گوێیانەی
لەبەردەم هەقیقەتدا کاس بوون
ئەو لووتانەی
ناتوانن بۆن بە خۆشەویستییەوە بکەن
ئەو دەستانەی
نەیانتوانی باخی جوانی ئاو بدەن
ئەو قاچانەی
سڵ لە پیاسەی نێو ئاگر دەکەنەوە
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم،
زایەڵەی عەشقی ئەبەدیی تۆ بوو
شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رەت کردەوە
ئەو خودایانەی
لە کارگەی ئاینەکاندا دروستکراون
ئەو گۆڕە قووڵانەی
بۆ هەتاو هەڵکەنراون

ئەو بۆشاییانەی
دەبوو بە فرمێسک پڕ بکرێنەوە
ئەو قوڕانەی
لەشی باڵندەی غروریان سواغ دا
ئەو مەرکانە خەفەتبارانەی
ئومێدیان لێ ناچۆڕێت
ئەو کەنارانەی
پێشوازیی لە ڕێبواران ناکەن
ئەو نیشتمانەی
بووەتە سۆزانی پیاوانی سیاسەت
ئەو غوربەتەی
ختوکەی بن باڵی خۆکوشتن دەدات
ئەو تەنھاییانەی
ئاوس نین بە شێتێتی خۆم
ئەو کۆڵانانەی
ماڵێکیان تێدا نییە بۆ عەشق
هەموو ئەمانەم پێکەوە ڕەتکردەوە
تەنھا ئەوەی نەمتوانی ڕەتی بکەمەوە
خانمەکەم،
قەدەری خۆشەویستی تۆ بوو
وا هێمن هێمن
بە ناو ڕۆحما ڕۆدەچێ

شاعیرێک بووم
هەموو شتێکم رەت کردەوە
ئەو شەقامە قەرەباڵغەی
ئەوسەری لە تەنهاییەوە دەردەچێ
ئەو دەرگایانەی
گێژەڵوکەی ماتەم لێیانەوە دێتە ژوورەوە
ئەو قومارانەی
ئەڵماسی گەنجیی تێدا ئەدۆڕێنرێت
ئەو غەزەلانەی
لەنیوەی رێدا بە هەنسکەوە هەڵدەوەرێن
ئەو پیاوانەی
بەختی سپی ژنان رەش دەکەن
ئەو ژنانەی
نیگای پیاو پڕ دەکەن لە ژەهری دڵڕەقی
ئەو شێوەکارانەی
پۆرترێتی پەرتبوونی گەلا دەکێشن
ئەو مۆسیقارانەی
نغرۆبوونی پێکەنین دەکەنە سەمفۆنیا
ئەو سەربازانەی
فیشەک دەنێن بە مێژووی مۆمەوە
ئەو بازرگانانەی
لە هەموو وەرزەکاندا مردن دەفرۆشن
ئەو شیعرانەی

ناتوانن برینی پەروانەیەک سارێژ بکەن
ئەو چیرۆکانەی
خوێنەر قایل ناکەن بە هەڵاتنی خۆر
هەموو ئەمانەم پێکەوە رەتکردەوە
تەنها ئەوەی نەمتوانی رەتی بکەمەوە
خانمەکەم
گەردەلولی هەڵکردووی دڵی تۆ بوو
شاعیرێک بووم
دوای رەتکردنەوەی هەموو شتێک
وەک زریانێکی شپرزە و
سەرلێشێواو هاتم
لە باوەشی میهرەبانی تۆدا
هێور بوومەوە
وەک کۆمەڵێک
وشەی پەرش و بڵاو هاتم
لە ئامێزی تۆدا
بوومە کتێبی خۆشەویستی

٢٠١٩-٥-١٨
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## چاوەڕوانی ژنێک بووم

چەندان ساڵ
تەرمی خۆمم بەشانمدا دابوو
شار بە شار
ولات بە ولات
لەگەڵ خۆم دەمگێڕا
نەمتوانی لە هیچ پاسارێکی غەمگین
لە هیچ گۆڕستانێکی مەلول
ئەسپەردەی بکەم
چاوەڕێم دەکرد لەدڵی ژنێکدا بینێژم
چەندان ساڵ
کاروانچییەکی چاوەڕوان بووم
هەگبەم دیوانێک شیعر و
دڵێکی بەخورپە داپۆشراو بوو

نەمتوانی یەک دێڕ شیعر
بۆ هیچ ئێوارەیەکی لێو بەبزە بخوێنمەوە
دڵیشم
بۆ هیچ ئەستێرەیەکی خامۆش بکەمەوە
چاوەڕوانی دەرکەوتنی ژنێک بووم
لەوسەری ئەوسەری دنیای لێڵی منەوە
لە دەم کەلی بێهودەییەکانمەوە هەڵبێ
شیعرەکانم بگرێتە باوەش
پەڕە پەڕە خورپەکانم بخوێنێتەوە
چەندان ساڵ
بە گەشتە دوورەکانەوە خەریک بووم
جارێک لە ناو کتێبێکدا ون بووم
جارێکی تر
لە فڕۆکەی جوانی کەوتمە خوارەوە
جارێکی تریش
لەژێر دارچناری قەدەغەدا خەوم لێکەوت
هەموو جارێک
سەفەر رەنگی هەڵدەپڕوسکاندم
لە هەموو گەشتەکانمدا
هەر چاوەڕێی ژنێک بووم

هاوسەفەرم بێت لە شەمەندەفەری ئەویندا
رۆژووی تەنهاییم لەگەڵ بشکێنێ
گۆرانی بۆ بڵێم کاتێک پێدەکەنێت
لە گۆمی دڵخۆشیمی هەڵکێشم
ساتێ خەفەتبار دەبێت
بیخەمە بەر رێژنەی ماچ
کاتێک تینوو دەبێت
چەندان ساڵ
کتێبی گریانم دەخوێندەوە
لە ژێر هەر وشەیەکیدا
دەریایەک فرمێسکم رشت
لە پەنا هەر پیتێکیدا هەزاران هەنسکم دا
لە کۆتاییدا کتێبێکم نووسی
بە پەڕەمووچی پێکەنین
نەمهێشت هیچ کەس
ئەو کتێبە بخوێنێتەوە
نە «با»یەکی سەرکێش
توانی پەڕەیەکی لێ هەڵبداتەوە
نە باران توانی بە ئەسرین بیخوسێنێت
ژنێک

لە باکووری زەردەخەنەوە پەیدا بوو
لە نێوان دێڕەکاندا خۆی ون کرد
هێشتاش نەگەیشتە ئەو دێڕەی دەڵێت
خۆشم دەوێی بە هەموو حەسرەتەکانتەوە
چەندان ساڵ
موریدی تەریقەتی پایز بووم
چی گوڵی تازە شکۆفەکردبوو وەرین
چی مەتەڵەکانی ژیان بوو
رەنگی خۆڵەمێشیان گرت
چی میوەکانی هەستم هەبوو
یەک یەک گەنین
ئا لەم وەرزە خەزاناوییەی تەمەندا
چاوەڕێی ژنێک بووم
لە رەگەزی یاسەمین
لەسەر بەرماڵی زەردهەڵگەڕاوی پایزییم
نوێژی بەهاری عیشقێک داببەستێت
لەم وەرزی وەرینەدا
بمخاتەوە حاڵی چرۆکردن
لەم گەڵاڕێزانەی عومردا
گیرفانم پڕ بکات لە هەنجیری ژیان

بەستەڵەکی ئەم تەنهاییە قاقڕەم
بە هەتاوی ژوانێک
بکاتە خۆرهەڵاتی ئاوەدانی
چەندان ساڵ
لە مەیخانەیەکی زۆر دێرین
شیعری «خەیام»م دەخوێندەوە
فاتیحام بۆ هێشووە ترێ دەخوێند
لەگەڵ فڕکردنی هەر پێکێک شەرابدا
خۆزگەیەکم لە دایک دەبوو
لە هەر هەناسەیەکی ئانی مەستبووندا
خەیاڵ بە باوەشی ژنێکەوە دەیبردم
چاوەڕوانی ژنێک بووم
قوم قوم ماچم لەگەڵ بخواتەوە
تەنهایی لە چاوەکانم بتەکێنێت
لەسەر شانۆی ئارەزووەکانم
سەما بکات
لە دارستانی شیعرمدا
نەمامێکی ساوا بڕوێنێ
لە ناو نوێنی عاتیفەمدا
بە خەونێک دوو گیان بێت

خەونێک کۆرپەی شیعرم
تێیدا بکەوێتە سەرپێ و
هەتاوی نیگام
لە ماڵی چاوم بێتە دەرەوە
چەندان ساڵ
لە بن درەختی زڕی
غوربەتدا گەوزابووم
هەناسەکانم
بۆنی بەفری مەنفایان لێ دەهات
ئەندێشەکانم
ببوونە گوڵدانی مرۆڤێکی ئاوارە
گەڵای زەردەخەنەکانم
دەوەرینە حەوشەی بێکەسییەوە
لەشی عیشقم
دومەڵی پەرتەوازەیی دەرکردبوو
لێوی پڕ بزەی پێشووم
گریانی لێ دەباری
ئا لەم ساتەوەختە پڕ وەیشوومەیەدا
چاوەڕوانی ژنێک بووم بە شمشێرێکەوە
قڵشت بخاتە نێوان من و تەنهاییەوە

گریان لە چاوم جیا بکاتەوە
دەستی ئەو ئاگرە بێ دووکەڵە وەڕسە ببڕێت
بە هۆی بێ نیشتمانییەوە سزام دەدا و
بە زیندوویی دەمسووتێنێت
لەشی ئەو ئیبلیسە
هەپروون هەپروون بکات
بە هەنگوینێکی ژەهراویی
هاتە بن کلێشەم و
جانتای سەر هەڵگرتنی
بەرەو هەندەران دایە دەستم

سەرەتای بەهاری ٢٠١٩
بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتایسۆنی نۆرۆلۆگی

# ڕەشنووسی شیعرێکی بزرکاو

من بوونێکی ڕاستەقینەم نەبوو
بوونەوەرێکی وەهمی بووم
ژنەکان لە ڕۆحیاندا خولْقاندیانم
بە نازەوە گەورەیان کردم
من وەک کاسپەر
بەنێو هەموو کات و زەمەنێکدا
بەنێو ئەستووریی دیوارەکاندا
بە ئاسانیی تێدەپەڕیم
بوونێکی بەرجەستەم نەبوو
هەر لە تویی کتێبەکاندا
وەک دەقێکی خەیاڵی نووسرابوومەوە
چیرۆکێکی ئەفسوناویی بووم
لە پەنا و گوێ ئاگردانەوە داتاشرابووم
قالۆنچەیەکی زەبەلاح بووم
لە منداڵدانی کافکاوە هاتبوومە دەر

زۆر جار لە ڕێستۆرانتەکاندا
پیتزا یان ئەدەنە کەبابم دەخوارد
ئەوەی پارووی دەجوی
من نەبووم
منی ڕاستەقینە بە گەدە بەتاڵی
لە ژێرزەمینی دڵەڕاوکێدا یەخسیر بووم
بەردەوام لە دۆنادۆندا بووم
لە پێستی کوڕی ماڵە هەژارێکەوە
بۆ سەر سفرەی پڕی خانەدانێک
لەوێوە بۆ لێقەوماوێکی سەرجادە
هەمیشە گەشتم دەکرد
بەنێو خۆمدا
خۆم لە هیچ جێگەیەک نەدەبینییەوە
ژنە عاشقبووەکان
پیاوە ئیرەییبەرەکان
منیان لە قوڕێکی خورافی دروست کرد
هەر خۆیان بە نەفرەتیان کردم
وەک ئیبلیس لە خۆیان بێبەرییان کردم
لە ئاسمانی سەفاوە
بۆ خەرەندی شیوەن فڕێیاندامە خوارێ
لەم سەرزەمینە کارێکم نەبوو
کۆڵەپشتم کیلۆیەک چکلێتی شیعر و

چەند گرامێک یاقووتی هەست بوو
خۆم دەمزانی کائینێکی سەیرم
هەموو ژنانی دنیام خۆشدەویست
ژنی رەش ئەسمەر
ژنی چاو کەسک
ژنی باڵابەرز
ژنی قژ کاڵ
ژنی زوڵف لوول
ژنی سپی پێست
ئەوەی لە کۆتاییدا تێیگەیشتم
هەر ژنێکی شەرمنە
لە قووڵایی دڵیدا هەڵیگرتووم
بۆنی هەموویانم بەوەوە کرد
بە باشی دێتەوە بیرم
ژنەکان فریویان دام
منیان لە وڕێنەکارەوە کردە
شاعیرێکی گەورە
ئەو تێکستە قۆڕانەی
لە بێ تاقەتی خۆمدا دەمنووسین
بە شاکار وەسفیان دەکرد
بەسەریدا دەتوانەوە
هەندێک رۆحیان فیدا دەکردم

هەندێک بە شاسواری خەونەکانیان
لە قەڵەمیان دەدام
هەندێک بە میری شاعیران و
ژەنەراڵی عەشق
ناوزەدیان کردم
هەندێکی تر منەتیان دەکرد
لە چاوەڕوانی دەرکەوتنمدا
پرچی سپیان هۆنیوەتەوە
ئاە من هێندە رووشکێن نەبووم
لەسەر ئەم رووپامابیە سەخیفە
تەریقیان بکەمەوە
هێند رووگیر بووم نەمدەتوانی بڵێم
درۆکانتان
مێشکی شیعری بردم
نەمدەزانی بەچی فۆنەتیکێک
تێیانبگەیەنم
کۆمەڵێک کەلاوەی دڵتەنگن
لە پشت تەلاری سۆزی منەوە
خۆیان مەڵاس داوە
نەمدەزانی بە زمانی چ سەردەمێک
راستییەکە وەک درک
لە زمانی هەراشیان بچەقێنم

بە بێ رووشاندنی پێستی ناسکی شیعرم
لە رێی دەقێکەوە تێیانبگەیەنم
پێرێک تەرمی نێو جەنگی پیاوەکانی ترن
دڵتان لە شوێنێکی ترەوە کوناودەر بووە
لەم گیانەڵایەدا
بە لاف و گەزافەوە
دەتانەوێ لە تیانووسە بەسامەکەمدا
وەک دوا پەناگە بسرەون و
بە دەقە تەڕەکانم
ئاورشێنی چیمەنە وشکەهەڵاتووەکانتان بکەن
نەمدەتوانی پێیان بڵێم
پیاوێکی سۆزانی نیم
راشکاوانە داوای شەوێکی سوور بکەن
پێویست بەوە ناکات
بە درۆی خۆشەویستی گێژ و وڕم بکەن
چاک وەبیرم دێتەوە
چۆن بە دەست خۆم و
ئەو ژنانەوە گیرم خواردبوو
وەک گروپە هەنگ
شیلەی هەڵاڵەی شیعریان دەکرۆژتم
مرخیان لە گەنجیی و
بێ نەواییم خۆش کردبوو

هەردەبوو کەتنێک بکەم
یەک یەک لە بێژنگیان بدەم
ئا، کەتنێکم نایەوە
رەنگە ئەمێستا بیرتان بێت
پێش چەند ساڵێک
چ کەتنێکی گەورەم نایەوە
وەک ئەوەی پەردەی ئۆزۆنم دڕاندبێت
یان بۆمبی ئەتۆمیم تەقاندبێت
نەفرەت وەک بارانی بەهار بەسەرما باری
خۆم دەبینی
لە هەمان ئەکشن و حاڵی عیسادا
لەو دەمەی بە سوکایەتییەوە دەیانبرد
بۆ لە خاچدان
برادەرەکانی خۆیان شاردەوە و
حاشایان لە ناسینی کرد
ئاە عیسای هاوڕێم
من جگە لە تۆ
لە مریەمی مەجدەلیش دەچم
تۆ لە کوێی پێیان بڵێی
کێتان فریشتەیە
یەکەم بەرد ئەو تێی بگرێت؟
ئەو ئانەی کەوتمە بەر بەردبارانی

ڕێوییە خوێڕییەکانی سیاسەت
بە تەنیا دەگریام
هەموو پێدەکەنین
بە تەنیا مامەوە
هەموو ڕۆشتن
بە تەنیا ئازارم دەچەشت
هەموو ڕوویان وەرگێڕا
ئەو دەمەی لەژێر ئەو شاخە بەردینەدا
وەک سەگێکی تۆپیو پلیشابوومەوە
کەس نەیدەوێرا
خۆی لە قەرەم بدات
تەنها ژنێک نەبێت
لە کونی کلیلی دڵەوە
تەماشای دەکردم و
هێندە بێ دەسەڵات بوو
تەنها فرمێسکی بەسەرما دەچۆڕا و
وەک بەورێکی زامدار
تینوویتیم پێی دەشکا
هەموو ڕۆشتن
هەموو بێدەنگ بوون
ڕێتان دا، تاژیەکانی حزب
وەک سیخوڕێکی بەدفەساڵ

بمخەنە قەفەزی تۆمەتەوە
بەڵێ، حاشا ناکەم
سیخوڕیم دەکرد
بەسەر دەریاوە بۆ مانگ
سیخوڕی بەهەشتنشینان بووم لە دۆزەخ
سیخوڕی ژیان بووم بەسەر مەرگەوە
ئێوە هەر تێنەگەیشتن
دڵخۆشم بەوەی لێم تێناگەن
کاری من لەوێدا تەواو دەبێت
لە من حاڵی ببن
ئێوە بۆ ئەوەی لێم تێبگەن
دەبێت فامی ئەوە بکەن
ئەو وەختەی نەفرەتتان لێکردم
هەموو قاقا و قریوەتان دەهات
من غەرقی ئەسرین بووم
تۆڵەی ئەو فرمێسکە تیمساحیەتان
لێکردمەوە لە ئانی کەتنەکەدا
وەک ریایی رشتان
هیچتان بیرتان لەو گریان هەقیقییە نەکردەوە
سەرئەنجامی کەتنەکەی کردە کۆمیدیا و
منی تێدا قەشمەر بووم
هەمووتان، بەڵێ یەک بە یەکتان

دەرزی لە زمانتاندا بوو
میزەڵانی دنیا خەیاڵییەکەمتان تەقاند
ماڵە وەهمییەکەمتان رووخاند
کە ئارەزووی دوا بەیەکتان بوو بێنە ناوی
ئێوە هیچ کات لە من تێناگەن
هەروەک ئەوەی کتێبەکانم
بە خەتی هێرۆگلیفی نوسرا بن و
بە زمانی خێڵەکانی ئەمازۆن بدوێن
کەس کەستان حاڵی نابن
هەمیشە وا خۆتان نیشان دەدەن
شێتەکانتان وەک مرۆڤی رۆح سوک
تا ئەوپەڕی خۆش دەوێن
ئەی چۆن شەرم ناکەن
لەسەر شێتییەکانم
کە لە حیکمەتەکانی ئێوە جوانترن
سزاتان دام و
لە مەڵبەندی خۆتاندا دەرتانکردم؟
ئێوە هێشتا نازانن
پێش ئەوەی ئێوە تورِم بدەن
وەک خواردنێکی پیسی ناو گەدەم
لە رشانەوەیەکدا فرێمداون
ئێوە لە کتێب تێناگەن

خوێندەواریتان ئەوەندەیە
مێژووی میرە جەلادەکان بخوێننەوە
عەقڵتان هەر ئەوەندە بڕ دەکات
کتێبەکانم وەک زوخاوێک ببینن
پیاوێکی سیکۆپات
پیاوێک لە ئاگری قورەت
کردوویتە ڕێبەری نەزعە شەڕەنگێزەکانی
نا وانییە
ئێوە دەبێت
لە نێو دەقەکاندا بمدۆزنەوە
لە شەربەتی کتێبدا تامم بکەن
لە ژێر ساباتی شیعردا بمبینن
هەرگیز ناتوانن بگەنە من
ناتوانن تۆزی درۆ
لەسەر فۆتۆ راستەقینەکەم بسڕنەوە
ناتوانن ئەو گەردانە لاببەن
وەک تەمێکی رەش
ناوبانگی منیان داپۆشیوە
ئێوە هەرگیز لە من تێناگەن
منیش توانای تێگەیاندنی کەسم نییە
ئەو بۆشاییە بۆ هەمیشە
لە نێوان من و ئێوەدا دەمێنێتەوە
هەرگیز نە بە خۆم

نە بە هیچ کەسی تر پڕ ناکرێتەوە
ئای لە بۆشایی
ب
ۆ
ش
ا
ی
ی

****

*ڕەنگە ئەم تێکستە هیچ کاتێک نەبێتە شیعر، کەچی توانیوویەتی ئازارەکانی من لە خۆ بگرێت و مانیفێستیان بکات. ئەم دەقە حکایەتێک دەگێڕێتەوە بە ژیانی تاڵی منەوە نووساوە، شەڕە لەگەڵ ئەو مۆتەکە بێ حەیایەی سواری سەری خەونە ئاڵەکانم دەبێت. ژنەکان لێرەدا ئاماژەیە بۆ دەستەیەک ژن لە جیهانی ریالیتەدا کە بەریەککەوتن و ناسینم لەگەڵیاندا هەبووە، هەموو ئەوانە لە بوونەوەرێکی ناسکەوە بەهۆی هەڵەیەکی ساکاری منەوە بوون بە مێردزەمە و جەلادی ڕۆحی پەروانەییم.

٢٠١٩-٧-١٧
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## ڕێم بدەن منداڵ ببمەوە

چی دەبوو
خوا بیکردبایە منداڵ ببمەوە؟
جارێکی دیکە
بە قادرمەی تەمەندا بۆ دواوە شەقاوم بنابا
خۆم دەمزانی چی دەکەم لەناو منداڵیدا
هەرگیز خەونم بە گەورەبوونەوە نەدەبینی
میلی کاتژمێری زەمەنم دەوەستاند
پێویستی نەدەکرد گەورە بم
پێویستی نەدەکرد لە منداڵی بترازێم
ئێستاش تامی نوقڵی شەوی بەرات و
چکلێتی جەژنان هەر لە دەممدا ماون
چۆن هێندە خێرا گەورە بووم؟
دوێنی بوو
گۆڵچی تیپی فوتبۆڵی گەڕەک بووم
ئەمڕۆ ریش چەرمۆی بازاڕی ژیان
دوێنی بوو

بەدەم خواردنی لەفەیەک قاورمەوە
لە ژێر دارهەناری حەوشە خەوم لێ دەکەوت
چۆن ئەمڕۆ بووم بەم پیاوە کامڵەی
لەو گەڕەکەی تێیدا لەدایکبووم
کوڕ و کاڵ بە خاڵۆ خاڵۆ بانگم بکەن؟
دوێنی بوو لەسەربان دەنووستم
چاوم دەبڕییە ئەستێرە درەوشاوەکان
لە خەونیشمدا
دەمکردنە ملوانکە بۆ دایکم
چۆن ئەمڕۆ لاجانگم بەفری بەسەردا باری و
لە ناو دەفتەری بیرەوەرییدا بورامەوە؟
دوێنی بوو وا بیرم دەکردەوە
جیهان بەو پانوپۆڕییەوە
هەر نێوان شاخەکانی ئەزمەڕ و بەرانانە
چۆن ئەمڕۆ
تەڵیسمی ئەو هزرە رەوینەوە
بە فڕۆکەیەکی رزیوی هێڵی ژێرمانیا
سنووری وڵاتان دەبڕم؟
چی دەبوو ئەژدیهای ناو یاری
مار و پەیژەی گەورەیی قوتی دابام
لە خانەی یەکەمی لە دایکبوون فڕێی بدابام؟
من چیم لە هەڵکشانی تەمەن دەست کەوت
جگە لە گۆڕانی دەمانچە ئاوییەکان

به چەکە ئێسک تاڵەکانی ئێستا؟
من چیم لە خەونەکانم هێنایە دی
جگە لە قەڵەوبوونی ژمارەکانی تەمەن و
لاوازبوونی ئاسکەکێوی جوانیی؟
من چیم لە تێپەڕین بەنێو ساڵەکاندا
دەست کەوت
جگە لە ڕەتبوون بەنێو چەرخێکی کوێر و
ئاوڕنەدانەوە لە خۆڵەمێشی خەونەکان
من چیم لەم گەورەبوونەی لەش دەست کەوت؟
جگە لە دابەزین لە وێستگەی مەراق و
گوڵەوەچنی پەرچنەیەک لە ئازار؟
چی دەبوو ئەگەر گەورە نەبووبام؟
چیم دەدۆڕاند لە گەورەییدا
جگە لە ددانە کلۆرەکان و چاویلکەیەک؟
چیم لە کیسە دەردەچوو
بێجگە لە مشتێ پارەی ئاسن و
تۆفانێکی شاراوە
لە ژێر پێڵووی چاوەکانمدا؟
چیم هەبوو لێم زەوت بکەن
بێجگە لە پایپێکی چڵکنی رزیو و
پەرستگەیەکی بێ ناونیشانی
ناو تەمی مێژوو؟
ئاە خودایە چۆن منداڵیم تێپەڕی؟

بۆ ناهێڵیت جارێکی دیکە
دایە گەورەم
بەرچایی بخاتەوە بەردەستم و
بە گۆرانی جادە و چۆڵ و سێبەر بوو
لە خەو رابم؟*
بۆ ناشێ ئەم زەمەنە
بۆ دواوە بگەڕێتەوە؟
هەروەک چۆن چیاکانمان
بۆنی بیابانیان گرتووە
منیش بگەڕێمەوە
گەڕەکی خەونە ئاڵەکان
لەوێ مامۆستا ولیەم**
فێری نۆتەی ژیان و موزیکم بکاتەوە
مامۆستا فرانسیس***
گوێ بۆ مەقامێکی حیجازم بگرێت
دەستم بگرێت بۆ ناو کەنیسەی مریەم عەزرا****
ئاە خودایە
بۆچی نابێت ئەم ماشێنی ژیانە بەگێک دانێ
تێیدا من لە قوتابخانەی بەرانان*****
لە ریزبوونی قوتابخانەکەماندا
دەستەسڕەکەمم بیرچووبێت
مامۆستا محێدین******
بە لەسەرخۆیی بڵێ ئەمە دواجارت بێ

دواتر بەبەردەم ماڵی کەژاڵ ئەحمەددا*******
بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و
بەرد بگرمە تووی ماڵە دراوسێیەک
ئاە خودایە بۆ ڕێگە نادەیت منداڵ ببمەوە؟
ئێستا ناتوانم
هۆکارەکانت یەک یەک بۆ بژمێرم
تۆ ڕێگەم بدە
ئەم جارە بگەڕێمەوە منداڵی
لەوێ لە ناو منداڵیی، بە میکانۆکانم
ماڵێک لە پاکیزەیی چێ دەکەم
ناهێڵم شاعیرەکان بێنە ژوورەوە
ئەوان تەنیا لە نێو دەقەکانیاندا جوانن
ناهێڵم نووسەرەکان سەری پێدا بکەن
ئەوان لە کتێبەکانیاندا دەدرەوشێنەوە
لە دەرەوەی تێکست کۆمەڵێ مەیمونن
ناهێڵم سیاسییەکان بێنە ژوورەوە
نەبادا دیوارەکان بۆنی ناخۆشیان بگرن
ناهێڵم قەشەکان پێ بنێنە ناوی
ئەوان لەهەر کوێ بن گڵاوی دەکەن
ناهێڵم بازرگانەکان
لەناو ژووری میوان پاڵ بدەنەوە
ئەوان ژمارەگەلێک دەستی چەپەڵن
ڕەگی گولی وجودن

تەنها ڕێ دەدەم
عاشقەکان تێیدا بحەوێنەوە
لەناو هەیوانەکەیدا ژوان ببەستن
لە باخچەکەیدا
چاو لە مەعشوقەکانیان نەتروکێنن
چی دەبوو خوا بیکردایە
منداڵ ببمەوە؟

٣-٨-٢٠١٤
ڕۆژی لە دایکبوونم و لە چاوەڕوانی نەشتەرگەرییدا
ئەڵمانیا- دوسڵدورف

*ئاماژەیە بۆ یەکێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی هونەرمەندی شەهید «قادر کابان».
**ئاماژەیە بۆ مامۆستا «ولیەم یوحەننا» هونەرمەندی ناوداری بواری موزیک، لە چالاکی قوتابخانەکان موزیکی فێر دەکردین. هونەرمەندی ناوبراو لەساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لەدایکبووە و ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد.
***مامۆستا فرانسیس داود، یەکێکی ترە لە مامۆستاکانی هونەری موزیک، یەکێکیشە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی موزیکی کوردیی. هیوای تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم و فەزڵی زۆری هەیە لەسەرم.
****کەنیسەی مریەم عەزرا کۆنترین کەنیسەی شاری سلێمانییە و دەکەوێتە گەڕەکی سابونکەران. کەنیسەکە ساڵی ١٨٦٥ دروستکراوە بەهاوکاریی «ئیلیا»ی بازرگان.

***** قوتابخانەی بەرانانی سەرەتایی تێکەڵاو دەکەوێتە گەڕەکی شێخ محێدین- شاری سلێمانی.

****** مامۆستا محێدین بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەرانان و دراوسێی ماڵمان بوو لە گەڕەکی سەهۆڵەکە.

******* ئاماژەیە بۆ خانمە شاعیر «کەژاڵ ئەحمەد» کە هەموو رۆژێک بەبەردەم ماڵی ئەواندا دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە و لەو کۆڵانەشدا ماڵێک هەبوون دارتوویەکی گەورەیان هەبوو هەمیشە تاکە نەعل یان بەردمان دەگرتە دارەکە تاکو توەکان بوەرێنە خوارەوە و بە تۆز و خۆڵەوە دەمانخواردن.

# ژنێک لەبەر دەرگای دڵدا

دڵم
دەرگایەکە هەمیشە ئاواڵە
بە رووی ئەو پەریە ژنەی
هەتاوم بۆ دەهێنێتە ژووره نسرمەکەمەوە
تەنهاییم بە دوو ماچ لێ دەکرێت
پەرێشانیم لە کانیاوی بزەدا دەشواتەوە
کتێبێک دەنووسێت
لە بارەی ئارەزووە تاساوەکانم
گوێ لە خورەی رژانی جوانیم دەگرێ
گریان لەسەر لاپەڕەکانی چاوم دەسڕێتەوە
ئەو هێڵە لۆچانە لەناوچەوانم دەکوژێنێتەوە
شوێنەواری زامی کۆچ بوون
زەمبیلەیەک خولیای ئاڵ
دەچۆڕێنێتەوە دەروونی بزر و بزرکاوم
بەدەستێکی بەهاریی

پەنجەرە پایزییەکانم دادەخات
زنجیر و پێوەندەکانی مەنفا
لە قاچەکانم دەکاتەوە
رووناکیم بۆ دەچڕێ
کاتێ بەختم رەش دادەگەڕێ
ئەستێرەم بۆ دەژەنێ
لە شەوانی تەڵخبوومدا
خۆرەتاوم بۆ دەخاتە سەما
لە رۆژانی وشکبوومدا
خوێنی زەردی
ختورە خەزانادوییەکانم دەڕژێت
بۆ چنگێک شەوق
سەر دەکات بەماڵی سەد فانۆسدا
وەک شۆڕەبی دەنوشتێتەوە بۆ لێوتەڕکردنێک
لە چەمە خەمبارەکانی روانینی ماندوومدا
وشکەساڵییەکانی خەیاڵم
تەژی دەکات لە باراناو
چاوەڕوانییەکانم پڕ دەکات
لە شەمەندەفەری هاتن
کاتژمێری دەستی گەردوون
پڕ دەکات لە پەلەپەل
مێژووی پەرتبوونم
لە خۆیدا کۆدەکاتەوە

جوگرافیای دابەشکراوی خەونەکانم
یەکدەخاتەوە
جوڵە دەخاتەوە هەنگاوە سڕبووەکانم
لەسەر شانۆیەکی نهێنی
سەمام لەگەڵ دەکات
گیان دەکاتەوە بەر رامانە کوژراوەکانم
گەرمی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاگرە کوژاوەکەم
دەستی هزرینە رەشتاڵەکانم دەگرێت بەرەو
باخچە سپییەکانی لەشی بریسکەداری خۆی
ئەو بۆشاییە زۆر گەورانە پڕ دەکاتەوە
بە ئەنقەست لەنێوان خۆم و ژیاندا
جێمهێشتوون
ئەو غەمە قورسانە لا دەبات
لەوەتی لەدایکبووم
ژیانم بە شانی هەڵیگرتووە
ناواخنی تازە
بە تێکستە تاڵەکانم دەدات
لەناو رووباری ماچەکانیدا
شیرین شیرینیان دەکات
موعجیزە دەخوڵقێنێت و
بە جادووی نیگاکانی
دنیای مردووی روانینم
سەرلەنوێ زیندوو دەکاتەوە

ئولفەت بە خۆشەویستیمەوە دەگرێت
تەنانەت لەو کاتە نەفرەتلێکراوەی
دەستی خواحافیزیی
بۆ ژیان بەرز دەکەمەوە
موچڕکە تەزیوەکان بە لەشیدا دێن
لە چاوەڕوانی هاتنەوەمدا
کزۆڵانە ئێشک دەگرێت
ئەو دەمەی لە پێچی شیعرێکما بزر دەبێت
لە رۆحی هەڵپڕوکاومدا
بەدوای خۆیدا دەگەڕێت
ئەو ئانەی ئاهێکی ساردم دەبیستێت
گوێیەکانی پڕ دەبن لە زریکەی خۆی و
دەبێتە گەرووی زولاڵی عاتیفەم
کاتێ خودی خۆمم
لە بیابانی قاقڕی وجوددا لێ ون دەبێت
لە ناو گوڵستانی سینگیدا دەمدۆزێتەوە
ساتێ هەست بە دەعجانیبوونی خۆم دەکەم
بە سەدایەکی لە لۆکە نەرمتر پێم دەڵێت
لێرە رووخساری بریقەدارت چاو لێبکە
دادەچڵەکێت
بەو ئەندێشە بێهوودانەی هانم دەدەن
لە چیای نیگەرانییەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە
بە شەپۆلێک ئەسرینی شنەداری شەرمن

دەمگەڕێنێتەوە گڕوگاڵی یەکەمین ژوان
کاتێک لە دەرەوە بەهەشتێک دەبینێت
لەناوەوەش کەلاوەیەکی داڕوخاو
لە حەوزی لەززەتم هەڵدەکێشێت و
دەمکاتەوە بە خۆمی راستەقینە
بەڵێ، من هەمیشە دەرگاکەم ئاواڵەیە
بۆ ئەو ژنە رەنگ نێرگزییەی
لە بەردەم دەرگای هەستمدا
لە مێژە راوەستاوە
زۆر دەمێکیشە لە دەرگا دەدات

٢٠١٩-٥-٣١
بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتایسۆنی نۆرلۆگی

## دانپیانانێکی درەنگوەخت

پێی لێ دەنێم
ئەژدیهای کارەسات لوشی داوم
ژیان چەواشەی کردووم
گەرنا مردن هێندە خراپ نییە
دوای فیشکەی ماری غوربەت کەوتم
نەمزانی
لەملاوە ژار لە لەشی نیشتمان دەکرێ
حەزحەزەکانی ناخم
ناهێڵن لەسەر رانی وڵات وەنەوزێک بدەم
ناوبژیی لە نێوان خۆم و ژیاندا دەکەم
لەولاوە زەمەن خۆی بەتاڵ دەکاتەوە
لە لاوکە شیرینەکانی خۆشنودی
سەرم هەندێجار لە رەقیدا گاشەبەردێکە
زۆرجاریش باوڵێکی پڕ حیکمەت
هەمیشە گۆرانییەکی هیلاک لەناویدا
بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە

چاوم زینا لەگەڵ سەفەر دەکات
گوڵە شەوبۆی تێڕامانم
ملی لە چەقۆی دابڕان دەسوێت
یاساوڵەکان چاودێریی شیعرەکانم دەکەن
نەکا بێ رووخسەت وەرگرتن
کۆدەکانی عەدەم
لە باوەشی وجوددا بکەنەوە
زەمەنێکە زەینم کوێر بۆتەوە
تەنانەت ئەو شەوانەشی نایەتەوە یاد
ئاسمانم دەتەکاند و
ئەستێران بەردەبوونەوە نێو چاوەکانم
ماڵی چۆڵی خەونەکانم
سێڵاوی زەمەنێکی سۆزانی بردوویەتی
لەسەر خاکی ئایندەیەکی مات دەگیرسێتەوە
چاوی رۆژگارم سوور هەڵگەڕاوە
گوێم لە کزەی جەرگی پەروانەی رۆحمە
لەناو گڕی قەدەردا قرچە قرچی دێت
دەریای ئارەزووەکانم بێدەنگە
مرواری خۆزگەیەک تێیدا نادرەوشێتەوە
لە فارگۆنی دواوەی شەمەندەفەری ژیاندا
وەک بەردێک لە شوێنی خۆم رەق هەڵاتووم
بیرم لە هیچ شتێک پێ ناکرێتەوە
هیچ شتێک بیرم پێ ناکاتەوە

هەموو ڕێگاکانی لەززەت خۆڵاوین
بەهەر کامیاندا هەنگاوم نا
سییەکانم پڕ بوون لە تەپوتۆزی وەڕزیی
کاتێک نیشتمان ببوو بە ئاو
وازیم بە ئاگری سەرهەڵگرتن دەکرد
کاتێک نیشتمان ببوو بە ئاگر
ببوومە چەمێکی بێ ناز لە مەنفا
لەسەر قەرەوێڵەی کەنەفتی پاڵ کەوتووم
پزیشکەکان بەدوای نەخۆشییەکەمدا دەگەڕێن
بیریان چووە ژیان خۆی نەخۆشە
ئەگەر فریای نەکەوین جوانەمەرگ دەبێت
لەوەتەشی بیرم دێت
غەمێکی ئەزەلی بەخۆیەوە دەمگوشێت
پەراسووی حەزەکانم وردوخاش دەکات
لەناو ئارەقاوی خەونێکی نەبینراودا دەخنکێم
خۆ ئیدی خەونێک نەماوە بیبینم
من نەماوم خەونێک بمبینێت
مەرگ هەموو ڕۆژێک پەنجەی هەڕەشە
بۆ تەمەنم بەرز دەکاتەوە
من دەلەرزم و لێی دەپارێمەوە
پێش ئەوەی وەک دووپشکە پێمەوە بدات
بەرلەوەی ڕەشەبا ئاسا گسکم بدا
مۆڵەتم بدا سەر بنێمە سەر سینگی یار

خۆم دەستی بگرم و بڵێم دەی بابڕۆین
لەوتەشی هەست بەبوونی خۆم دەکەم
لۆمە دەکرێم لەسەر شێتییەکانم
بەهۆی ئەوەی سەرخۆشم لە رۆژدا
هەمیشە بێدارم لە نیوەشەوەدا
ئەوان نازانن رۆژانە لەگەڵ خۆمم
شەوانیش لەگەڵ ئەو خەیاڵانەی
دەمگەیەننە باوەشی مەعشوق
نهۆ دان بە هەموو شتێکدا دەنێم
پەنجەی پەشیمانی دەگەزم
نەمتوانی وەک دڵۆپە شەونمێک
بڕژێمە نێو مەمکەکانی یارەوە
نەمتوانی وەک ئاوازێکی بۆنخۆش
بخزێمە قورگی ژنێکی چاوەڕوانەوە
نەمزانی چۆن سەرەتای یەکترناسینمان
بکەمە دوماهی رابردوویەکی خەواڵوو
نەمزانی چۆن کۆتایی ئەم شەرمنییە
بکەمە سەرەتای هەڵسانی زێی ماچ
پێی لێ دەنێم
رستەیەک هەیە لە دەمدا زیندانم کردووە
نەدەتوانم کەلەپچەکەی بکەمەوە
نەدەتوانم قووتی بدەمەوە
ئاە چ رستەیەکی ئاگراوی

ناو رێزمانی ئیرۆسە
خۆزگە دەمتوانی
لەبەردەم ئەو ژنە بوەستم
رووقایمانە پێی بڵێم
هەروەک رۆحت
وەک پێکەنینەکەت
وەک میهرەبانیت
لەشی رووتتم خۆش دەوێت

٢٠١٩-٧-٥
بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتایسۆنی نۆرۆلۆگی

# ژنێک خۆشی دەوێم

ئای چەند ئەو ژنەم خۆشدەوێت
چارەنووسم بە دڵیدا دێتە خوارەوە
دەستە نوقاوەکانی تەنهاییم
لە مێرگی سینگیدا دەکرێنەوە
لە شەوانی رەنگ پەڕیوی فیراقدا
لە درزی موحیببەتەوە لێم دەڕوانێت
منداڵە لاسارەکەی هەوەسم
بە سەرنجێکی بەناز ژیر دەکاتەوە
پێکەنینە گڕگرتووەکانی رۆحی
لەنێو جانتای پەژارەکانم جێدەهێڵێت
گریانە ئاڵۆزکاوەکانی ئۆغرکردنم
لەنێو رەشایی پرچەکانیدا دەشارێتەوە
چەخماخە سەوزەکانی نیگام
لە چاوە خومارەکانیدا دەخوێنێتەوە

تووند بە باوەشی خۆیەوە دەمنووسێ
کاتێ لورەی گورگی مەرگ دێت
لە تێپەڕینم بەناو مەرزەکانی سەرهەڵگرتن
بەرەو ناوەوەی خۆم
سنووورداشم دەکاتەوە
لە بن سێبەری دارگێلاسی ماچدا
دڵۆپ دڵۆپ رۆندکەکانم دەخواتەوە
ئەو دەمەی ستایشی هەتاو دەکەم
وەک چیایەکی بەفرین دەتوێتەوە
ئەو دەمەی باسی وشکبوونەوە دەکەم
چەشنی رووبارێکی بزێو دێتە بەردەمم
ئەو دەمەی عەشق لەمندا کاڵ دەبێتەوە
عاتیفەم بە ئەوینی خۆی تۆخ دەکاتەوە
ئەو دەمەی سەرم لە مەیخانە بزر دەبێت
لەناو ئاونگی مەمکەکانیدا دەیدۆزێتەوە
ئەو دەمەی لەشکری ماتەم وجودم تاڵان دەکا
ئاڵای ژیان لەسەر تەمەنم بەرز دەکاتەوە
ئەو دەمەی دەریالووشی بێدەنگی قووتم دەدا
لە سەحرای هەنسکەکانمەوە هاوار دەکات
ئەو دەمەی پەنجەرەی غەریزە تەڵخ دەکەم
بە ئاوریشمی شەوێکی لێکئاڵان دەیسڕێتەوە

ئەو دەمەی رۆژەکانم دەبنە گرێکوێرەیەک
وەک پرچی هزرێکی شێواو
یەک یەک دەیانکاتەوە
ئەو دەمەی لەسەر جوگرافیای عەشق ون دەبم
کون و قوژبنی شیعر بە دوامدا دەگەڕێت
ئەو دەمەی بڕیاری کۆچ دەدەم و دەڕۆم
سۆراخم لەو پاپۆڕە شکستخواردووانە دەپرسێت
لە لیتاوی کەناری خەونێکی بەدینەهاتوودا چەقیون
ئەو دەمەی دەروازەکانی ئەندێشەم دادەخەم
هەوڵی فەتحی شارە مێژوویەکانی خەیاڵم دەدات
ئەو دەمەی ئاگر لە خەڵوزی لێوەکانم بەردەدەم
مینا شنەبایەکی میهرەبان بەرەو رووم هەڵدەکات
ئەو دەمەی گەدەی فکرم
پڕ دەبێت لە کێمی پووچیی
خەیاڵدانم دەئاخنێت
بە دەیان پرسیاری گەشبین
ئەو دەمەی لەسەر شانۆیەکی مەلوول
بەردەبمەوە نێو دۆزەخی حەسرەت
دەستم دەگرێت بۆ نێو بەهەشتێک
لە رەنگی نیشتمان و
لە چەشنی ژنێتی خۆی و

بە نازێکی تەواو ژنانەوە

دەچرپێنێتە گوێم

ژیان هەر ئەوەندەیە

لەگەڵ من بەسەری ببەیت

ئاە، خودایە

من ژنێکی ئاوهام خۆشدەوێت

ژنێکی ئاوها خۆشی دەوێم

٢٠١٩-٤-١٤

بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

شتایسۆنی نۆرۆلۆگی

# ئەی یار وا تێمەگە

وا تێمەگە ئەمە تەنیا خەیاڵێکە
نا، من چیتر گۆرانی مەرگ ناچڕم
تا ئەو کاتەی نقومی لەشی تۆ بم
هەموو ئەو شیعرە نائومێدانەشم
بەدوای هیوای رۆژێکەوەن
لێوەکانمان بۆنی یەکتر بگرن
ئەو ئاوازە زۆر جار غەمگینەی
لە توێی وشەکانمەوە دێت
مانای تەرکدانی ژیان نییە
واتای ماراسۆنیش نییە بەرەو مەرگ
نا، ئەمە حەسرەتی دوورییە
لە نیگاری خۆرەتاوی باڵات
ئەو وڕێنانەی لە شەودا دەیانکەم

ونبوون نییە لەناو قەرەباڵغی بەرلین
نا، گەڕانە بەدوای رۆژێکدا
لەسەر لەشی رووتت
نەخشەی نیشتمانی لەززەت بدۆزمەوە
وا تێمەگە ئەمە تەنیا دەردەدڵێکە
خۆشەویستیت ئاگرێکی پرتەقاڵییە
لە سەوزایی دەشتی خەونەکانم بەربووە
جوانیت جادووی هاروت و مارووتە
لە ژیانی عەوداڵ و گەڕۆکم کراوە
ماچە تامەزرۆ شەرمنەکانت
ئەستێرەن بەلێومەوە دەدرەوشێنەوە
هەڵکردنی شەماڵی سینگ و بەرۆکت
کوژانەوەی تووڕەییەکانمی بەدەمەوەیە
ئەو پەنجانەی گیتاری دڵتەنگی دەژەنن
حەزیان لە سیسبوونەوە نییە
لەناو باخە شەکەتەکانی بێهودەییدا
نا، ئەوانە ماندوون
دەیانەوێت گەشت بکەن
بەناو تاڵ بە تاڵی پرچی گوڵاوڕێژتدا
وا تێمەگە بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە

سەد ئەوەندەی تر
چارەگران بم لای ژیان
دەست ناخەمە گەردنی خۆمەوە
هەمیشە ئومێدم هەیە
ماچەکانی تۆ
پەلکەزێڕینە لە لاملم بنەخشێنێت
ئەگەر شیعرێکێشم خۆکوژیی ئەنجام بدا
دیارە دڵی لەوە رەنجاوە نەیتوانیوە
وەسفێکی تەڕی ماچێکی تۆ بهۆنێتەوە
یان زمانی دەبەسترێ و واقی وڕ دەمێنێ
لە دیمەنی ئەو تابلۆ ئیرۆسییەی
لەسەر سیسەمی لێکئاڵان دەینەخشێنین
ئەگەر بینینت زمانی شیعرم کورت بۆتەوە
مانای کورتهێنانی عەشقی من نییە
نا، دەستی حەزم زیاتر درێژ کردووە
بۆ ئەوەی پەنجەکانم بگەنە
هەموو سەرچاوە روونەکانی چێژ
وا تێمەگە لە باسی مردندا
سەرقاڵی گۆڕهەڵکەندنم بۆ جوانییەکانم
نا، ئازیزم بابەتەکە مردنی مەرگە

بەو خەنجەرە نوک تیژانەی
لەرێگەی رژانمان بەسەر یەکدا
لە ناو سکی مردنی وەردەدەین
هێندە لە هۆگربوونم بە پایز سڵ مەکە
گەڵارێزان لە قامووسی مندا
پێچەوانەی مانا باوەکانی باخە
نا، ئازیزم وەرینی ماچە گەرمەکانی منە
بەسەر لەشی هەڵلەرزیوی تۆدا
گەڵارێزانی ئەسرینەکانی تۆیە
لە نێو دەفتەری شیعرەکانی مندا
واتێمەگە هێندە مەستی دەریام
ئیدی کانیاوی مەمکەکانت لە بیر دەکەم
نا، ئازیزم پێش ناسینی دەریا
لە هەر دوو کانییەکەی سینگت
تینووێتی سەفەری عەشقم دەشکاند
وا تێمەگە ئەی یار
لەهەنگاوە تیژتێپەڕەکانمدا
بەرەو شوێنێکی تر
ملی رێگەم گرتۆتە بەر

نا، ئازیزم ئەم پەلەپەلەم بۆ ئەوەیە
چرکەیەک زووتر بگەمە
دوورترین مەودای لەشی ناسکت

٢٠١٩-٥-٥
سویّد - مالمۆ

ئەمڕۆ پاش گەڕانێکی زۆر بەناو شاری مالمۆدا لەگەڵ «دکتۆر فەرمان»ی پورزام. بە ماندوێتیی ئەم شیعرەم نووسی کە بە درێژایی پێنج کاتژمێری ناو شەمەندەفەری نێوان ستۆکهۆڵم بۆ مالمۆ بیرم لێ دەکردەوە. وشەکان لەو ساتەوە وەک پۆلە چۆلەکەیەکی ماندووی تینوو لەسەر چەمی مێشکم نیشتنەوە کاتێک لە سێنترال ستاخۆنی ستۆکهۆڵمەوە شەمەندەفەر کەوتە جوڵە رووەو کۆتا شاری باشووری سویّد واتە مالمۆ.

## سەرەتای دواین گۆرانییە غەمگینەکان

کێردی رەتکردنەوەت چەند تیژ بێت
دەلاقەی برینەکانم چەند فراوان بن
هیچ هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە
لە هەنگوینی ئەو خەونانەی
لە دەرگای شەوە تاڵەکانم دەدەن
ئەو وشانەت چەند سارد بن
وەک زەمین لەرزە هێورییم بهەژنێن
خەیاڵ لەسەرمدا وردوخاش بکەن
پێکەنینم لە قەفەزی گریاندا
بە بارمتە بگرن
مانگەشەوم بگوازنەوە
دەربەندی تاریکی

هێشتا هۆیەیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە لە خلیسکانم
بۆ نێو قەدەری ئەسمەری ژنێتی تۆ
چەند بتەوێ دەروازەی باوەشت
بە وەسوەسەیەکی شێت دابخەیت
هەناسەکانم نەیەنە ناو مێینەییت
گۆرانییەکانم لە گوێیەکانتا نەزریکێنن
توخنی خولیا سەرەڕۆکانم نەکەویت
هێشتا هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە
لە ئاگری ئەو ئەوینەی لە خوێنمدایە
چەند هەورەکانی ئارەزووم بتۆرێنیت
بۆ دڵڕاگرتنی ئەستێرەیەکی دوور
بارینم بکەوێتە وەرزێکی ناوەخت
کۆشێکی سپی نەمگرێتە خۆی
ترس بە قامچی بەربێتە لاسکی گیانم
هێشتا هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە
لە کۆرپەی ئەو عەشقەی

لە ئەزەلەوە بە زگی شیعر هەڵمگرتووە
چەند دیواری ئەستوور
لە بەردەم سەربەستیی هەڵچووم هەڵبچنیت
تیری خەیاڵیشم نەتوانێت بگاتە دڵت
لەودیو دیوارەکانتەوە
خۆمم بیر بچێتەوە
درز بکەوێتە کریستاڵی چاوەڕوانیمەوە
هێشتا هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە لە نووری ئەو مۆمەی
لە ئەشکەوتی تەنهاییدا
خۆی پێناساندم
چەند بتەوێ کەعبەی خۆشەویستیم
بە وەهمی گوومانەکانت بڕوخێنێت
لە تاودا لەسەر بەرماڵی ئیبلیس
نوێژ بکەم
لەو خودایە بپاڕێمەوە
نەفرەتی لێکردووم
دەستی ئەو ڕۆژانە ماچ بکەم نەهاتوون
هێشتا هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە لەو گوریسە ئەستوورەی

خۆمم بە بە چارەنووسی تۆوە پێ بەستەوە
چەند بێباک و خوێنساردانە ویستەکانم
بدەیت بەدەم چەمی خەواڵووی فەرامۆشییەوە
ساوای ئاواتەکانم مەراق بیبات
زیخی یاخیبوونم ژێر ئاو بکەوێت
ملوانکەی شەوێکی رۆمانسی بپچڕێت
هەزاران پرسیاری وەڵامنەدراوەی
تێدا گۆڕ بزر ببێت
هێشتا هۆیەک نابینم
بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە
لە روانی ئەو نەمامە رووخۆشەی
لە حەوشەی مێشکمدا
رۆژ بە رۆژ باڵا دەکات
چەند بتەوێ
وەک کەلوپەلێکی کۆن کۆم بکەیتەوە
بۆ ئەوەی فڕێم بدەیتە کەلاوەی کارەساتەوە
خەفەت پرچی رەشی چارەنووسم دابهێنێت
یادەوەریی وەک گیتارێکی نامۆ بمژەنێت
مەینەتی، بوخچەی ماچەکانم
پەرش و بڵاو بکاتەوە
هێشتا هۆیەک نابینم

بۆ دەستبەردان لە تۆ و
پەشیمانبوونەوە
لەو دەنگە دلێرەی لە ناوەوەمدا
جارێک بە گووڵ
جارێکی تر بە شاژن ناوت دەهێنێت

٢٠١٩-٤-٢
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# شمشاڵژەنی ژیان

دەنگێکی نوزەڵ لە ناوەوە پێم دەڵێت
ببینە کفنی رەشی پەژارەت لەبەردایە
تۆ نوێنەری یەئسێکی هەتاهەتاییت
گوومان لەو دەنگە زیقنە دەکەم
خۆم دەبینم کێڵگەی شینباوی گەشبینی
بە گاسنی ئومێدێکی سپی دەکێڵم
سەدایەکی تێکشکاو پێم دەڵێت
بیانوویەکت نەماوە
خەونی شێدار
بە رۆژە وشکهەڵاتووەکانی خۆتەوە ببینی
باوەڕ بەم سەدا نەفرەتییە ناکەم
لە ئاوێنەیەکی چاوبەنازدا خۆم دەبینم
لە ترسی پڵینگی واقیعێکی تاڵ

به لقی بەرزی خەونێکەوە
خۆم هەڵواسیوە
پرسیارگەلێک چەشنی رەوە کولە
گوڵەگەنمی بیرکردنەوەم دەخۆن
مێشکم دەئاخنن بە رستێک وەسوەسە
لە نێو هەقیقەتێک ون بووم کە وەهمە
یان لە نێو وەهمێکدا دەژیم
خودی هەقیقەتە؟
بۆ چەند چرکەیەک لە ماڵی عەقڵ
دێمە دەرێ
لە درزی پەنجەرەی دڵەوە
لە دیمەنەکە دەڕوانم
ئاە خودایە
هەقیقەت پێنووسێکی زیوییە
بەدەستی دەیان فەیلەسووفەوە
رۆژێک لە مزگەوتێک هەواری خستووە
کەنیسەکان ماڵۆچکەیەکی تری ئەون
لە پەرستگەیەکی بودییەکانیش
نزا دەخوێنێت
هەموو ئەو نیگارانە

لە مندا جێگەیان بۆتەوە
هەقیقەت کۆترێکی ماڵیی
ناو هێلانەی دڵمە
شەیتانەکانی ناو خۆم
دەهۆڵ دەکوتن
لە وانەیەکی پڕوکاوی زیندەوەرزانیدا
نەژادم دەبەنەوە
سەر شامپازییەکی گرینۆک
بێ چەند و چون
بیرۆکەکەی داروین رەت دەکەمەوە
لەنێو کتێبە کۆنەکانی مێژوودا
بە دوای رەچەڵەکی خۆمدا دەگەڕێم
لە پەڕاوێکی رزیوی بابلییدا
تووشی خۆم دەبم
دوای ئەوەی لافاوی گەورە
دنیای داپۆشی
من بووم، زیندەوەرانم
فێری پێکەنین کردۆتەوە
گۆڕستانێکی قەراخ شاری روانینم
هەموو رۆژێک

نامەیەکی بۆرم بۆ دەنێرێت
باس لەوە دەکات ژیان لالوتە لێم
ئێوارە ئارامەکان چارەیان ناوێم
بەیانییە وەنەوشەییەکان دەمبوغزێنن
هەژاریی لە هەموو شوێنێک
بۆسەی ناوەتەوە بۆم
گوێ بۆ ئەم قسە پووچانە راناگرم
شمشاڵی لێو بە خەندەی خۆم دەژەنم
تاکو ماری ژیان دەخەمە سەما
کەمانچەی هاروهاجی فڕین دەژەنم
تاکو هێز دەگەڕێنمەوە
بۆ ئەژنۆی ئازادیی
چەکی وشەم پڕکردووە
لە فیشەکی خۆشەویستی
مشت لە باڵای سوێسکەی دابڕان دەگرم
هەموو حوزنە رەنگ پەڕیوەکانم دەفرۆشم
تیکتی سەفەرێکی پێ دەکڕم
بۆ دڵی ژنێک
جلی ژوانێکی خوساو بەدوورین دەدەم
نوێژی بێ بڕانەوەی ماچ دەست پێدەکەم

کە دوا رکاتی ئۆرگازمە
لە کۆتاییدا بە گوێی خۆمدا دەچرپێنم
تۆ ئەی مەستترین عاشقی ژیان
ئەی باڵیۆزی شانشینی ئەڤینداریی
فرمێسکەکانت بە زەردەخەنە بسڕەوە
دوودڵ مەبە ئەوین رووی لە تۆیە

٢٠١٩-٣-٢١
ئەڵمانیا - کۆڵن
کەنار رووباری راین

نەخۆشی لاوازیی کردووم، رۆژێکی ئارامە، بەڵام من لە ناخەوە شڵەژاو، گرفتار بە ژانی نەخۆشییەکی کوشندە، دیمەنی رووباری جوانی راین چاوەکانم ئازار دەدەن، چون ئەم نەخۆشییە هێزی تەرکیزکردنیشمی لەناو بردووە

# رۆژژمێری دڵێکی هەپروون

له هەرزەکارییدا به نیگایەکی گەرم
بانگم کردیت بۆ بینینی
دنیای پەمەیی خۆشەویستیم
رووت وەرگێڕا و گووتت
خۆشەویستی درۆیەکی رەشه
به رۆژه سپییەکانمەوه دەئاڵێت
له گەنجیمدا به مەستییەکی شێتانه
سووتاو به گڕی عەشقێکی داگیرساو
بانگم کردیت بۆ گوێگرتن
له قاسپەی کەوی عاتیفەم
بەدەم وەنەوزدانەوه گووتت
خۆشەویستی هەورێکی رەشه
له ئاسمانی شێتییەوه دەبارێت
له زەمەنی باڵادەستیی ئاوەزدا
کێ حەز بەم گەمه ناعەقڵانییه دەکا؟
له کامڵیدا، ئەو ئانەی بەفری زەمەن

کلو کلو
بەسەر قەترانی ریشما دەبارێت
لە مەیخانەیەکی بێدارەوە
مەستترین پیاوی دنیا سەمات بۆ دەکات
گۆرانییەکی بزێو لە قورگیدا سەرهەڵدەدا
قریشکەیەکی غەریبە
لە کشوماتییەکی سەیردا
گوێیەکانت
بە لۆکەی رەتکردنەوە دەئاخنیت
بە کەمێک غرورەوە دەڵێیت
ئەم گۆرانییە عاشقانە
بەرامەیان هێندە ناخۆشە
بۆنی گۆرەوییەکانی باوکمیان لێدێت
لە نەخۆشیدا بەدەم دوا نرکەی
سوێرترین ژانی رۆژگارێکی هەڵکورماوەوە
شەکراوی شیعرێکت پێشکەش دەکەم
بانگ دەکەم
بۆ سەر جۆگە هەنگوینییەکانی
ئەو خەونانەی تۆ دەبینن
بە پێکەنینێکی دەستکردەوە دەڵێیت
ناتوانم ئەو خەونە پووچانە لێکبدەمەوە
بە مەکرێکەوە بەسەرما دەقیژێنیت
ناکرێ خەونی گوڵ خەزان بێت

ئاخر خۆشەویستی پایزی شادمانییە
لێکردنەوەی حەرامترین سێوی بەهەشتە
لە پیریدا
بەدەم کێشانی سیگاری بیرەوەرییەوە
لە چاوەڕوانی شیعرێکی ناوەختدا
پیرەمێردێک بە هەمان گڕوتینی سەرەتاوە
ترێی وشە دەگوشێت
شەرابی شیعری لێ دروست دەکات
دوایین رازەکانی خۆیت بۆ دەدرکێنێت
لچێکی لێ هەڵدەقرچێنیت و دەڵێیت
ئەی پیری ئاخیر شەڕ
هەموو تەمەنت
راکردن بوو بە دوای وەهمدا
دوای کڵاوی بابردووی عەشق کەوتیت
خۆشەویستی وڕێنەیەکی دووڕووە
لە جیهانی مندا جێگەی نابێتەوە
کەوشەکانت دادەکەنیت تا ماندوو دەبیت
سەروپۆتەڵاکی شیعرەکانم دەکوتیتەوە
دەفتەری خەونەکانم
هەنجن هەنجن دەکەیت
ئاگر لە رەزی خەیاڵەکانم بەردەدەیت
منیش بەدیار تارماییەکەتەوە ئێشک دەگرم
بیر لە کۆتایی ئەم کۆتاییە دەکەمەوە

لە مردندا
ئەو دەمەی دەبمە نیشتەجێی گۆڕ
هەست بە تەنیایی دەکەم
چیتر سەرچڵییەکانم لەگەڵم نین
چیتر راکردووی دوای شەبەنگی تۆ نیم
چیتر پەنجەرەیەکم نامێنێت بۆ روانین
چیتر کراسی مەراق لەبەر ناکەمەوە
چیتر مۆتەکە بەرۆکی خەونەکانم ناگرێت
چیتر غلۆر نابمەوە بۆ نێو دۆڵی ساویلکەیی
تۆ ئەوکات سەرتاپا رەش دەپۆشیت
بە چەپکێک گوڵی سپی سادەوە
شەقاو دەهاویت بۆ سەر گڵکۆکەم
بانگم دەکەیت، دەقیژێنیت و دەڵێیت
ئەی عاشقترین پیاو، شیعرت
راژەندنی بێشکەی شەوە تەنهاکانمە
خۆشەویستیت پاسپۆرتی سەفەرمە
بۆ نێو کەژاوەی گەنجی و
ئەو زەمانەی دنیا بەدەممەوە پێدەکەنی
دە هەستە دەستی تەزیوت بێنە
لە نێو کورەی دڵمدا گەرمی بکەوە
چاوە بەهارییەکانت هەڵبهێنە
تەژی دەکەم لە شۆخترین کلی نیگا
باوەشی بێ نازت ئاوەڵا بکە

بۆ هەتاهەتایە لە ئامێزت دەمێنمەوە
من هەر بێدەنگم، بێدەنگ، بێدەنگ
ئیدی هۆشت دێتەوە بەرخۆ
وەک پیرەژنێکی دۆشداماو
سەیری کاتژمێرەکەی دەستت دەکەیت
دەزانی کات زۆر درەنگ بووە و
ئەوەی لە باوەشت گرتووە
تەنها کێلی قەبرێکە

٢٠١٤-٩-٢٢
ئەڵمانیا - کۆڵن
ئونی کیلنیک - نهۆمی هەشتەم

ئەمڕۆ دووەم رۆژی پایزە و شیعرەکەم رەنگی خەزانی گرتووە
یەکەمین شیعریشە پاش نەشتەرگەرییەکەم نووسیبێتم

# ونبوون لەناو یەکتردا

ئازیز گیان
با بە دوای خۆماندا بگەڕێین
بۆی هەیە وەک دوو دێڕی نامۆ
چۆڕابینە ناو باوڵی بیرەوەرییەوە
بۆی هەیە وەک دوو ئەسرینی زەرد
لە چاوی هەتاوەوە رژا بین
رەنگە ئێستا بەهار
بەدەستوخەتی سەوزی خۆی
ناومان لە لیستی شکۆفەدا بسڕێتەوە
لەوانەشە پایز
بە گۆچانی زەردی دەستییەوە
بە پاندانێکی ئاڵتوونی
واژۆی وەرینمان بکات
ئێمە دەبێت خۆمان بناسێنین
خەڵکی ئەم مەملەکەتە

بێز لە غەوارە دەکەنەوە
دەبێت بە ریتمێکی لەسەرخۆ
پێیان بڵێین
ئێمە دوو ون بووین
شوێنەواری زامی برینێکی بێدەنگ و
دوو شەپۆلی دەست بەستراوین
دوو کاتژمێری لەکار کەوتووین
نازانین هەنووکە سەعات چەندە
بە کاتی خۆشەویستی
نازانین نهۆ مانگی چەندە
لە ساڵی قاتوقڕی زەردەخەنە؟!!
ئێمە دوو ڕێبواری تینووین
نازانین ملی ڕێمان بۆ کوێ گرتۆتەبەر
نازانین لەسەر چ ئەتڵەسێک
نیشتمانی ئاو بدۆزینەوە؟!
دوو ئاسکەکێوی هەڵاتووین
لە خێڵی ئافات
بەدوای کتێبێکی گەشبیندا دەگەڕێین
نازانین لە باستیلی کام کتێبخانەدا
کۆت و زنجیر لە ملی کراوە؟!
دوو چۆلەکەی نەخوێندەوارین
ناتوانین پەڕاوی خۆشبەختی و

ڕووخساری ئارامیی بخوێنینەوە
دوو پەڕەسێلکەین
تووشی ئەلزەهایمەر بووین
فڕینمان بیر چۆتەوە
بیرمان نایەتەوە ئەوە کێ بوو
یەکەم جار ژەهری کردە
شەربەتی گۆرانییە شادومانەکەمانەوە؟!
بەبیرمان نایەتەوە
لە خەونی کام ئاسماندا وێڵ بووین
لەکام شاری بێکەسدا گیرساوینەتەوە؟
دوو قەڵەمی سەرکزین
پێکەنینمان پێوە نایەت
لەوەتی فاممان کردۆتەوە
دەستی ڕەشی چارەنووس
تەنیاییمان پێ دەنووسێتەوە
دوو ڕووباری وڵاتێکی ونین
بەلەمی شکست پێماندا تێدەپەڕێت
ناو جەرگمان تەژیە
لەو ماسییە بێزارانەی
خەتمی کوێرەوەرییان کردووە
کاتێکیش
دەست لە ملی یەکتر دەکەین

نابینە دەریا، پێناکەنین
ئاە غەریبی قووتمان دەدا
دوو گەدای مەملەکەتی برینین
رۆژێک نەگبەتی مارەمان دەکات
رۆژێکی تر ژیان تەلاقمان دەدات
لە خۆمان تێناگەین
تێناگەین لە خۆمان
دڵی کام پەڵەهەورمان شکاندووە
وشکەساڵیی رۆحی گرتووین؟
چ مۆمێکمان زویر کردووە
پەلکەزێڕینە خۆیمان لێ دەشارێتەوە؟
دوو عاشقی دەرۆزەکەرین
لەوەتی دوو گوێمان رواوە
لەبەردەم مزگەوتی موحیبەت
دەسڕی عەشقمان راخستووە
وێنەگرێک بەلاماندا تێدەپەڕێت
دەست دەخاتە گیرفانی شەرواڵەکەی
بۆ ئەوەی
پارەیەکی ئاسن هەڵبداتە بەردەممان
گیرفانی ئەو وەک سکی ئێمە خاڵییە
ناچار وێنەیەکمان دەگرێت
هەموو ئازارەکانمانی تێدا دەردەکەوێت
خۆمان لە فۆتۆکەدا دەناسینەوە

ئای، ئەوە من و تۆین
لەسەر شۆستەی شارێکی نەناس
باوەشمان بەناو قەدی یەکتردا کردووە
سەرما کەسیرەی کردووین و
لەبەر دڵی یەکتردا
خۆمان گەرم دەکەینەوە

٢٠١٩-٤-٢٦
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

سبەی بۆ ماوەیەکی کورت نەخۆشخانە جێدەهێڵم تاکو رۆژی
٢٠١٩-٥-١٣

# خودایە گوێت لێم بێت

ئاە خودا
من بۆ ئەوە نەهاتمە دنیا
بەند بە باڵای تەنهاییدا هەڵبدەم
شیعری دەمدرێژی عەبەس بنووسم
هاوار بکەم جگە لە خۆکوشتن
کەس کەس وەڵامم نەداتەوە
ناوم لە لیستی قەرزی
هەموو مەیخانەکاندا هەبێت
پێیەکم لە نێو لیتاوی غوربەت
پێیەکی ترم لەنێو خەیاڵی زادگەدا بێت
خەیاڵدانم لە باخەڵی شێتیدا بێ
قاچم بووبێت بە تەڵەی شیزۆفرینیاوە
پاڵتۆیەکی کون کونم لەبەردا بێ
کزەبای دابڕان خۆی بکات بە جەرگمدا
بە تەنیشتی دەریادا ڕێ بکەم

شەپۆلەکان تێر تێر پێم پێبکەنن
بە کەنارەکان بڵێن
ئەم پاڵەوانە گاڵتەجارە لەخۆ مەگرن
بەدەم گریانەوە بیر لە کۆچ بکەمەوە
دەرگای گەردوونم لەسەر کڵۆم بدەن
هەر لەنێو خۆمدا و
لە تەک ئەو خەونانەی نایانبینم
پیاسەیەکی کەساسانە بکەم
تەنانەت چراش لە ئەنگوستەچاوەکانمدا
بە ئەنقەست چاوی خۆی کوێر بکات
هەتاو سەری خۆی هەڵبگرێت
بە بەردەم باخەکانی براموسازدا تێپەڕم
لێوێکی کاڵ ناوچەوانی گرژ بکات
وەڵامی سڵاوەکەم نەداتەوە
بچمە دیدەنی کۆترێکی سپی
چارەنووسی رەش هەڵبگەڕێ و
دەستی پاڕانەوە بەرز بکاتەوە
ئامون لە بەڵای ژوان دووری بخاتەوە
خۆزگە تازە باڵقبووەکانم
لەوپەڕی شۆخ و شەنگیدا
بەدەم چاوەڕوانییەوە پیر بن
رۆژەکانم ببن بە تەمی ناو بیرەوەریی

شەوەکانیش پڕ لە بیرکردنەوەی گوناهبار
کە چۆرێک بەزەیی لە دڵیاندا نەبێت
دەستەکانم هێند سارد و بێ گیان بن
هێز و توانای نەخشاندنی
تابلۆی ئاگردانێکیان نەبێت
تا بێ ئۆقرەیمی لەبەر گەرم بکەمەوە
زمانم بە زنجیری وەفا ببەسترێت
نەتوانم سکاڵای برینەکانم
بە دەستی گوڵێکی ناپاک
بگەیەنمە بارەگای حەزرەتی باخ
هەمیشە ستایشی ئاسمان بکەم
ئەویش لەبەردەم ئەستێرەکاندا
تەریقم بکاتەوە
لە هەموو کوچەیەکیشدا
ئابڕووم ببات لەسەر تاوانێک
هەرگیز نەمکردووە
ناوم بزڕێنێت لەسەر تۆمەتێک
لە مێشکی خۆیدا دروستی کردووە
ئاە یەزدانی مەزن
ناشێ یادەوەریت نەمابێت و
لە بیرت چووبێتەوە
منت بۆ ئەوە نەئافراند

پەسنی درەوشانەوەی مانگ بکەم
تریفە گوێم لێنەگرێت
نزا بۆ هاتنی شنەبا بکەم
گەردەلول لەگەڵ خۆی بمبات
هەوڵی کەویکردنی نیشتمان
لە نسێی دڵمدا بدەم
تاراوگە دەستەمۆم بکات
لەگەڵ خۆرەتاودا جووت بم
ببمە باوکی تاریکترین شەوەکان
خۆم لەپشتی پێکەنینەوە بشارمەوە
لەسەر شارێی هەموو شادمانییەکانم
گریانێکی بە کوڵ خۆیم پێ بناسێنێت
بیر لە باوەشی کچێک بکەمەوە
شەڕ بە توندی پەلم رابکێشێت
لەنێو سەنگەرێکی بەزیودا بکوژرێم
تەرمەکەم ببێتە ژەمێکی ئێجگار چەور
بۆ چەند سەگێکی برسی
بە چنگە کرێ کۆشکێک
بە کتێبەکانی عەشق چێ بکەم
ئاگری فیراق لە لەشی بەربێت
ببمە سەربازی ئەو دەجالانەی
بەدەستێک دەمنێرنەوە بەرەی جەنگ

بەدەستێکی تر ئیمزای ئاشتبوونەوە
لەگەڵ بکوژەکانمدا دەکەن
ببمە سپارتاکۆسی نەوەیەک
پشتیان لەژێر پووچیدا چەمابێتەوە
هەموو بە کۆمەڵ نەفرەتم لێ بکەن و
ئازادیی وەک جگەرەکانیان تەرک بکەن
دڵداری لەگەڵ بەهاردا بکەم
قەدەر هەر پایزم بە گژدا بکات
زستان لەبەر ئاهی خۆمدا
گەرم بکەمەوە
ئەو هێندە ناپاک بێت
هاوین بکاتە دوژمنی باوەکوژم و
هەڕەشەی تواندنەوەی
ئەو ئارەزووانەم لێ بکات
لە نێو چاڵە بەفرەکانی شەرمنیدا بەستوونی
دارسێوی راستگۆیی ئاو بدەم
لە کۆتاییدا بەدڵێکی شکاوەوە
کۆمەڵێک سێوی گەنیوی درۆزن بڕنمەوە
چاوەڕوانی پەروانەیەک بم
وەک میوانێکی رۆح سوک
سەر بە ماڵە شپرزەکەمدا بکات
هەموو کات دەرزەنێک ئاژەڵی دڕندە

لەسەر فەرشی هیواکانم هەڵپەڕن
مەرکانەکانی ژیان پڕ بکەم
لە ئومێدی رەنگاورەنگ
لەوسەرەوە
بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە
مەیتی ئاواتە کوژراوەکانم
بەسەرشانەوە بێت
لەنێو دارمێوەکاندا بژیم
تینووی دڵۆپێک شەراب بم
لەنێو گۆڕستانەکاندا بمرم
عەوداڵی قەبرێک بم
نیشتمان لەنێو دڵمدا بێت
تووشی جەڵتەی دڵ بم
ئەوین لە نێو رۆحمدا بێت
لە دوورترین شوێن چاوی بۆ بگێڕم
بمەوێت رۆمانێکی دڵخۆش بنووسم
پێنووس مان بگرێت
بە سەرماندا بشیرێنێت
ئەی کوڕی دڵتەنگی بەنیازی
لە کونی خۆت هەڵگەڕێیتەوە و
حاشا لە ئەژدادی خۆت بکەیت!!؟
ئاە خودایە

دەترسم سەرت زۆر قاڵ بێت
بەو شانۆ تاڵەی سەر زەوییەوە
منیش هەقی خۆمە
که دەزانم پیر بوویت و
گوێیەکانت
تا سنووری کەڕیی گران بوون
بێهێنمەوە بیرت
منت لە رەحمی دایکمەوە
بۆ ئەوە دەرنەهێنا
گشت سەرکەوتنەکانم
پڕ پڕ ببن لە تامی شکست
خوێنی شەیدابوونم
لەبەر دەرگای ژنێکدا بڕژێت
سەبەتەی حەزەکانم
تەژی بن لە میوەی گەنیو
کڵاوە خورییەکەی سەرم
ببێتە هاوپەیمانی گێژەڵوکە
لە نێوان من و مردندا
تەنها لەشێکی نەخۆش هەبێت
لە نێوان من و ژیاندا
هەزاران دیوار قوت بووبێتەوە
مەحکوم بم بە پەڕاوێزخستن و جەفا

مافی گەڕانەوەشم نەبێت
بۆ تاریکایی پێش لە دایکبوون
شۆڕشی باخێکی پەرژینکراو بم
گوڵ بەو ناسکییەوە
خیانەتم لێ بکات
بمخاتە بۆسەی دڕکەوە
دەفتەرێکی شیعری بۆنخۆش بم
کەس بۆنم نەکات
کەس پەڕەی رۆحم هەڵنەداتەوە
شوێنکەوتەی تەریقەتی دڵ بم
هەموو رۆژێک عەقڵ
بەزمێکم بۆ بنێتەوە و
بە خەتاباریی تێیدا دەربچم
سەدەیەک لە چاوەڕوانی پەرییەکدا
وەک گڕکانێک لە هەڵچووندا بم
گروپێک جنۆکە یەخسیرم بکەن
لە نائومێدییدا دامرکێننەوە
هەمیشە لە راکردندا بم
بە دوای خۆشگوزەرانیدا
سەرئەنجام پۆلیسی هەژاریی بمگرێت
هەموو شەوێک تامەزرۆی روئیا بم
بە ئامێزی ژنێکی مەستەوە

مۆتەکە سواری سەری
تامەزرۆییم ببێت
پشتاوپشت بگەمەوە سەر ئاو
رووبارەکان نکۆڵی و
ئۆقیانووسەکان هەڕەشەم لێ بکەن
کە هێندە نەجیبزادە نیم
سولالەم بچێتەوە سەر باران
بەددان جڕیکردنەوەوە پێم بڵێن
ئەی دوکەڵزادە هۆشت بێتەوە بەر
تۆ نەوەی رەسەنی ئاگریت
ناتوانین بۆ شەوێکیش جێت بکەینەوە
دەستی ماندوویێتی بکەمە کەمەرم
بە دوای ناسنامەی خۆمدا بگەڕێم
لە رۆژهەلاتی زەوی
بە گوومان بن لەوەی
شێوەی بیرکردنەوەم
سەر بەوێندەر نییە
لە رۆژئاوای زەمینیش
گا بە گوندا بناسنەوە و
بەهۆی قژی رەشمەوە
هاشا لە بنەچەم بکەن
کاتێک کوخێکی ئارام بنیات دەنێم

خۆم و تەنهایی تێیدا بسرەوێین
دەنگێک لە دوورەوە هاوار بکات
هۆ رەنج بەخەسار هەوارت بگوازەوە
ماڵت لەسەر هێڵی بوومەلەرزەیە
زۆر گوێ نەگرم بۆ ئەم قسەیە
داڵغەم بچێتە سەر رێختەرەکەی
بڵێی مردنم چەند پلەی پێویست بێ؟
ئاە خودایە
هێندە چەنەبازیم کرد
سەر دەرناکەم لەوەی وتوومە
ئێستا خۆیشم نازانم
حیکمەتی خەڵقکردنم چی بوو؟
لوتف بفەرموون
خۆتان وەڵام بدەنەوە

٣-٨-٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

لە رۆژی لە دایکبوونمدا، مۆمی ئەم شیعرەم هەڵکرد. چەند ساڵێکە وا راهاتووم لەم رۆژەدا شیعرێک بنووسم.

# ورتە ورتێک لەگەڵ تۆ

ڕەنگە نەتوانم
هەمیشە بانگت بکەم
تۆ لە درزی خەونەوە
بە ئەسپایی وەرە ژوورەوە
پشتێنی گرێچنی ئازار
لە کەمەری گوشراوم بکەرەوە
لەگەڵ خۆتدا
هەر کوێت پێخۆشە، بمبە
هەرگیز مەمدەرەوە بە خۆم
چون نازانم چی لە خۆم بکەم
نازانم چۆن بە زامەکانی پێشووم
ئەمێستام نۆژەن بکەمەوە
نازانم چۆن ڕەگی دەردەسەری
لە چارەنووسمدا هەڵکێشم
بە ڕاشکاویی پێت دەڵێم

نازانم شیعرێک بنووسم
سەری نەخستبێتە کۆشی غەمەوە
نازانم بە پێی ئەو نەخشەیە بڕۆم
دەمگەیەنێتە ناوەوەی خۆم
نازانم تەحیاتی ئەو نوێژە بخوێنم
کڕنووشی بۆ تەنهایی تێدا نەبێت
ڕەنگە نەتوانم
هەمیشە شیعرت بۆ بنووسم
تۆ لە دێڕی چامەیەکەوە وەرە دەرێ
لەگەڵ خۆتدا
هەر کوێ ئارەزووی دەکەیت، بمبە
نەکەیت سوکانی ئۆتۆمبیلی خەیاڵ
بدەیتە دەستم
بیرت نەچێت شۆفێریی نازانم
ئەم ماشێنە خۆت بیئاژۆ
مافت هەیە
بەناو هەموو شەقامەکانی ڕۆحما بگەڕێی
دەتوانیت
لە هاوینەهەواری چاوەکانمدا بوەستیت
دەتوانیت لەگەڵ خۆت بمبەیت
بۆ کۆڵانە کۆنەکانی یادەوەریی
بۆ شارە کەشخەکانی ئایندە

بۆ گوندە دوورە دەستەکانی رابردوو
بۆ ئاواییە کاولبووەکانی غوربەت
ئەگەر جادەیەکیش هەیە بۆ ئاسمان
بمبە بۆ سەر ئەستێرەیەکی عاشق
باوەشی بۆ تەنهایی نەگرتبێتەوە
رەنگە نەتوانم
لەمە زیاتر خۆم بدەم
بەدەم شەپۆلی چاوەڕوانییەوە
لە قاوغی کولتووری دوێنێ وەرە دەرەوە
لەگەڵ ئەمڕۆدا وەرە
بۆ هەر کوێ دەتەوێت
لەگەڵ خۆتدا بمبە
گرنگ نییە ئەو شوێنە کوێیە
بۆی دەچین
لەگەڵ تۆدا وزەم هەیە
دۆزەخیش بکەمە باخێکی بەهەشت
مەنفا بگۆڕم بۆ کەلاوەیەکی وڵات
ختووکەی بن پێی ژان بدەم
تاکو دەکەوێتە قاقالێدان
شیعرەکانم وەربگێڕمە
سەر زمانی خۆشەویستی
دەستی گۆجی ژیان

بخەمەوە جوڵەجوڵ
وا لە گوومان بکەم
چیتر چەمەڵە لە ژوانەکانمان نەنێت
باڵی بەستراوی قەناریی وشە
پەڕە پەڕە بکەمەوە
تا بتوانێت لە ئاسمانی عەشقدا بفڕێ
لە بن سێڵاوی ماچدا بتوێتەوە
خۆزگە هەتیوکەوتووەکانم
بە کێکی باوەش و
شەرابی دیدار گەورە بکەم
ئاە ئەگەر تۆ نەیەیت
ئاسمانی هزرم رەش هەڵدەگەڕێت
تەرزەی خۆکوشتن
بەسەر بێستانی وجودما دەبارێت
چەند زەحمەتە بیرکردنەوە لە بێ تۆیی!
ئاوێنەی دەروونم وردوخاش دەکات
دەبمە سیزیفێکی بەزیو
بەردی سەرکێشیم خلۆر دەبێتەوە
تەرمەکەم لە بنیدا دەپلیشێتەوە
کچە عازەبەکانی ناخم
دەبنە کۆمەڵێک پیرەژنی جەرگسووتاو
رەنگە تۆ تاقەتت نەمابێت

گوێ لە درۆ ڕاستەکانم و
ڕاستییە درۆینەکانم بگریت
هەمیشە وا فێربوویت
ئازارەکانم بە گاڵتە وەربگریت
گاڵتەکانیشم ئازارت بدەن
ڕەنگە بڕوا بەم قسەیەم نەکەیت
کەچی ناچارم دووبارە بیڵێمەوە
ئاە، ئەگەر تۆ نەیەیت
وەسوەسە ناوکم دەبڕێت
لە ڕەحمی ئارامی دەرمدەکێشێتە دەرەوە
تۆ ڕەنگە نەیبینیت
چەند جوان دەشکێم
چەند ناشرین دەژیم
چەند ئیستاتیکییانە دەمرم
چەند ساردوسڕ ئەنێژرێم

٢٠١٩-٣-١
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# رووتبوونەوەی پیاوێکی کێویی

تۆ ئەی ژنە نازدارەکە
ئەگەر کاتت هەیە
چەند خولەکێک گوێم بۆ رابگرە
بێ حەپەسان لە وشەکانم ورد ببەوە
تۆ منت زۆر گۆڕیوە
پێش ناسینی تۆ
بەهەشتی داڵغە شەهوانییەکانم
جمەی دەهات لە حەشاماتی سۆزانی
هێندە لاسار بووم
حەزم دەکرد چەقۆیەک بکەم
بە لاقەبرەغەی خۆردا
بێ شەرمکردن لە تریفە
بەردبارانی مانگەشەو بکەم
هیچ سەرلەشکرێکی دێرین
هیچ سیاسەتمەدارێکی هاوچەرخ

هێندەی من بەد ئەنگێزە نەبووە
حەزم لە خاپوورکردنی شارەکان و
کوشتنی کانیاوەکان و
ئەشکەنجەدانی ئازادیی بوو
ماڵی بیرکردنەوەم
شوێنی حەسانەوەی نیرۆن بوو
بیرم دێتەوە
زەلکاوی بۆقەکانم شێواند
بە قامچی بەربوومە گیانی پەروانە
هێلانەی چۆلەکەکانم تێکدا
بەو دیمەنە شێواوە
قاقا دەکەوتمە پێکەنین
با ئەوەشم لە بیر نەچێت
هێندە سادیست بووم
حەزم لەو فیلمە ترسناکانە دەکرد
خوێن تیایاندا جۆگەلەی دەبەست
رقم لە قوربانییەکان دەبووە
پێکی سەرکەوتنم
بۆ جەلادەکان تێدەکرد
رەنگە بڕوا بەوە نەکەیت
ئەگەر بڵێم
حەزم دەکرد لەشی گوڵ

لە بن پێڵاوی دڵڕەقیمدا بپلیشێتەوە
بە شمشێرێکی کۆن
سەری هەزاران
خەونی نویێ لێ بکەمەوە
ببمە بایەقووشی جەنگ و
سەرژمێری کوژراوەکان بکەم
دەبێت باوەڕت بەم قسانەم بێت
ئەوەندە درۆزن بووم
هێندە دڵگەرمانە فووم دەکردە
میزەڵدانی درۆکانمەوە
چەندان جار بە چڕوچاومدا دەتەقین
بێ تەریق بوونەوە، دووبارە
فووم لە درۆیەکی گەورەتر دەکردەوە
هێندە بێ شەرم بووم
تەنوورەی مێژووم هەڵدەدایە و
باسی جلی ژێرەوەیم
بۆ ئایندە دەکرد
هێندە دۆڕاو بووم
قومارم لەسەر هەرچی کردبا
بە ئیفلاسبوونم کۆتایی دەهات
تەنیا یەک جار نەبێت
جۆکەری کۆنکەنی پایز

کردمییە براوەی تێکڕای گەڵا وەریوەکان
هێندە کێویی بووم
ئەنگوستیلەی هیچ خەیاڵێکی شارستان
بە پەنجە دڕەندەکانی منی نەدەکرد
هێندە تەڵخ و تۆزاویی بووم
رووم نەدەهات
لە بەردەم هیچ ئاوێنەیەکی روونندا
تەماشای ناشرینی ناخم بکەم
هێندە بەدفەڕ و زمانشڕ بووم
هاوڕێتی رەشەبام دەکرد
هەواڵی تواندنەوەی دوو مۆمی شەیدام
لە باوەشی یەکتردا
بەسەرتاپای خێوەتەکانی
عەشیرەتی خەنجەردا بڵاو دەکردەوە
نامەوێت بەم قسانە شۆک بیت
وا تێبگەیت سەرەم هاتووە
بمبەن بۆ شێتخانە
نا، دەمەوێت خۆم رووت بکەمەوە
لەبەردەم تۆدا
جلەکانم هەر لەبەردا دەبێت
دەخوازم ماسکەکانم دابنێم
لە تەنگەبەریی گۆڕ دەترسام

هەمیشەش گوناهی مەزنم دەکرد
ئاگرم لە کولانەی سەگەکان بەردەدا
گڵۆپی سەرشەقامەکانم دەشکاند
لەگەڵ تاریکییدا سەرچۆپیم دەگرت
بە لای هەر درەختێکی بەرداردا تێپەڕیبم
تا سنووی رشانەوە لێم خواردووە
پاشان هەموو چڵەکانیم شکاندۆتەوە
لە هەر کانیاوێک تینووێتیم شکاندبێت
پڕم کردووە لە بەردی سپڵەیی
لە هەر پەناگەیەک پشووم دابێت
وەک پاشماوەی جەنگ جێمهێشتووە
لە هەر شارێک داڵدە درابم
نزای کاولبوونیم کردووە
بە هەر دەشتێکدا رۆشتبم
تەمەنام کردووە ببێتە قەبرستان
حەزم لە بوختانکردن بوو
چەندان جار بوختانم بۆ دەریا کردووە
لەگەڵ کەشتیوانەکان بە شەڕم داوە
زۆرجاری تریش
بوختانم بۆ مۆم هەڵبەستووە
گێژەڵوکەم ناردووە بۆ گیانی
لەناکاو وەک ئیزرائیل

رۆحی دەرکێشاوە
هیچ کاتێک پێنەکەنیووم
مەگەر ئینجانەم بە شکاویی بینیبێت
مەگەر چرچ و لۆچیی غەمگینی
بە رووخساری کۆترێکی گەنجەوە
بە تەواویی سەرنجی راکێشابم
یان ئەو کاتەی بینیوومە
جادووی رەش لە باخێک کراوە
گوڵ لە هەناویدا
دەستی کردووە بە هەڵوەرین
هەر لەو کاتانە پێدەکەنیم
دەمبیست گەشبینی
سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە
یان باڵندەیەکی شیکی بەرزەفڕ
بڕیاری خۆکوشتنی داوە
ئەو کاتانەش کە هەواڵم پێدەگەیشت
گۆرانی سەری خۆی لە قوڕ ناوە و
لەبەر قاپی نیگەرانی کەوتووە
ئەمە هەموو داستانی منە
پێش ناسینی تۆ
پرسیار مەکە هەنووکە چۆنم
بە چاوی خۆت دەبینیت

گریانم
لە چاوی هەر کارێزێکی بێ نازدا
پێکەنینم بەسەر لێوی عەشقەوە
بارانم بۆ هەر کێڵگەیەکی تینوو
زریانم بۆ راماڵینی تەپوڵکەی کینە
هەورە بروسکەم بەهەموو پیاوێتیمەوە
بەسەر دێوی تەنهاییدا دەگرمێنم
کەمانچەیەکم بەدەستی چرچی خوداوە
ئایەتێکم لە سورەتی خۆشەویستی
پارچەیەکم لە ئەڵماسی مرۆڤدۆستی
ژیلەمۆیەکم بە شەماڵی عەشق دەگەشێمەوە
پەشمەکم لە نێو دەمی شیعردا دەتوێمەوە
شەونمم بە لاجانگی دابڕاندا دێمە خوارەوە
هاواری ئەوینێکم سەدان ساڵ دەنگ دەداتەوە
کەشتییەکم پڕ لە سەرنشینی مەست
زەریای موحیببەت دەبڕن
پێکێک «مەی»م، ژنێک دەمخواتەوە
سەری پڕ دەبێت لە خەیاڵی جوتبوون
پەنجەی درەختێکم
تەسبیحاتی سەوزبوونەوە دەکات
قاچی خەونێکم
بەرەو واقیع هەنگاو دەنێت

چریکەی تیژی مەقامبێژێکم
تەرمی هەلاهەلابووی
جوانی دەلاوێنێتەوە
خۆ دەیبینیت، من زۆر گۆڕاوم
ئەو مرۆڤە مێشک چڵکنەی پێشوو نیم
ئەو پیاوە داڕووخاوەی جاران نیم
ئەو بوونەوەرە سامناکەی رابردوو نیم
رەنگە پێت سەیر بێت
ئەم دۆنادۆنە چۆن روویدا!
نهێنییەکەیت بۆ ئاشکرا دەکەم
تەنها یەک جار
بەر دوو دڵۆپ
پرشنگی مێینەیەتی ژنێک کەوتم
تەنیا دوو دڵۆپ بوو نەک زیاتر
تەنیا دوو دڵۆپ

فێبریوە - یونی ٢٠١٩
ئەڵمانیا- سوێد

من لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ماخۆلانمە، ئازارەکانم ئەم نەخۆشخانە و ئەو نەخۆشخانە دەگێڕم، دەقەکانم هەر لەناو نەخۆشخانەکاندا چاو هەڵدەهێنن. رەنگە ئەمە دیاردەیەکی ئەدەبی تازە بێت لە مێژووی وێژەی کوردیدا

## ئەی ژن
## هەر دەبوو ئەمەت پێ بڵێم

ئەی ژن
هەرگیز ئەو هەڵەیە نەکەیت
باوەڕ بە ئێمەی پیاو بکەیت
ئێمە تەنها لە بۆتەی شیعردا
بەرگی خواوەند بە بەرتدا دەدورین
لە گۆرانییە درۆزنەکانماندا
خۆمان بە بێ دەسەڵات
لە بەردەمتدا نیشان دەدەین
تا شەوێکی سوور مسۆگەر دەکەین
دوای ئەمە گورگەکەی ناوەوەمان
لە دڵی نەرمت بەردەدەین
شانامە بە باڵاتدا دەهۆنینەوە
تاکو ئاوی روونی ژنێتیت لێڵ دەکەین
نەکەیت باوەڕمان پێ بکەیت

ئێمە کۆمەڵێک راوچین
تۆ دەکەینە نێچیری حەزەکانمان
هەوڵی دەستەمۆکردنت دەدەین
چون هیچ شەرەفێکمان نییە
دەتکەینە شەرەفی ناچاریی خۆمان
هەر کات یاخیبوویت
بێ ویژدانانە سەنگەسارت دەکەین
گەر زۆر پێشکەوتووخوازیش بین
نامانەوێت تۆ بۆ خۆت سەما بکەیت
ناچارت دەکەین
بە زوڕنای دەنگ گڕی ئێمە هەڵپەڕیت
نامانەوێت دنیای خۆتان هەبێت
هەموو بەدەنگێکی کۆراڵئاسا
ئەنەڕێنین و ئەقیژێنین
ئێوە جیهانی ئێمەن
وەک ئەو منداڵە گڕو دەگرین
بە میکانۆکانی جیهانێک دروست دەکات
نەکەن، بیرتان بچێت
ئێمەی پیاو
ئێوە بە میکانۆکانی گەورەییمان دەزانین
ئارەزوو دەکەین
جیهانێکی بێ رەنگ بخولقێنین

به دڵی ئێمه و لەسەر ئێسکی ئێوه
نامانەوێت هەست به بوونتان بکەن
باشترینمان ئەوەیه
وا بیر دەکاتەوه له پەراسووه گێڕەکەیەوه
هاتوونەته دەرێ و
ئەکتەری شانۆگەرییەکن
هەر خۆی نووسەر و دەرهێنەریەتی
ئەی ژن هەرگیز نەکەیت
باوەڕ بەم قسانەی منیش بکەیت
وا بزانی پیاوێکی جیاوازم
هەرگیز بەم قسەی باق و بریقانه تێمەکەوه
ئێمه هەموو یەک میتاڵین
جیاوازییەکه لەوەدایه
هەندێکمان له یاری شێوەگۆڕیندا
کارامه و لێهاتووترین
ئەگەر بۆمان بلوێ
دوا به یەکتان دەخەینه
تۆڕی خولیا شەهوانییەکانمانەوه
گەر بۆشمان نەکرێت
وەک ماری سڕ دەچینه قاوغی متبوونەوه
هەندێکی ترمان
مێشکیان له خوار ناوکیانەوەیه
هەزاران تۆپ قوماشت تێوه پێچرابێت

هەر وەک لەشێکی رووت دەتبینن
ئەمانە لەو پیاوانە پێکنەهاتوون
بە ئەبجەدیات نەخوێندەوارن
هەمانە کتێبی قەبە دەنووسێت
هەمانە چارەنووسی ملیۆنانی بەدەستە
هەمانە ئێوە زۆرتان خۆشدەوێت
ئاە کەمتان دەتوانن لە سۆنەرێکدا
ناوەوەی ببینن، تا بزانن
چ کەمتیارێکە لە پێستی کەروێشکدا
ئەی ژن
ئەمەت با بیرت نەچێت
ئەوانەی دەڵاڵی بە لەشتەوە دەکەن
هەموو پیاون
ئەوانەی خوێنت حەڵاڵ دەکەن
هەموو هەر پیاون
گەر بە رێکەوت
مێینەیەکیشیان لەگەڵ بوو
خوێنی پیاوسالاریی
بەدەمارەکانیدا دەگەڕێت
دەبێت ئەویش حسابی نێری بۆ بکرێ
ئەوانەی دەتکەنە کالآ
لە جەمخانەکانی بازاڕی ئازاددا
یەک بە یەکیان پیاون

ئەوانەی فوو بە شەیپوری جەنگدا دەکەن
کە تۆی تێدا لاقە دەکرێیت
هەر هەموو سمێڵ بابڕن
ئەوانەی تەنیا لە شیعردا
تۆیان خۆش ئەوێ
هەموو هەر نێرە زەلامن
ئەوانەی لە ژوانەکاندا
درۆتان لەگەڵ دەکەن
ژمارەیەکی بێشووماری کەر پیاون
رەنگە بڵێن
تۆ بۆ ئەم دێڕانە دەنووسیت؟
پرسیارێکی زۆر بەجێیە
لەوانەیە هیچ وەڵامێکم نەبێت
تەنها ئەوەندە نەبێت
ئەی ژن
باوەڕم بەوە هێناوە
تۆ هەر جەستە نیت
تۆ بۆ بێتاقەتی دەرکردنی من
نەئافرێندراویت
دەرچەیەک نیت بۆ خاڵیبوونەوە
لە هەڵچوونی غەریزە هەراشەکانم
نا، شتێکی گرنگتر هەیە بیڵێم
تکایە گوێم بۆ بگرە

بە خاتری گەیاندنی ئەم مەسیجە
رەچاوی شیعرییەتی ئەم دەقە ناکەم
دەمەوێت پێت بڵێم
وەک مرۆڤێک قبوڵت دەکەم
تۆش وەک مرۆڤ نەک پیاو
تەماشای خۆم و شیعرم بکە

دیسامبەری ٢٠١٤
ناو شەمەندەفەر
لە کۆڵن - ئەڵمانیاوە
بۆ ئارڕنهێم - هۆڵەندا

## پەیژەیەکم دەوێت
## پێیدا بڕۆمە خوارەوە بۆ دوێنێ

سەیر ونبووم
لە گێژاوی نوستالیژیادا
غەرقی شێی دوێنێم
هەزاران جار ئەمڕۆ دەکەمە
قوربانی تەمی پێرێ
هێشتا وەک مەیتێکی بۆنکردوو
لە کۆڵانەکانی شارێکی بێ ناز کەوتووم
ناتوانم بەسەر پردی ئێستادا
بپەڕمەوە رۆخی داهاتوو
بەسەر قادرمەیەکی پێچەوانەوە
هەنگاو هەنگاو
سەر بەرەو خوار رێ دەکەم
بۆ ناو ستیانی یادەوەریی و
ژێرزەمینی گەمەکانی منداڵی
جارڕسم لە دێوەزمەی ئەم هەموو بەرقە

شەڕی من لەگەڵ ئەلکتریکە
دەمەوێ وەک جاران
لەبەر شەوقی چرا
وەزیفەی وانەکانی قوتابخانە بنووسمەوە
ئای ئەمڕۆ چەندێک سەرشۆڕە
بە بەراوورد بە ویقاری دوێنێ
ئای ئەمڕۆ چەند تیژتێپەڕە
بە بەراوورد خاوخلیچکی دوێنێ
کە بەسەر پشتی کیسەڵەوە ڕێی دەکرد
گوێیەکانم ئیلتهاب دەکەن
بە بیستنی گۆرانییە قۆڕەکانی ئەمڕۆ
لە نێو نوێنی قەتار و هۆڕەدا نوستووم
دەهری دەبم بە دەنگی دی جەی
فێرم بۆ چێژی سترانێک
گوێ بنێم
بە رادیۆیەکی قیسارەی کۆنەوە
کە خشەخش
دەبێتە بەشێک لە موزیکەکەی
کینەم بەرامبەر هەر شتێکە
سەر بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بێت
عاشقی تاڵترین ڕۆژانی دوێنێم
هیچ پڕۆژەیەکم نییە بۆ ئایندە
پلانم هەیە بە سواری فڕۆکەیەکی کۆن

بگەڕێمە سەردەمی زێڕینی جاران
ئای چەند حەز دەکەم
بۆ چەند چرکەیەک کات بکەوێتە
ژێر رکێفی ویستەکانمەوە
ئەوسا ملی زەمەن بەرەو دوا بادەدەم
میلی کاتژمێرەکان
بە پێچەوانەوە دەبزوێنم
تا دەگاتە سەروەختی چاوشارکێم
لە گەڕەکێکی پەڕاوێزخراوی شاردا
تەمەنی ساڵەکان درێژ دەکەمەوە
رەنگە عومری هەر ساڵێکی منداڵی
بگەیەنمە تەمەنی ساڵێکی رووناکی
هەر ساڵێکی گەنجیش بکەمە
هێندەی تەمەنی کورتی نوح
ئای چەند نیگەرانم
ماڵت بە قوڕ بگیرێ دیموکرتیس
چەند بێ ویژدانانە فێرت کردین
ناتوانین دوو جار لە ئاوی رووبارێکدا
تێر بە کامی دڵ مەلە بکەین
هەنووکە ددان بە خودایەکدا دەنێم
دەسەڵاتی هەبێت لە ٢٠٢٠وە
زەمەن بەرەو خوارەوە بگێڕێتەوە
ئاڕاستەی ساڵەکان پێچەوانە بکاتەوە

کۆتایی بەپێشقەچوونی مێژوو بهێنێت
ئەمە کاری خوایەتییە لە ئەمڕۆدا
ئاخر من نامەوێت
لەمەوپاش ببینم
ناشخوازم بمرم
دەمەوێت بچمەوە
ناو قۆزاخەی رابردوو
لەوێ لە بری سمارت فۆن
دوو قاپی بەتاڵی ئایس کرێم
بکەمە تەلەفۆنێکی وەهمی
لە جیاتی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێت و
بچووکبوونەوەی دنیا بۆ گوندێک
بە هێزی خەیاڵ گەشت بکەم
ئەو باوەڕەم بۆ بگەڕێتەوە
ئەم دنیایە زۆر لەوە گەورەترە
ئەمڕۆ مرۆڤ بچووکی کردۆتەوە
هیچ کات
تەلیسمی جوگرافیا ناکەمەوە
بە نێو داهاتوودا گەشت ناکەم
بەڵێن دەدەم
هەر لە شوێنی خۆم بمێنمەوە
هەر لەوێ لە حەوشەی ماڵی دوێنێ
کەڕوو بکەم

خودایەکم دەوێت
دەسەڵاتی بەسەر زەمەندا بشکێت
دوو دڵ نەبێت لە پێچانەوەی ئەمڕۆ
بۆ نێو باوەشی گەرمی دوێنێ
من خودایەکی ئاوهام دەوێت

کۆتایی ئۆگەستی ٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

ئەم تێکستە لەناو تەوالێتدا نووسراوە، ئەو دیمەنە درۆزنانەی بە فەزای شاعیریی ناسراوە بۆ من وا نەبووە، هیچ کات لە نێوان مۆم و لە باڵکۆنی ماڵێکی ئارامەوە هیچم نەنوسیوە، من زیاتر لە نەخۆشخانە و تەوالێتدا دەنووسم

# لەناو ئەشکەوتی داڵغەدا مردم

گوناهی من چییە
پەروانە ڕێی شەمعی ون کردووە
نەورەس
دڵی لە دەریا شکاوە
پەنجەرە
بەسەر شەقامی شکاندا دەڕوا؟
خۆ من دەمویست
گۆزەی بە تاڵی ژیان
پڕ بکەم لە گۆرانی
گوڵە شەکەتەکان
لە جۆلانەی باخدا ڕاژەنم
ختوکەی ئاو بدەم
تا باران بکەوێتە پێکەنین
خۆ من دەمویست
خۆکوشتن

له مێشکی هەتاو دەربهێنم
خەیاڵی مانگ
لێوانلێو بکەم له تریفه
بەفر قایل بکەم
به سپێتی خۆیەوە ببارێته
سەر پرچی چیایەکی هەڵکرِوزاو
خۆ من دەمویست
عەرەبانەی ژیان
بەرەو خۆشەویستی پاڵ بنێم
دەفری یادەوەریی
سەرەورێژ بکەم له مێوژی ئەمرِۆ
جۆگەله باریکەلەکان
لەسەر میراتی رووبار نەبێته شەرِیان
شەوە برینگەکان
له ناو نوێنی دوو عاشقی سەرشێتدا
وەکو نانی تیری تەرِ بکەم
خۆ من دەمویست
زمانی درێژی
بایەقووشی تفەنگ ببەستم
سەنگەرەکان
به گوڵه بەیبوون برِازێنمەوە
شەرِگاکان
گولەی گوڵاویان تێدا بتەقێندرێ

زۆرترین گوڵ بکوژرێن
زۆرترین گوڵاو بڕژێت
من دەمویست
هێڵی سنووری وڵاتان
لە بری خوێن
بە بەرائەتی منداڵان قیرتاو بکەم
شۆڕشێک چێ بکەم
دژی شۆڕش
دژی ئەو شۆڕشانەی لەسەر
کەللەسەر بینا دەکرێن
قوتابخانەیەک ئاوەدان بکەمەوە
دژی هەموو قوتابخانە نەریتییەکانی تر
لەوێ فەلسەفە
هونەری مەرگ و
پیشەسازیی چەوساندنەوە نەبێت
تێیدا ژیان بخەمە
سەرشانی لێبوردەیی
من دەمویست، جیهان
باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی نەبێت
هەندێک لەسەر بورجی عاجی خۆشگوزەرانی
قاچ لەسەر قاچ دابنێن
هەندێک تر لەژێرەوەڕا
دنیا فەرامۆشیان بکات و

بە دەم حەسرەتەوە چاو لێک بنێن
من دەمویست
عودێک بدەمە دەست مۆسیقارێک
ئاوازێکی نوێی پێ بژەنێت
گوێیەکانمان نەیبیستبێت
قەڵەمێک بدەمە دەست شاعیرێک
شیعرێکی تەڕی پێ بنووسێت
بۆنی ژیانی لێ بێت
فڵچەیەک بدەمە دەستی شێوەکارێک
پۆرترێتێک بکێشێت
هەموو ڕەنگەکانی نیشتمان
لەناویدا بدرەوشێنەوە
من دەمویست
هیچ مۆمێک نەکەوێتە
بەر نەفرەتی فوو
گۆزەی هیچ لێوێک
لە کانی ماچ بە بەتاڵی نەگەڕێتەوە
بەردی گومان
ئاوێنەی خۆشەویستی
هەپرون هەپرون نەکات
ئاسمانی دڵی هیچ عاشقێک
برینداریی لێوە نەبارێت
غەمگینی لێوە نەبارێت

خۆکوشتنی لێوە نەبارێت
تەنهایی لێوە نەبارێت
هەڵوەرینی لێوە نەبارێت
کاتێک هیچ شتێک
بە ویستی من نییە
لەم بەستەڵەکی مەنفایەدا
یەک یەک
خەونەکانم دەسووتێنم
داڵغە تەزیوەکانمی
لەبەر گەرم دەکەمەوە

٢٠١٩-٦-٢٧
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# دڕکی ئەو خەونانەی لە چاوەکانم دەچەقن

من لەژێر هەوری ئازارەکانمدا
پیاسە لەگەڵ سێبەرەکەم دەکەم
گوێقوڵاخی لرخە لرخی
سەعاتەکەی دەستم و
خشەی پێی شیعرێکم
خۆم دەبینم بە تەڕیی
بە دوو جلگرەی چوارشانە
بە تەنافی یەئسەوە هەڵواسراوم
دەنگم وەک زیقەی
ئەو قوتووە ژەنگاوییە وایە
مناڵێکی لاسار
لە کەلاوەیەکدا شەقی تێهەڵدەدا
مژ لە بێهودەیی دەدەم
ناسۆر هەڵدەقورێنم
یەکەمین ڕێبوار بەلامدا تێدەپەڕێت

به تەوسێکەوە پێم دەڵێت
تۆ شیکترین شێتی شار و
ئاوەزمەندترین ئاژەڵی دنیایت
دووەمین ڕێبوار دێت
دەیەوێت وەک خواردنێکی ئێکسپایەر
فڕێمداتە تەنەکە خۆڵی ژیانەوە
یان وەک جگەرەیەکی تەواوبوو
بمخاتە تەپڵەکی گریانەوە
سێهەمین ڕێبوار هات
تفێکی ڕۆ کردە بەردەمی
ڕەشەبایەکی ناوەخت
بۆ سەروچاوی منی هێنا
ئەو هەر منی نەبینی و
منیش گوێم لە دەنگی نەبوو
چوارەمین ڕێبوار
بە سەرخۆشی گەشتە لام
دەستی لە ناو مەمکی شیعردا بوو
هەر ئەوەندەی توانی، بڵێت
عەشق بەفرێکی سووتاوە
ئاگرێکی سەرمابردەڵەیە
ئیدی بەدەم ڕێوە بورایەوە
پێنجەمین ڕێبوار
وەک ئەوەی لە بەلەمی بروسکەدا بێ

بەخێرایی بەلامدا تێپەڕی
بە دەنگێکی نوساوەوە
هاواری دەکرد
ژیان تەڵەی مشکە
لە مێژە قاچمان کەوتۆتە ناوی
تاکو پشیلەی مەرگ دێت
شەشەمین رێبوار
بە رۆبێکی خۆشتنەوە
بە قژێکی لولی ماش و برنجییەوە
لەبەردەممدا قووت بووە
وا پێدەچوو بیەوێت پشوویەک بدا
هاتبوو وەسیەتێکم لا بکات:
کوڕم سیاسەت کۆترێکی مەکرباز بوو
تەنها ریقنەی بەسەردا باراندم
حەوتەمین رێبوار
ژنێکی سەرتاپا سپی پۆش بوو
چاوەکانی وەک ئەڵماس دەدرەوشانەوە
پەنجەکانی بۆنی مێخەکی ئەوینیان لێ دەهات
لە تەنیشتم دانیشت
ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگی مایەوە
یەکەم و دوا قسەی خۆی کرد:
من نەهاتووم بۆ رۆیشتن
من ناوکی قۆخی دڵتم

من لمی کەناری رووباری عەشقتم
من شەماڵی هاوینی تەمەنتم
من ئەو ژنە تریفەییەم
لە دالانی یەکەمین خەونەوە
تاکو کۆتا خەون
چاوت بۆ دەگێڕا
لەم کاتەدا چاوەکانم کردەوە
بە کامی دڵ تەماشام کرد
ئاە چ ناخۆش بوو
ساتێ حەزحەزێکی خوێڕی
وەک ئەوەی نەقیزەیەک بکات
بە لا قەبرەغەی گوێدرێژێکدا
بە نوکی پێڵاوەکانی رایچڵەکاندم
ئەوسا زانیم
لە تەنیشت شەشەمین رێبوارەوە
لەسەر شۆستەی شارێکی خامۆش
خەوێکی قووڵ بردومییەوە

٢٠١٩-٧-٢٤
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# مارشی بێهودەیی

چەند رووگرژە چرکەکانی تەمەنم
شێوەی دەچێتەوە سەر ژەنەراڵێکی بەزیو
بە لەشکرێکی هەڵاتووەوە
چەند تفتە پێکی ئەم شەربەتەی وجود
رووخساری لە چوالەیەکی تاڵ دەچێت
لە نێو زاری شیعرێکی منداڵکاردا
چەند ئازاربەخشە ئەم رۆژە چاوەڕوانەی
خۆر لە دەمی کەلەوە ئاوا دەبێت
بە عاجزیی و بەدزیی منەوە هەڵدێتەوە
چەند سەختە ژانی هەناسەدان
هەر دەڵێی هەوا ئاگرە و هەڵیدەمژم
هەر دەڵێی بای دۆزەخە
لە هەناوما گڤەی دێت
چەند قورسە مرۆڤبوون
بۆ ئەوانەی

لە زمانی خۆشەویستی تێدەگەن
بۆ من کە میهر دەچێنم و
کینە دەمدورێتەوە
چەند بێمانایە گەمەی ژیان
وەک ڕێکردن وایە
بەسەر شەقامێکی چەقۆڕێژدا
کێ دەتوانێ
بەبێ برینی گەورە گەورە
بەسەریدا تێپەڕێ؟
چەند تەمومژە ئەم سەر زەوییە
لە شوێنێک دەچێت
بۆ کەرنەڤاڵی خوێنی ڕژاو و
فەزایەک بۆ لە خاچدانی تروسکەی خەیاڵ
چەند ناسازە ئەم دەنگە نوساوەی مێژوو
ناو سکی تەژیە لە زامی قووڵ قووڵ
لە سوێندی درۆی هەزاران سیاسەتمەدار
چەند قورسە جانتای پڕی بیرەوەریی
لە ئانی پەڕینەوە بەرەو ئێستا
لە شانت دەکەوێتە خوارەوە و
خۆی دەخاتە باوەشی ڕەشەبا
هەرچی نهێنی ئابڕووبەرە
دەکەوێتە سەرەتاتکێ
چەند ئاسانە سەربڕینی ئیسماعیلەکان

بە کێردی ژەنگاویی ئایدۆلۆژیا
بە شمشێری سندان لێداوی سیاسەت
چەند تاریک و نادیارە ئاسۆ
لەنێو دوکەڵی درۆدا چاو چاو نابینێ
هەر ئیبلیسە دەستی ناوەتە بینی رۆشنایی
چەند چۆڵە ویژدانی دۆڕاوی مرۆڤایەتی
کەس نییە لەسەر کێلی گۆڕێک بنووسێت
ئەم مردووە ژیان بە دڵڕەقی خۆی کوشتی
چەند بێزارکەرە دەنگی واعیز و مەلاکان
لەوەتی هەن
حەڵوای ژەهرمان دەرخوارد دەدەن
تەنافی سێدارە بۆ ئازادییمان دەچنن
چەند وێرانە ئەم شارە ئاوەدانە
چۆلەیەک نابینی
باسی خۆشەویستی بکا
باخەوانێک بەدی ناکەیت
گوڵێکی تەنها ئاو بدا
کەناسێک نابینیت
خاشاکی رق گسک بدات
چەند بەستەزمانە
باڵندەی باڵکراوی پێکەنین
لە هیچ شوێنێک خۆی بۆ نادۆزرێتەوە
کەسێکی راستگۆمان تێدا نییە

پێی بڵێ
گەورەم تۆ مردوویت
گۆڕستانەکان بۆ خۆت بگەڕێ
چەند دووبارەیە حیکایەتەکانی شەهرەزاد
چیتر توانای ڕاگرتنیان جەنگیان نییە
بە شەهرەزادەکان بڵێن
مەرکانەی خۆشەویستی
بەشی لێو تەڕکردنێک
ئاوی تێدا نەماوە
چەند کابووساوییە ئەو خەونانە
ناتوانن ماچێکی کاڵ
لە خۆیاندا جێ بکەنەوە
ناتوانن سینگی هێشوویەک تیشک
بە خۆیانەوە بگوشن
ناتوانن پرسیارێکی غەریب
لە هیچ موسافیرێک بکەن
ناتوانن چاویلکەیەک
بخەنە چاوی هیچ ڕێبوارێکی چاوکزەوە
چەند دۆزەخە ئەم ژیانە
چەند خۆڵاوییە تەمەنم
عومرم دارێکی چەند زڕە
بەهێی ژوانێکی تر ناگرێ
چەند وەحشەتناکە داهاتوو

ئەو دەمەی دەبینم
ئایندەم دوو گیانە و
خەریکە کۆرپەیەکی دەبێت
چەند تاڵە ئەم سەرنەویشتە
کە مەحکومم بەوەی
ساواکەم ناوبنێم وەرین
و
ە
ر
ی
ن

٢٨-٨-٢٠١٤
سویسرا - لوزێڕن

# تاسەی عەشقێکی ناکام

لەودیو پەنجەرەوە لێم مەڕوانە
شوشەش گەرد دەخاتە سەر سپێتیی من
وەرە ئەم دیو پەنجەرەکەوە
سەیری پەردە ئەستوورە مۆرەکە مەکە
بڕوانە سپێتی هەست و
ڕەشێتی چارەنووسم
تۆ ئەی فریشتەی پەمەیی پۆش
خەیاڵت بۆ جێگەیەکی دوور نەفڕێت
چاو بۆ گوڵێکی بابردوو مەگێڕە
ئەوە دڵتە هێندەی خۆت لێم نزیکە
ئەوە ڕۆحمە لە چاوەکانتدا دەشنێتەوە
تۆ ئەی فریشتەی عەیار و بەناز
گوێم لە دەنگی سازەکەت نییە
تەڵەکانی یەک یەک وەک بزەکانم وەریون
تۆ دڵی خۆڵەمێشی ساردەوەبووت بۆچییە
گەر پێشتر نەفرەتت لە ئاگردان کردبێت؟

چیرۆکی چی دەخوێنیتەوە
گەر بەر لە دەستپێکردن کۆتایی هاتبێت؟
هێشتا هەر لەودیو پەنجەرەی عاتیفەوە
لەناو بێستانی سوتماکی هۆشەوە
هەر خەریکی لێکدانەوەی خەونەکانی خۆتیت
خەونگەلێک لە شێتخانەی عەقڵدا سەر دەنێنەوە
تۆ ئەی فریشتەی هاروهاج
بیرتە پێم گووتی هەر لە نیگامدا بمێنەوە
نەکەیت بفڕیتە ناو غوباری بیرەوەرییمەوە
بزێو بوویت بە سنگەخشکێ خۆتە گەیاندە
چینی هەرە ژێرەوەی یادەوەرییم
ئێستا بەدوای هەر نهێنییەکدا بگەڕێم
دەست بخەمە ناو مێشکم
بۆ بیرهاتنەوەی هەر شتێک
ئەوەی لەمسی دەکەم هەر تەنیا تۆیت
نە دەتوانم دەرتبکەم
نە دەتوانم راتبگرم
پێم بڵێ بۆ واتکرد گەر دەتزانی
تەنیا لەناو بیرکردنەوەمدا دەمێنیتەوە؟
ئەی فریشتەی بێ باڵی سەر زەوی
ناشێ لە بیرت کردبێت
بەدەم نەفەسی سیگارەکەمەوە پێمگووتی
قەڵایەکی زەمەنی بزربووی ماددەکانم

تەنیا دەرگای چوونە ژوورەم هەیە
هیچ دەروازەیەکم نییە بۆ راکردن
ئێستا دەبینم
ناکامانە لە دەرگاکان دەڕوانیت
نا، ئازیزم بەهەر دەرگایەکدا تێپەڕیت
دەتهێنێتەوە نێو هەناوی من
گووتم لە بیری مەکە
دەروازەیەکت نییە بۆ دەرچوون
تۆ ئەی فریشتەی هەناسەسواری رێ
باوەڕ ناکەم لە بیرت چوو بێت
لەپاڵ تارمایی پیاوێکی تردا بوویت
چرپاندم بە گوێتدا و پێمگووتیت
ئەو رێگایەی خۆت گرتووتە بزری مەکە
بەهەر رێگەیەکی تردا بڕۆیت وێڵ دەبیت
بەهەر رێگەیەکی تردا هەنگاو بنێیت
لە کۆڵ خۆیانت دەکەنەوە
کۆتایی هەموو رێگاکانیش دێنەوە
سەر رۆمای عەشقی من
چما وا زوو بیرت چوو؟
هەموو ئەو رێگایانەی پێیاندا تێدەپەڕیت
دەتهێننەوە سەر رێگا تەنهاکەی من
تۆ ئەی فریشتەی هەمیشە گریاو
ناکرێت لە بیرت چووبێتەوە

لەناو کەشتییەکە سوورەکەدا بوویت
بە دەنگێکی شەپۆلاویی پێم گووتیت
وریابە، ئەی کاپتنی کەشتی سەرەڕۆیی
هەر کات نقووم بیت دەکەویتە
نێو قووڵایی ئۆقیانووسی بێ بنی دڵم
ئەمێستا بەخۆت و
کەشتییەکەتەوە نقوم بوویت
تۆ کە مەلەوانی نازانیت
بۆچی بیر لە جێهێشتنی
ئەم زەریا ئارامە دەکەیتەوە؟
تۆ هیچ چارەیەکی ترت نییە
وەک سەدەفێک هەر لێرە دەمێنیتەوە
تۆ ئەی فریشتەی بێدەنگ و دڵشکێن
تێناگەم چۆن خێرا لە بیرت کرد
لە رۆژێکی گەرم لە ژێر بڵێسەی هەتاودا
بە سەدایەکی گڕگرتوو پێم گووتیت
ئەوە عەشقی منە
لە هەورێکدا چڕ دەبێتەوە
نم نم بەسەر عومری وشکتدا دەبارێت
نەکەیت چەتری دابڕان هەڵبکەیت
بارانی من لە خۆت دوور بخەیتەوە
ئێستا خۆ دەبینیت
بە چەتری شکاوی دەستتەوە

وەک چۆلەکەیەکی تەزیو هەڵدەلەرزیت
لەبەردەم رەهێڵەی مەرگی ناوادەی مندا
ئاخر نەدەکرا ئەمە لە بیر بکەیت
نەدەکرا ئەم کارەساتە رووبدا
نەدەکرا ئەم چارەنووسە
بۆ خۆت بنووسیتەوە
جۆگەلەی چاوەکانت
بێ پسانەوە
خوێنی منی لێ هەڵقوڵێ و
تا قیامەت خوڕەی بێت

کۆتایی هاوینی ٢٠١٣
پاریس - شانزێ ئەلیزێ

## تۆ چی دەزانی
## لەبارەی پیاوێکەوە لەناو خۆیدا گرمۆڵە بووە؟

تۆ چی لە بارەی پیاوێکەوە دەزانی
لە نێو مەراقەکانیدا دەگەوزێت؟
چەندان جار خۆی کوشتووە
وەک پشیلەی حەوت رۆح نەمردووە
چەندان جار لە وەجددا
نقوم بووە و نەخنکاویشە
دەیان جەنگی هەڵگیرساندووە
لە شتاقیاندا سەرنەکەوتووە
هەزاران سڵاوی بۆ کۆتر ناردووە
ئەو هەر بێزیشی نەهاتووە
تاقە جارێک بۆی بگمێنێت
هەزاران شیعری رۆمانسی نوسیوە
هەزاران جار تەریق کراوەتەوە لەسەری
بە پۆزەوە دراونەتەوە بە چرۆچاویدا

سەدان جار لەناو خۆیدا ون بووە
دەیان جار لە دوورگەیەکی بزردا
خۆی دۆزیوەتەوە
دەیان جاری تریش
پێکی شەیدابوونی
بۆ ژمارەیەک سۆزانی تێکردووە
پاش خوماربوون
لەنێو حەرەمسەراکەیدا هەڵفڕیون
زۆر جاریش وا روویداوە
کۆمەڵێک داڵەکەرخۆرەی مێ
نێرینەییان کرۆژتووە
دوا دەنووکیشیان لە دڵی داوە
تۆ چی دەزانیت
لە هەمبەر ئەو پیاوە ماندووەی
دوای کڵاوی بابردووی خەیاڵ و
روئیای هەڵوەریوی خۆی کەوتووە؟
لەوەتی خۆی دەناسێت
تۆوی پێکەنین دەچێنێت
هێندە بەدشانسە
هەر هەنسک دەدورێتەوە
دەستی میهر بەسەر جوانیدا دەهێنێت
دەستەیەک چەتەی فیکریی

ئاوی روونی ناوبانگی لێڵ دەکەن
لەوەتی فامی کردۆتەوە
شیعر بە باڵای گوڵدا هەڵدەدات
هەموو کات و لە هەموو وەرزەکاندا
دڕکی تۆمەت لە رۆحی دەچەقێت
دەیەوێت بەهەشت بگوازێتەوە
بیکاتە گەڕەکێکی بۆنخۆش لە نیشتمان
گروپێک تارمایی دەستوەشێن
بە باڵ راکێشان فڕێی دەدەنە
بەشی خوارەوەی دۆزەخ
لەوەتی بوونی هەیە
بە ژوانی ژنێکەوە دوو گیانە
ئاە چ بەدبەختییەکە
هەر زارۆی دابڕانی دەبێت
چاوەڕوانی شەماڵی موحیبەت و
توانەوەی ئانی ماچە
هەر گەردەلولی رق راپێچی دەکات
بۆ مەملەکەتی تێکشکان
بۆ ژێر کەپری دڵشکان
تۆ چی دەزانیت
لە بارەی ئەو پیاوە تاساوەی
زمانی لە بەستەڵەکی قەدەرێکی بەددا

بەستوویەتی و
بە زوبانی دڵ قسەمان بۆ دەکات؟
ئەو هیچ چیرۆکێکی خۆشی نییە
بۆ جۆشدانی شەوانی گوێ ئاگردان
بەشی پێنج دەقیقە
خۆشی نییە، بۆ گێڕانەوە
بە سەدان سەعات
باسی عەزابەکانی بکات
هەر تەواو نابن و بێزار دەبین
لەو حکایەتی مێشە
هێندە کەساسە
هیچ زمانێک نازانێت
سەر بە ئێستا بێت
بە زمانی پەتی دڵ قسە دەکات
هیچ لە مەکرونازی عەقڵ تێناگات
زوو زوو وەک دەریا هەڵدەچێت
خێرا خێراش مینا هەور دەتوێتەوە
بە بەرامەی ماچێک بە بۆن دەکەوێت
بە وشەیەکی ئاڵ سەبوری دێت
بە زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەما
بە پیاڵەیەک مەی رووت دەبێتەوە
بە داگیرسانی مۆمێک نەشە دەبێت

به نیگای ژنێک دەکەوێتە باڵەفڕە
بە چاوداگرتنێک سەراسیمە دەبێت
ئەو تەنیا لە هێماکان تێدەگات
بێزارە لە سواویی وشەکان
بێزارە لە درۆی ناو تێکستەکان
قەڵسە لە دەبڵ مۆراڵی زمان و
دەستەوەستانی مرەکەب
تۆ چی دەزانیت
لەبارەی ئەو پیاوە پەڕاگەندەی
لە نێو نیشتماندا
تفبارانی مێژوویان کرد
لە غوربەتیشدا
کردیانە خۆراکی دەستی کاری هەرزان؟
هەمیشە کۆڵبەری غەمەکانێتی
موفەڕکی یاخیبوون لە مەچەکیدایە
بەردەوام وێڵی کلیلێکە
دەرگای نەهامەتی پێ دابخات
خۆشەویستی پێ بکاتەوە
لە هەر شوێنێک
درەخت ئازار بدرێ
لقێکی بریندارە
لە هەر شوێنێک

سەری عەشق پان بکرێتەوە
شەهیدی ئەوینە
لە هەر جێگەیەک
جوانی مەست بێت
پێکێکی خەستە
لە هەر جێگەیەک
قورگی ستران بگیرێت
سۆلۆیەکی راپەڕیوە
لە نێو هەر خەونێکی کورتەباڵادا
بەژنی بەرزی ئازادییە
لە نێو هەر زەمەنێکی بەقوڕ گیراودا
مزگێنی ئاسۆیە
لە داڵغەی رەشی هەر جەلادێکدا
تارمایی شۆڕشە
تۆ چی دەزانیت
لە هەمبەر ئەو پیاوە غەریبەی
تەنهایی هەڵیدەگڵۆفێت
لە ئێوارەیەکی نەرمدا
لەناکاو هاڕە دەکات؟
ئەو نوێنەری غەمگینییە لەسەر زەوی
باڵیۆزی دەوڵەتی گۆشەگیرییە
لە خانەقای وێرانبووی شیعرەوە

موناجات بۆ خەوزڕانی خۆی دەکات
پێنووسێکی دڵخۆشی هەبوو
ئازار زەفەری پێ برد
وەهمی عەشقێک فریوی دا
بەردەوام پوشی وشە کۆدەکاتەوە
دەیکات بە هێلانەی قەسیدە
لە بەدبەختی ئەودا
ساڵەکەی دەبێتە وەیشوومە
هێلانەی تێکوپێک دەدرێ
بەردەوام زەردەخەنەی کۆدەکردەوە
تەمای ئەوەبوو بیکاتە
سەمفۆنیایەکی تولانی پێکەنین
لەبەدبەختی ئەودا
وەرزەکەی نەهات بوو
فرمێسک بە لێزمە دەباری و
زریانی گریان
ماڵی پێکەنینی راماڵی
ئەو لە چاخی سەهۆڵبەنداندا
چاوی بۆ هەتاو دەگێڕا
لە قرچە قرچی هاوینی غوربەتدا
تینوێتی بە ماچی
کچێکی نیشتمانەکەی دەشکا

له نێو گۆڕی یادگارییەوه
به هەناسەبڕکێ
تەماشای ئێستای خۆی دەکات
بەدەم ناڵینەوه چاوەکانی دادەخا

٢٠١٨-١١-١٥
ئەڵمانیا- گوتەرسلۆ

# ئەم شیعرە ناونیشانی نییە

بووم بە ژێر فرمێسکی خۆمەوە
خوێن بە لاجانگی شاردا دێتە خوارەوە
ڕۆژژمێری وڵات خوێناویی بووە
جارێکی تر
خوێن مێژوومان دەنووسێتەوە
گوڵە بۆنخۆشەکانی شار
چقڵی خۆیان پێدا دەچەقێت
تەمومژی مەرگ
ئاسمانی شاری داپۆشیوە
من لە نێو تەمومژی دەقێکدا
بە دوای سەری قرتاوی ئازادیدا دەگەڕێم
ناتوانم لە نێرڤانەی خۆم بێمە دەر
دەمەوێت بڕۆم شەقام بهەژێنم
دەشترسم خوێنی ئاڵم بکرێتە
یەکەم پێکی ئاشتبوونەوەی ئەو بۆقانەی

لە زەلکاوی سیاسەتدا دەقیرێنن
ئەمڕۆ شۆڕشێکم بینی
خەونی نیشتمانی لەبارچوو
باوەڕ بە گوێچکەکانی خۆم ناکەم
ئەو دەنگە نەسازە مەرگهێنە
فیشەکی نەفامی کوردایەتی بێت
ئازادیی و نان بکاتە نیشانە
باوەڕ بە چاوەکانی خۆم ناکەم
ئەو تابلۆ توێ توێ کراوە
تەرمی چرۆیەکی تازەی وڵاتە
لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەهاردا هەڵدەوەرێت
باوەڕ بەو میهرەجانە خوێناوییە ناکەم
لەسەر شۆستەکانی ئەم شارە
هەلهەلەی تەفروتوناکردنی جوانی لێدەدا
زۆر دەستەوەستانم
لە کتێبخانەی ماڵەکەمدا دێم و دەچم
وەک ئەوەی حەشیشم کێشا بێت
یان بە خەنجەر بیرکردنەوەم جنرابێت
حەوسەڵەی لادانی پەردەی هۆدەکەمم نییە
لە ترسی بینینی ئەو بەچکە شەیتانانەی
مەیلی رازاندنەوەی مەرگیان هەیە
لە ترسی بینینی ئەو دەمامکدارانەی

دەلاڵی بە خوێنبەربوونی شارەوە دەکەن
لە ترسی بینینی ئەو گوللە ئێسک تاڵانەی
بە پەلەپڕوسکێ لە چەکی ژەنگاوی
ئەهلی شۆڕشی چەواشەوە دەردەچن و
لەشی خۆرەتاو قاژ قاژ دەکەن
لەترسی بینینی
ئەو قاچاخچییە فێڵاوییانەی
نیشتمانیان بە سنوورەکاندا پەڕاندەوە
لە ماڵە دراوسێکاندا هەڕاجیان کرد
هەنووکەش کون و قوژبنی شاریان
پڕ کردووە لە دوکەڵی شەرمەزار
دەیانەوێت شکۆمەندیی پێ بخنکێنن
سەرم وەک شاخێکی سەهۆڵ بەستوویەتی
شۆڕم کردۆتەوە بۆ ناو پشکۆی دڵم
هێشتا هەڵدەلەرزێت و قسە دەبڕزکێنێ
لەوە دەچێت ئاخاوتنی بیر چووبێتەوە
رەنگە لە جەلادەکانی شار تۆقیبێت
نەیەوێت لە ختوخۆڕایی بکەوێتە
بەر دەستڕێژی ئاگری دۆزەخی تووڕەییان
لە خۆم ناگەم، هیچ لە خۆم ناگەم
وەک ئەوەی ماخۆلانم گرتبێت
بە کۆڵانەکانی بێ ئۆقرەییدا

هاتۆچۆ دەکەم
دەمەوێت بڕۆم شەقام بهەژێنم
دەشترسم نەشوەی ئەم خەونە بزێوە
ببێتە مەرامی کۆبوونەوەی قالۆنچەکان
لەسەر مێزی کۆبوونەوەی ئاودەستەکان
دەترسم و دەمەوێت
دەمەوێت و دەترسم
هیچ هەڵپەیەکم بۆ ناکرێت
تەنها ئەوەندە نەبێت
بە کوڵ دەگریم
فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ
کوڵمەکانم دەکاتە جۆگەیەکی رەش
شاریش تا کەمەری
لە خوێندا نقوم بووە
خ
و
ێ
ن

٢٠١١-٢-١٨
رۆژی هەینی - کاتژمێر یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆ
سلێمانی - گەڕەکی فەرمانبەران

تێبینی: ئەم شیعرە رۆژی دوای خۆپیشاندانی گەنجانی شاری سلێمانی لە رۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ نووسراوە. ئەو دەم لە راڕاییەکی دەروونی گەورەدا بووم، ئایا ببمە بەشێک لە خۆپیشاندەران یان دوورەپەرێزی هەڵبژێرم؟. رەوتی رووداوەکان بەو بڕوایەیان گەیاندم دوورەپەرێزیی هەڵبژێرم، لێ بەو هۆیەوە بە زۆری زۆردارەکی رایانکێشامە نێو بەرەی دژەوە، چوونکە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ستالین ئاسا، ئەو تێزە سواوەیان گەرم دەکردەوە ئەوەی لە بەرەی ئێمە نەبێت لە بەرەی نەیارەکانمانە. هەرچەند ئەم شیعرەم هەمان رۆژ نارد بۆ سایتی کوردستان نێت و بڵاوکرایەوە، کەچی ئەوان دەیانویست من بچمە ریزی ئەو ئیخوانیانەی دەستیان بەسەر ناڕەزاییەتەکەدا گرت و بەردەرکی سەرایان کردە گۆڕەپانی تەحریری قاهیرە و نوێژی بە کۆمەڵیان تێدا دەکرد، دواجار وا شکایەوە بکەومە بەرەی بەرامبەرەوە، هەرچەند ئەوە تاڵترین ماوەیە لە ژیانی تایبەتی مندا.

# سۆناتای خۆشەویستی

هەروەک چۆن رابردوو
دەبێتە پۆشاکێکی کۆن
زەمەن بەرگی ئێستا دەکاتە بەر
جلی بۆ ئایندەشت دووریوە
من لە رابردوودا عەودالّت بووم
لە ئێستا تۆم دۆزییەوە و
خۆشم ویستی
لە ئایندەشدا لە توێی دڵی تۆدا
گۆڕێک بۆ خۆم هەڵدەکەنم
خەیاڵ بکە بەو جۆرە
خۆشم ئەوێی
****
رابردوویەکم نییە بۆی بگریم
داهاتووشم نییە چاوی تێ ببڕم
بە تەنیا ئێستام هەیە
تۆم تێدا خۆش ئەوێ
هەموو ئەوەی لە کتێبەکەمدا

نوسیوومە
بریتییە لە سێ دێڕ:
بە قەد قورسیی رابردوو
بە قەد گەورەیی داهاتوو
هێندەی شیرینی ئێستا
خۆشم ئەوێ
****
لە پشتی کتێبەکانەوە
خۆم حەشاردا
لە ناو پێخەفی شیعردا ئەنوستم
لە شەوانی نوتەکدا
بیرم ئەکردەوە
چرایەک شەلاڵ لە خۆشەویستی
منی لەنێو غوباردا دۆزییەوە
ئەمێستا دەستم لە ژێر چەناگەم
وەک دوو کۆڵەکەی رزیو راگرتووە
کۆژیتۆیەک ئەنووسمەوە:
تۆم خۆش ئەوێ کەواتە من هەم
هەر وەک ئەو فرمێسکە روونەی
بەسەر غەمەکانمدا ئەبارێت
خۆشم ئەوێ
****

زۆر گوناهی گەورەم ئەنجام داوە
شەوێک ژوانم لەگەڵ تریفە بەستووە
شەوێکی دی
مژم لە سیگاری خەونێک داوە
شەوێکی تر
گوڵم لە باخی گریان رنیوە
شەوێکی تریش
نزام بۆ شاعیرێک کردووە
لەبەردەم ئازاردا
روومەتی شیعرەکانی ئەڕنی
من گوناهباری گەورەی
ژێر پەردەی رەشی شەوەکانم
هەر لە شەودا دڵی خۆمم
بە دارتێلی شەقامی ئەوینەوە هەڵواسی
دە تۆ وەرە نزیکم
با بە گوێتا بچرپێنم
هێندەی هەموو گوناهە سپییەکانم
خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی
****

٢٠-١٢-٢٠١٨
ئەڵمانیا - کۆڵن

# سۆناتای شاعیر

لەسەر دیوارێکی کۆنی شاری بابل
بە خەتێکی بزماریی نوسرابوو:
خۆشەویستی خۆی بە شیعر دادەپۆشێ
چاو دەبڕێتە کەشتی عاتیفە
بەسەر کێوی ئارەزوودا سەردەکەوێ
دێوانەیەک لەولاوە پەیدا بوو
بە قوڵنگی دەستی
دێڕێکی تازەی هەڵکۆڵی:
عەشق مۆمێکە
لەو کاتەی بەناو تونێلی نوتەکی ژیاندا
ڕەت دەبین

****

شاعیرەکە عاشق ببوو
مەرکانەی بەتاڵی هەستی پڕ دەکرد
لە گوڵە هێرۆی خۆشەویستی
ئاگری لە لەشی شیعر بەرئەدا
لەسەر شوشەی شکاوی دڵ
سەمای ئەکرد
بۆنی کەزی ژنێک لە رۆحی ئەهات
بەدزی عەقڵەوە خەونی ئەبینی
نوکی قەڵەمەکەی تۆفانێک بوو
لافاوی ماچی لەگەڵ خۆی ئەهێنا
ئەمەش حکایەتی خۆم نییە

****

پێدەچێت مردن سامناک نەبێت
ژیانیش هێندە زەحمەت نییە
هەموو شەوێک
مردن تاقی دەکەینەوە
هەموو رۆژێکیش ئەژین
خۆشەویستی ترسناکە
ئەوە نییە بە کۆمەڵ لێی هەڵدێین!
ئەم چەرخە سیخنانە بە دڵڕەقی

دڵڕەقی پێستێکی جادوویی هەیە
فیشەکی خۆشەویستی نایبڕێ
ئاگری شیعر نایسووتێنێ
چەقۆی فرمێسک نایدڕێت
****
ژنەکان هەموو ڕووناکن
ژنەکان هەموو سپین
چەند سەیرە چارەنووسیان ڕەشە!!
ژیان لەنێو ڕەحمیاندا هەڵدەگرن
دەستیان نییە لە پەلاماردانی باخدا
فوو لە مۆمی خۆشەویستی ناکەن
ژنەکان هەموو جوانن
شاعیر حەیران بۆ ئەو جوانییە ئەچڕێ
پیاوان بە بڵێسەی ئەو جوانییە سووتاون
لەناو مەحشەری هەموو ژناندا
شۆخە ژنێکی زۆر بێ ئۆقرە
لە فارگۆنی هەرە دواوەی
شەمەندەفەری تەمەندا
بە چاوە تاوسییەکانی
بە دوای مندا دەگەڕێ
****

٢٠١٨-١٢-٢٥
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

## سۆناتای خەون

قورگی شیعر پڕە لە ئاگر
ئاگرێک بۆ سووتان
ئاگرێک بۆ داگیرسان
چاوی عاشق پڕە لە فرمێسک
فرمێسکێک بۆ خامۆشی
ئەسرینێک بۆ نقووم بوون
ماڵی ژیان پڕە لە سەفەر
سەفەرێک بەرەو مەنفا
سەفەری گەڕانەوە بەرەو نیشتمان
حەوشەی خەون پڕە لە ئازار
ئازارێک بۆ شکانی شوشەی تەمەن
ژانێک بۆ هەڵوەرینی باڵی پێکەنین
هەستی من پڕە لە گریان

گریانێک بۆ تەنهایی شەوان
گریانێکی بەکوڵیش
بۆ جەنجاڵی ڕۆژانی تەنهایی
****
چیتر ستایشی پەپولە ناکەم
گوڵەکانی شیعر ئاو نادەم
سەری خۆم هەڵدەگرم
بەرەو هەسارەیەکی تر
خۆم نادەمە بەر شەپۆلی خۆزگە
کاتێک بزانم بەلەمی دڵم کونە
دوو باڵ بۆ فڕین نادۆزمەوە
کاتێ ئاسمان
تەژی بێ لە مەلی کوژراو
خەونی تینوو نابینم
ساتێ ڕووباری عەشق
وشکی کردبێ
ڕێگا بەرەو ئاوەدانییەکان نابڕم
کە هەزاران ساڵە
لە کوخی تەنهاییدا گینگڵ ئەدەم
ئەمەوێ
بەسەر فەرشی سووری خەیاڵدا
هەنگاو بنێم بەرەو

تەلاری ئەوینی جاویدانی تۆ

****

بیر لە رابردوو ناکەمەوە
دەست بە ئایندەوە ناگرم
ئەوەی ئەمەوێ ئەو ئێستایەیە
تۆی تێدا ئەدرەوشێتەوە
بیر لە خۆم ناکەمەوە
چارەنوسی شیعرم بۆ گرنگ نییە
ئەوەی دەیخوازم
مانەوەی تۆیە
لە ژوورە بەتاڵەکانی رۆحما
بەدیار یەقینەوە راناوەستم
گومان ردێنم سپی ناکات
ئەو حەسرەتە دەبینم
لە تۆوە قوڵپ دەدات
دنیای من سەرەوژێر دەکات
کارێکم وەهام نییە بیکەم
بێکاریی زۆر ئازاربەخش نییە
مادام هەموو ئیشم
گەڕانە بە دوای وشەدا
تا بیکەمە شیعر بۆ تۆ
زۆر بیر لە جێژوان ناکەمەوە

هیچ کاتێک
بە درەنگ نازانم بۆ دیدار
ئەوە نییە تۆ هەموو شەوێک
بە باڵی خەونێک دێیت و
لەناو پێخەفمدا رۆژ ئەکەیتەوە؟
****

٢٠١٨-١٢-٣١
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

## سۆناتای سەفەر

بەیانیان
سەیری ئاسمانی هەوراویی دەکەم
هەموو رۆژێک
دیمەنی ئەو کەشتییە بچووکانە دەبینم
بە رووباری «راین»دا هاتوچۆیانە
خەڵک لەسەر شەقام و
مەکدۆناڵەکاندا چاو دەکەم
هەموو شەوێک بە لای دیسکۆ و
سەرخۆشەکاندا تێدەپەڕم
هیچ شتێک
بۆ من تازە نییە
هیچ شتێک
هیچ بۆ من ناگۆڕێت
من
لەناو جیهانە یۆتۆپییەکەی خۆمدا نیشتەجێم و
بە دوای عەشقێکی سەرابئاسادا رادەکەم

****

کتێبی عەشق
بە ئەسرین نوسراوەتەوە
کتێبی فرمێسک
بە دڵشکان نوسراوەتەوە
کتێبی دڵشکان
بە شیعر ئەنووسرێتەوە
هێشتا سەر لەم مەتەڵە دەرناکەم
عەشق لە خەونێک زیاتر نییە
شیعر گەشتی بەردەوامی خەیاڵە
ژیان واقیعێکی ڕەق و تەق
ئەم سیانە لە کوێدا بە یەک دەگەن؟
دەترسم بڵێم لە هیچ کوێ!.

****

لەسەفەردا بەرەو مەنفا
جانتای شانم
تەژی بوو لە هەنسک
لە رۆژانی غوربەتدا
باوڵی یادگارییم
سەراوڕێژ بوو
لە نێڵە نێڵی
ئاگری نوستالیژیا
لە گەڕانەوە بۆ زێد

سۆمای چاوەکانم
لێوانلێو بوو
لە رەنگی نیشتمان
زۆر سەیرە!
لە سەفەردا
کاتی وەرینی
دوا گەڵای بیرەوەریی
لە مەنفا
ئانی رێکردن
بەسەر پشکۆی غەمدا
لە گەڕانەوە
ساتی تێپەڕین
بە ناو فرمێسکی شادییدا
خۆشەویستی تۆ
لە رۆحمدا قوڵپی دەدا
تا کۆتاییش
هەر لە دڵمدا ئەنوێت
****

٦-١-٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سۆناتای نیگەرانی

نیگەرانم، نیگەران
پەپولەکانی ئەم بەهارە ناتوانن
دیلانێ بە رۆحی خەزاناوییم بکەن
هێندەی سیزیف ماندووم
ئەم بەردە قورسەی ژیان
بە من ناڕواتە
سەر لوتکەی بەختەوەریی
من چی لە ئەستێرەیەکی پیانۆژەن بکەم؟
گەر شەوێکی هێمنم نەبێت
چی لە کاسەی سەرم بکەم؟
گەر خەونێکم نەمابێت بیبینم
تازە لە دەست دەرچووم
چی قاوەگرەوەی دنیایە
چارەنووسی دڵمیان بۆ ناخوێنرێتەوە
هەرچی شادومانی نێو گەردوونە
قۆپچەی پێکەنینی منی پێ ناکرێتەوە
****

دنیا زۆر بچووک بۆتەوە
شتی گەورە
لە باوەشیدا جێی نابێتەوە
دنیا زۆر تاریک بووە
رووناکی لە چاوی تۆراوە
دنیا زۆر تەسک بۆتەوە
کراسی خۆشەویستی
بە بەری ناکات
من چیم داوە لەم دنیا لێڵە؟
خۆ چاوی شیعرمی تێدا هەڵنایێ
چیم داوە لەم سەحرای ژیانە؟
خۆ تۆوی عەشقی تێدا شین نابێت
تێناگەم
تاکەی دەست بەدنیاوە دەگرم؟
لە کاتێکدا
ئازار تارمایی ئاسا بەدوامەوەیە
هێشتا تێناگەم!.
****
لە ژیاندا
بە نێو ژانەکاندا رەت بووم
لە ئازارەکاندا
بەناو ژیاندا تێپەڕیم
لە خۆشەویستیدا
بەنێو شیعردا رەت بووم

لە شیعردا
بەناو خۆشەویستیدا تێپەڕیم
لە خەوندا
بە نێو رابردوودا رەت بووم
لە رابردوودا
بەناو خەوندا تێپەڕیم
لە ئاگردا
بە نێو عەشقدا رەت بووم
لە عەشقدا
بەناو ئاگردا تێپەڕیم
لە دڵی مەعشوقدا
بەنێو خۆمدا رەت بووم
لە خۆمدا
بەناو دڵی مەعشوقدا تێپەڕیم
****

٢٠١٩-١-١١
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سۆناتای ژن

چەند سەرسامم بەو ژنە
بە تاڵێک لە پرچی نیگاکانی
منی بە عەشقی خۆیەوە بەستەوە
چەند سەرسامم بەو ژنە
بە سوراوی لێوی غەمباری
دێڕ بە دێڕ شیعری تۆخ کردمەوە
نەکا رۆژێک لە دڵیدا کاڵ ببمەوە
چەند سەرسامم بەو ژنە
زۆر بە ئەسپایی هات
چی ویست کردی
خەونەکانی بەتاڵ کردمەوە
لە هەموو شت
تەنیا خۆی نەبێت
جیهانی پاک کردمەوە
لە هەموو کەس

تەنیا خۆی نەبێت
چەند سەرسامم بەو ژنە
****
چەند مەزنە ئەو ژنە
کاتێک پەرداخی کامەرانیم رژا
تنۆک تنۆک کۆیکردمەوە
چەند مەزنە ئەو ژنە
سەرم لە مەنفا بەستبووی
دڵم لە نیشتمان جێمابوو
ئەو زۆر بە ئەسپایی هات
لە پێکێک عەشقدا هەڵیقوڕاندم
چەند مەزنە ئەو ژنە
لە ژووری مەراقەکاندا بەند بووم
بیرکردنەوەم کەڕوی کردبوو
لە ناکاو
وەک باوگژێکی سەرشێت هات
دەرگای ئەوینی لێ کردمەوە
چەند مەزنە ئەو ژنە
****
چەند جوانە ئەو ژنە
بەیانیان بە بەرچنەیەک ترێی رەشەوە
خۆی دەکات بە کوخەکەمدا
تا بیکەمە شەرابی شەوانی تەنهاییم

چەند جوانە ئەو ژنە
لە شەوانی ئەنگوستەچاودا
بە چرایەکی رووخۆشەوە پەیدا دەبێت
تاریکی ناو رۆحم راو دەنێت
چەند جوانە ئەو ژنە
هەر دەمێک بیری بکەم
وەک لاولاوێکی دڵخۆش
بە پەنجەرەی هەستمدا هەڵدەگەڕێت
چەند جوانە ئەو ژنە
****

٢٠١٩-١-١٨
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

## سۆناتای تەمەن

چیم لە دوا جێدەمێنێ؟
جگە لە گەرمی دوو ماچ و
گۆڕێکی بێ ئادرێس
خەونێکی تەژی لە کابووس و
چەند شیعرێکی خۆکوژ
چیم لە دوا جێدەمێنێ؟
جگە لە هێشووە بەرسیلەیەک
پێش ئەوەی ببێتە ترێی عەشق
بە دەندوکی چۆلەکەی دووریی
دڵی هەپرون هەپرون دەبێت
من هیچم لە دوا جێنامێنی
جگە لە تەرمی خۆم
لە قەبرستانی بیرچوونەوەدا

❋❋❋❋

تەمەنم سێوێکە
خەریکە بە داری ژیانەوە بەربێتەوە
پێش ئەوەی ئاگری پێکەنین
لە چاوی فرمێسکاویمدا بکوژێتەوە
لە رووباری پشکۆدا مەلە دەکەم
پێش ئەوەی خەیاڵم
بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە
شیعرێکی تر
بۆ خۆشەویستی ئەنووسم
بەرلەوەی مردن
بمکاتە گۆرانییەکی حەزین
قەسیدەیەک بۆ ژیان ئەخوێنمەوە
تەمەنم وەک بروسکە تێپەڕی
فریا نەکەوتم شەوێک
لەناو جیهانی تۆدا رۆژ بکەمەوە
کات ئەوەندە نەماوەیە
لە عەقڵ یاخی بم و
ببمە نۆکەری دڵ
ئەریێ بۆ وا خێرا تێپەڕی
ئەو ئەسپە شێیەی تەمەن!؟
****
ئەو رۆژانەی لە دەستمان رۆشتن
جوانترین رۆژەکانمان بوون
ئەو گۆرانییانەی دلێرانە وتمان

خۆشترین ئاوازەکانمان بوون
ئێستا رۆژە جوانەکان بەسەرچوون
قورگی ستران وتنمان سووتاوە
ژیان دوا دەرفەتی زێڕینی خۆی پێداین
رۆژانێکی جوان پێکەوە بەسەر بەرین
ئێمە بە جووتە
سەرقاڵی شکاندنی دڵی یەکتر بووین
نەماندەزانی ئەم رۆژە پەمەییانە
وەک بروسکە بەناو تەمەنماندا تێدەپەڕن
هەنووکە لێرەوە بەچاوی پڕ ئەسرینەوە
شینی ئەو رۆژانە دەگێڕین کە نایەنەوە
****
ئەو عەشقەی من
کڵۆیەک شەکرە
لە دەمی یاردا دەتوێتەوە
ئەستێرەیەکە
هیچ ئاسمانێک جێی ناکاتەوە
شەرابێکی کۆنە
نەڕژاوەتە پیاڵەی هیچ مەستێکەوە
بەهارێکە
خەزان ناتوانێت بیکاتە چامە
خولیایەکە
بە دوای خۆمدا ئەگەڕێ
لە رێگا هەورازەکانی دڵی تۆدا

ئەو عەشقەی من
تەکاندنی تاریکییە
لە شانی رۆژە هەوراوییەکان
نورێکە
لەو کاتەی گەردوون کوێر دەبێت
کۆڕاڵێکە
لەو دەمەی ژیان کەڕ دەبێت
شیعرێکە
لە چەرخی بڕینی زماندا
باخێکە
لە زەمەنی قەدەغەکردنی گوڵدا
ئەو عەشقەی من، میتا عەشقە
****

٢٠١٩-١-٢٣
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
کاتژمێر: ٢٣:٤٥

لە تەک بێ نەوایانی شار و ئەلکهولییەکان لە نزیک بانهۆڤی بیلەفێلد
قسە دەکەم و دەیاندوێنم، خەریکە رۆ دەچمە ناو جیهانەکەیان

# سۆناتای زەمەن

دەزانم چۆن ئێستا بە هاوارە ئەژیم
رۆژێک بە بێدەنگی ئەمرم
نامەوێت زاری قەڵەم ببەستم
با زریکەی بگاتە ئۆرانۆس
خوێنی لەشی بگاتە
بەردەم دەرگای ماڵی یار
تەنیا یەک وشە ئەهێڵمەوە
بۆ سەرەمەرگ:
خۆشم ئەوێی
دەزانم چۆن ئاوی ژیانم
لە سەرچاوەوە لێڵە
مەرگێکی تەڵخ
لەسەر رێی چارەنووسمە
رێ لە لافاوی فرمێسک ناگرم

با جۆگەلە ببەستێت بۆ بەردەم زیۆس
با بە هاژەوە بەلای یاردا تێپەڕێت
تەنیا یەک دڵۆپ دەهێڵمەوە
بۆ سەرەمەرگ:
دڵۆپی دوا دێڕە شیعر

****

گوێ نادەم بەوەی
گروپێک شەمشەکوێرە
نیازی کوشتنی خۆریان هەیە
ئاوڕ لەو گوڵە گەنمە سەوزە نادەمەوە
لە دەمی سن و کوللەی غەمێکی ئەزەلیدایە
بە لای تەرمی مەسیحدا تێدەپەڕم
لە خاچی بێهودەیی دایناگرمە خوارێ
رەنگە پێتان سەیر بێت ئەوەندە دڵڕەقم!
خۆم خۆر و گوڵە گەنم و مەسیحم
بەسەر تەرمی خۆمدا
بە تەنها شیوەن ئەکەم
تۆش بەلامدا تێدەپەڕیت
وا دەزانی شۆخی ئەکەم

****

بایەقوشی بێزاریی
لەسەر رۆحی رۆشنایی دەخوێنێ
دەستم لەژێر چەنەم داناوە

تەنها تەماشا دەکەم
پاسەوانانی ئەهریمەن
بە شمشێری رق
جەرگی شەوقی
ئاتەشتگایەکی دێرین هەڵدەدڕن
بە بێدەنگی
کتێبی هەڵهاتن ئەخوێنمەوە
راوچییە تووڕەکان
نیشانە لە سوێسکەی شیعر ئەگرنەوە
دەستم تێی نەچوو
لە دیوانێکدا بینژێم
رەنگە پێتان سەیر بێت
هێندە دڵڕەقم!
خۆم رۆشنایی و شەوقی ئاتەشتگا و
سوێسکەی شیعرم
لە کەنارێکدا خەریکم
گۆڕ بۆ خۆم هەڵدەکەنم
تۆش بەلامدا تێدەپەڕیت
وا دەزانی گەمە دەکەم
****
ئای چەند سەختە ئەم زەمەنە
بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستی

دەبێت سەر بکەیت بە مۆزەکاندا
لە مۆزەی لۆڤەر
بەردێکی رەقم بینی
لەسەری نوسرابوو
پەیکەری خۆشەویستی
مێژووەکەی
بۆ چاخی بەردین ئەگەڕایەوە
بیرم کردەوە
لە چەرخی بەردینی دڵەکاندا
پەیکەرێک بۆ خۆشەویستی دابتاشم
رەنگە رەنج بەخەساریش دەربچم
ئای چەند زەحمەتە ئەم زەمەنە
بۆ دۆزینەوەی کتێب
دەبێت روو بکەیتە ئەرشیفخانەکان
لە ئەرشیفخانەیەکی بەرلین
کتێبێکم دۆزییەوە
لەسەری نوسراو بوو
کتێبی خۆشەویستی
تۆز و خۆڵی مێژوو
بە رووخسارییەوە بوو
لە پشتەوەیدا
دێڕێکی سەرنجڕاکێش هەبوو:

ئەم کتێبە بۆ مرۆڤی دێرین نوسراوە
بیرم کردەوە
لە چاخی مەرگی کاغەزدا
کتێبێک لەسەر خۆشەویستی بنووسم
کێ ناڵێت دوای ئەوە
نامبەن بۆ شێتخانە؟
****

٢٠١٩-١-٣٠
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

## سۆناتای دیدار

ئای لەو نیگا بکوژانەت
چەند هێمنانە سەرنجیان ئەدزیم
وامدەزانی ئەم یەکتر بینینە کورتە
تا کۆتایی تەمەن بەردەوام دەبێت
کاتێک لە تۆ دابڕام
بەفری سەر شۆستەکان وەک دڵی خۆم
لە ژێر پێی هەنگاوەکانمدا ورد ئەبوون
کزەبای ئەم شارە سەهۆڵییەم بانگ کرد
توانەوەی من لە تۆدا بنووسێتەوە
هەروەک توانەوەی بەفری
ئەم بیابانە بەستووەی باکووری زەوی
لە ژێر تیشکی زێڕینی هەتاودا
****

تۆ هێشتا لەوە تێناگەیت
ئەو چاوانەی نیگای تۆی دەکرد
پڕ پڕە لە هاژەی بە خوڕی فرمێسک
ئەو دەستە تەزیوانەی
شیعر لە ستایشی جوانیدا دەهۆنێتەوە
هێندە گوڕی هەیە
دەتوانێت بەبێ ڕەزامەندیی خۆر
سوڕانەوەی زەوی رابگرێت
ئەو کاسە سەرەی
گوڵاوی عەشق
لە قووڵاییەکەوە هەڵدەقووڵێت و
تۆی وەک چڵێک نێرگز
بۆندار کردووە
پڕ پڕیشە لە حەزی سەفەر
سەفەر بۆ کوێ؟ نا، بۆ هیچ کوێ
تەنیا رووەو مەملەکەتی دڵی تۆ
****
ئەمێستا بیرکردنەوە لە تۆ ئاگرە
گڕ لە دەشتی عاتیفەم بەر ئەدا
زمانی قەڵەمی شیعرم دەچزێنێ
دارستانی بیرەوەرییم ئەسووتێنێت
چاریشم نییە

هەر بیرت لێ ئەکەمەوە
ئەمێستا بیرکردنەوە لە تۆ بارانە
لەناو گلێنەی چاوەکانمەوە ئەبارێت
بەسەر وشک و برینگی شەوانمدا دادەکات
خاکی وشکی رۆحم تەڕ تەڕ دەکات
چاریشم نییە
ناتوانم بیرت لێ نەکەمەوە
ئەمێستا من و تۆ
لەژێر تارای سپی زستاندا
پەیمانی سەمای توانەوە
بە یەک دەدەین
****

٢٠١٩-٢-٥
دانیمارک - کۆپنهاگن

# سۆناتای ئازار

هەمیشە بیرم کردۆتەوە
چنینەوەی ماچی لێوەکانت
چارەنووسی منە
خواردنەوەی پێکی پەژارەکانت
بەشی منە
هەڵمژینی ئۆکسژینی دووریت
هەناسەی منە
نقومبوون
لە زەریای لەشی ناسکتدا
داستانی منە
بە چارەنووس و بەش و
داستانی خۆم رازیم

❊❊❊❊

من و تۆ هەردەم پێمانوایە
ئایەتەکانی عەشق
تەرجەمە دەکەین
بۆ سەر زمانی ئەم چەرخە دڵڕەقە
سروودە کۆنەکانی خۆشەویستی
بۆ لاواندنەوەی گوڵ
نۆژەن دەکەینەوە
ئەو دەمەی دنیا
غەرقی کابووس دەبێت
بە کەشتی ئەوین دەپەڕینەوە
چەند بەختەوەرین لەگەڵ یەکتر
من و تۆ
****
جیهانی مێشکم هێندە ئاڵۆزە
بە ئاستەم خۆمم پێ دەناسرێتەوە
دنیای خەونەکانم پڕە لە هاڵاو
خۆم ئەبینم شەپۆلی گڕ ئەمبات
لە ئاسمانی خەیاڵەکانمدا کڕێوەیە
بەفر ئەبارێت
ڕەش وەک چارەنووسم
لەژێر ساباتی دڵمەوە «با» هەڵدەکات
هەڵمدەگرێت بۆ بەر دەرگای تۆ

ئەی ئەو ژنەی
خۆر لە چاوەکانتەوە هەڵدێت
مانگ لە ناو لەپی دەستتدا
ئەدرەوشێتەوە
جیهانی مێشکم هێندە قەرەباڵغە
وەها پڕت کردووە
جێگەی خۆم نابێتەوە
دنیای خەونەکانم پڕە لە لافاو
کوخی بیرکردنەوەم ئاو ئەیبات
لەسەر پەڕەی دڵم نیگار ئەکێشم
چ نیگارێک؟
نیگاری تۆ
کە باراناوی فرمێسک
توانای شۆردنەوەی نەبێت
ئەی ئەو ژنەی لەو میتاڵە پیسە
منت بەو پاکژییە خوڵقاند
****
چەند قورسە
ئەو ئازارەی من
کێوی تەمەنم
لە بنیدا وردوخاش بوو
بیرم نایەت کەی ئازارم ناسی

له هەموو شوێنێک
لەگەڵمدا رێ دەکات
له هەموو کاتێکدا
پێمەوە نوساوە
میوانێکە
له رێی دوورەوە هاتووە
له ناو چیمەنی رۆحمدا دەحەسێتەوە
«نای»یەکی گرینۆکی دەنگ ناخۆشە
لەناو سەرمدا گوێم له زرنگانەوەیەتی
ئای ئازار
هاورێیەکی چەند هاروهاجی
بەرد ئەگریتە
ئاوێنەی روونی وجودم
چەند سەختە ئەو ئازارەی من
پرتەقاڵی گەنجیم
له ژێر پێیدا فلیقایەوە
نازانم کەنگێ بوو
خۆی کرد بە ماڵی ژیانمدا
له هەموو جێگەیەک
تارمایی ئاسا بە دوامەوەیە
له هەموو وەختێک
لەسەر رێی شادیم وەستاوە

بۆنێکی گەنیوی دۆزەخە
هەموو رۆژێک
لەگەڵ هەوادا هەڵدەیمژم
تاوە تەرزەیەکی رەشی قەترانییە
خۆی بە لچکی کراسی
رۆژگارمەوە دەگرێتەوە
ئای ئازار
بیرێکی چەند قووڵیت
وەک یوسفێک
بێ چارە کەتوومەتە ناوتەوە
****

١٠-٢-٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سۆناتای بێدەنگی

بێدەنگی جوانترین جۆری وتنە
دنیام نقومی بێدەنگییە
وشەکانم ورتەیان لێوە نایێ
ئاوازەکانم زاریان بەستراوە
گۆرانییەکانم هەر هەموو کپن
شیعرەکانم بێدەنگی دایگرتوون
ڕەشەباکانم بێ لرفە هەڵدەکەن
تۆفانەکانم زمانیان گۆ ناکات
ئەوەی لەم کاتەدا
بە دەنگی بەرز هاوار ئەکات
کتێبی هەستمە و
خۆشەویستی تۆی تێدا نوسراوە
هەموو شتێکم بێدەنگە
خۆم پارچەیەکم لە خامۆشی
دڵیشم جانتایەکی شەڵاڵی سکونە

کاتێک تۆ دەیکەیتەوە
هەموو کەشکەڵان پڕ دەکات
لە بۆنی عەتری خۆشەویستی
****
کە نەتوانم بە باڵی خەندەیەک
بە ئاسمانی پێکەنینەکانتدا بفڕم
توانام نەبێت بە مۆمێکەوە
بەناو تخوبی پرچەکانتدا ڕەت بم
دەسەڵاتم نەبێت بە دوو چاوی سەوزەوە
لە مێرگی بەهاریی ڕۆحت بڕوانم
بە حەپەساویی لە ئاسمان رابمێنم و
ئەستێرەی خۆشەویستیم بۆ نەدۆزرێتەوە
بێدەنگی قەشەنگترین دەربڕینە
تا تۆ دەرگای خەونەکانم
بەڕوودا واڵا نەکەیت
باڵی شیعرەکانم ناکرێنەوە
تاکوو دڵم
بە ڕۆحتەوە هەڵنەواسرێت
شیلەی ماچەکانم
بە لێوتەوە وشک نەبێتەوە
«تا»ی ئەم بێدەنگییە بەرم نادا
بەو خاچی بێدەنگییەوە دامبگرە

وا دنیام کردە
ئۆقیانووسێک لە فرمێسک
****
وانەی بێدەنگیم
لە قوتابخانەی خۆشەویستیدا خوێند
چیرۆکی بێدەنگیم
لە چاوە شەرمنەکانی تۆدا نوسییەوە
شەوە بێدەنگەکانم
لە نێو دڵی پڕ گەردەلوولتدا خەواند
نەمامی بێدەنگیم
لە ناو زاری خۆمدا رواند
تا لە حیکمەتی بێدەنگیم تێنەگەیت
عەشقی منت پێ نادۆزرێتەوە
لە پەنجەرەی بێدەنگییەوە
سەمای شێتانەت چاو دەکەم
تۆش بە بێدەنگیی
لە توانەوەی من دەڕوانیت
چاوەڕێی ئەوە ناکەیت
بە وتنی خۆشم ئەوێی
رۆژووی بێدەنگیم بشکێنم
****

٢٠١٩-٢-١٥
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سۆناتای نوستالیژیا

دەیان جار سوپاسی ئەو «با»یە دەکەم
بۆنی تۆم لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنێ
دەیان جار ئەو حەیرانە دەڵێمەوە
لە بەر ئاگردانی ستایشدا دەیچڕیت
ئەم دێڕەت لەناو ئەشکەوتی دڵما
دەنگ دەداتەوە:
تۆ بە شیعرەوە جوانیت
بە عەشقەوە جوانتر
دەیان جار بیر لە رابردوو دەکەمەوە
دەمێک لە نێوان دیجلە و فوراتدا
تینووی دڵۆپێک ئازادیی بووم
دەمێکی تر لە نێوان ئەزمەڕ و بەراناندا
تەرمی هیوام بەسەر شانەوە بوو
هەنووکەش لە شارێکدا دەژیم
هەتاو سەری پێدا ناکات
گڕی سووری تۆ دامدەگیرسێنێت
دەیان جار خۆمم بیر دەکەوێتەوە

چۆن دەستمکرد
بە نووسینی چیرۆکی ئەم خۆشەویستییە
بێ ئەوەی هیچ کۆتاییەکی بۆ دابنێم
****
سەرم لە رابردوودا گیر بووە
نامەوێت بگەڕێمەوە
بۆ ئەم ئێستا تاریکە
من جەنگاوەری رووناکیم
شمشێری دەستم پەلکەزێڕینەیە
مارشم شیعرەکانی بابا تاهیر و
چاوەکانم دوو گۆمی فرمێسک
کتێبی خەیاڵم هەمیشە سەرخۆش
ئەندێشەم ماڵی پەپولەی عەشق
پەنجەکانم
بۆنی پرچی شیعریان لێدێ
قورگیشم پڕە لە تۆنی گریان
زمانم مۆسیقای سەردەمێکی کۆنە
رۆحیشم پشکۆی داگیرساوی ئەوین
لێمبگەڕێ
با هەر لە رابردوودا بم
من لە زمانی
شەمشەمەکوێرەی ئەم چەرخە تێناگەم
ناتوانم لە کەوتنی چراکاندا
تەماشاڤان بم

با هەر نەوەی ئەو زەمەنە بم
ژیان لە بری خوێن
گوڵاوی لێ دەچۆڕا
****
لەوانەیە پێتوابێت
ڕەشەبایەکی ناوەختم
ڕەنگە تۆ لەسەر هەق بیت
لە وەرزی وەرینی ڕووناکیدا
کێ مۆمی عەشق
لە جەنگەڵی دڵدا هەڵدەکا؟
لە زەمەنی دوگمە و ڕۆبۆتدا
کاروانی خۆشەویستی
بە هەستی کێدا ڕەت دەبێ؟
لەوانەیە پێتوابێت
شاعیرێکی شێتم
ڕەنگە تۆ لەسەر هەق بیت
لەم غروبەدا
کێ هێلانە
بۆ باڵندەی ئەوین چێ دەکا؟
کێ لەسەر پێستی ئەم سەدەیە
وێنەی عاتیفە دەکێشێ؟
بەڵێ، ئەوە بە تەنها خۆمم
لە کێڵگەی دیوانەکاندا
ناسکترین وشە

بۆ پەسنی ژن ئەڕوێنم
بە ژێر بارانە مەستەکانی خۆشەویستیدا
بە بێ چەتر و بێ پاڵتۆ رێ دەکەم
بەڵێ ئەوە بە تەنها خۆمم
لە پەڕاوێزی ژیان و
باوەشی تەنهاییەوە
تاکو قیامەت
بەسەر جەنازەی گوڵدانێکدا
سینگ دەکوتم
****

٢٠١٩-٢-٢١
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

## سۆناتایەکی بێ ناونیشان

مێشکم بووەتە قوتوویەکی ژەنگاویی
لێوانلێوە لە جەستەی ئەو گوڵە وەریوانەی
هەناسەی ژەهراویی ژیانیان هەڵمژی
هێی، ئەی ڕێبواری شەکەت
چیتر بە دوای هەقیقەتدا مەگەڕێ
هەقیقەت جوجەڵەیەک بوو
چەقەڵی درۆ خواردی
هێندە بەخت بۆ زەوی مەگرەوە
بەرچاوی تۆڕی جاڵجاڵۆکە گرتوویەتی
ئەو ئاسمانە بەرینە بە تۆ چی
گەر ئەستێرەیەک گۆرانیت بۆ نەڵێت؟
چی لە کتێبەکانی حیکمەت دەکەیت
گەر شێتخانە لە چارەی تۆ نووسرابێت؟
تازە ژیان چیتری ماوە پێتبەخشێ

که منداڵی لێ زەوت کردیت و
به ریشێکی ماش و برنجییەوە
خزاندیتیە لیتاوی مەنفاوە؟؟
*****
تۆ بە سوراوەکەت
ژیان تۆخ دەکەیتەوە
من بە فرمێسکەکانم
مردن کاڵ دەکەمەوە
تۆ شوێنەواری ئازارەکانت دەسڕیتەوە
من زەمەنی گریان دەنووسمەوە
تۆ بەرچنەیەک لە تیشک کۆدەکەیتەوە
من دارستانێک لە برووسکە دەڕوێنم
تۆ سەرنجی ئەو دڵۆپە بارانانە دەدەیت
خۆیان دەدەن بە پەنجەرەی دڵتدا
من سەرقاڵم بە بۆمبابارانکردنی
قەڵا تاریکەکانی تەنهاییەوە
تۆ خەریکی نامەنووسینیت
من سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەکانت
تۆ نووسیووتە
چەند پڕ کابووسە
ئەو جیهانەی بەتاڵە
لە خۆشەویستی

من ئیتر دەستەوەستانم
خۆم بهۆنمەوە
****
ئازارەکانم هێندە روون و جوانن
رەنگە خودا
کۆڵانەکانی بەهەشتیان پێ برازێنێتەوە
ناوێرم زەردەخەنە حەزینەکانم
ئاشکرا بکەم
نەکا خودا
پێغەمبەرێکی دڵشکاوی
پێ بخاتە پێکەنین
شێوەی برینەکانم هێندە قەشەنگن
خوداش نازانێ
شوێن پەنجەی کام شێوەکارە
هەستەکانم هێندە داگیرساو و گەرمن
ترسم هەیە لێم بدزم
بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکەکان
جنونەکانم ئەوەندە نوێباو و جاحێڵن
دڵی پیری عەقڵ
سەرلەنوێ گەنج دەکەنەوە
لەگەڵ ئەوەشدا پێی لێ دەنێم
چەندان غەمم

له هەناوی شیعردا حەشارداوە
هەزاران فرمێسکم
لە باخچەی پشتەوەی چاو ناشتووە
عەشقێکی گەورەشم
لە دڵێکی بچووک پەستاوە
****

٢٦-٢-٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سۆناتای گۆرانی

ئەو ئاگرە چی بوو کردتەوە؟
خەریکە گڕ بمخوات
ئەو برینە چی بوو
لە جەستەی غرورت کرد؟
وەختە لە خوێندا بخنکێین
دەزانم نیازت وایە
لە دڵی خۆتدا
جێگەی ئەو پیاوە بکەیتەوە
نیشتمان جێی هێشت و
مەنفا
ئامێزی سارد و سڕی بۆ کردەوە
دەزانم ئەو ئاگرەت بۆ ئەوە کردەوە
تاکو شاعیرێکی سەرگەردان
یەکە یەکە
شیعرە نائومێدەکانی
بدا بە دەمەوە و

دەست بکات
بە هۆنینەوەی ئەو قەسیدانەی
هەموو وەرزەکان
لە بەهاردا کۆدەکەنەوە
دەزانم بۆیە بە چەقۆی میهرەبانی
جەستەی بزنە کێوی
غروری پیاوێکت
توێ توێ کرد
تاکو ماتەم بگرێ
بۆ ئەو نێرگزە ژنانەی
بە قۆچی نێرسالاریی پلیشانەوە
****
بورکانێک لە هەستما هەڵچووە
چیایەک شیعر
لە مێشکما باڵای کردووە
دەشتی عاتیفەم نەزیفی بەربووە
بەلەمی یاخیبوون
بە رووباری خەیاڵمدا هاتوچۆیەتی
ڕاڕەوی خەونەکانم
شەنگە ژنێکی پێدا تێدەپەڕێ
لەوەتی لە دایکبووم
ژێی دەنگی
لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە
شنەبایەک پرچی رۆژەکانم

شانە دەکات
پەروانەیەک قردێلەی سوور دەدا
لە سەرچڵیم
باران
بەسەر تەنهاییە قەرەباڵغەکەمدا دەبارێت
پەردە لەسەر چاوی پەنجەرەکەم لادەبەم
ژنێک لە بەر باران راوەستاوە
خەونی سەردەمی چاوەڕوانیم
بیر دێتەوە و
بەو سێوەدا ناسیمەوە
لە باخی شیعرمدا ڕنیبووی
****

گۆرانیت بۆ دەڵێم
وەک خوڕەی ئەو بارانەی
بە دڵخۆشییەوە دەبارێت
وەک ئەو نزایەی
لە دڵی عارفێکەوە دێتە دەر
وەک راچڵەکانی
مۆمێک لە تاریکی شەودا
وەک زڕەی پیاڵەی مەی
سەرخۆشترین پیاوی دنیا
تۆ تەنها گوێ لە گۆرانییەکەم بگرە و
بە ئەسپایی ماچم بکە

گۆرانیت بۆ دەڵێم
وەک هاژەی ئەو خوێنەی
لە چاوی زەمەندا قوڵپ دەدا
وەک هۆرەی ئەو بولبولانەی بەسەر
تەرمی شەقامێکی بێکەسدا دەخوێنن
وەک قرچەی ئەو بارانە گڕگرتووانەی
تووڕەیی دەخەنە جۆلانەی خۆیانەوە
وەک ئاوازی ئەو گیا کلێتە سەوزانەی
سروشت دەلاوێننەوە
تۆ تەنها گوێ لە گۆرانییەکەم بگرە و
بە ئارامی ماچم بکە
****

٢٠١٩-٣-٥
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# خەونە بێ ئەدرەسەکان

دنیای من بێ تۆ هێندە ئاڵۆزە
ژیان خۆی تێدا ناناسێتەوە
مردن خەریکی تەفسیرکردنێتی

****

من دڵۆپێک خەندەی تەڕم
بۆ سەر لێوی وشکهەڵاتووت
من پشکۆی داگیرساوی پێکەنینم
بۆ دیلانێی دڵی تەنگت

****

ژیانم لاشەیەکە لە کفنی مەرگدا
مەرگم بەرگی ژیانی کردۆتە بەر
سەیرە لە مردن و ژیاندا
چاوم بەرەو لای تۆ دەفڕێت!!

****

لە ژێر زەمینی ژیانەوە هەناسە دەدەم
لە بەرزایی مردنەوە دەڕوانم
بەدەم ژیانەوە مردم
لە باوەشی عەشقدا زیندوو بوومەوە

****

هەمیشە نوێژم بۆ ژیان کردووە
بە کۆڵانەکانی عەشقدا
لە دەست مردن رامکردووە
لە کاتی نوێژ و راکردندا
کڕنووشم بۆ هەتاوە ژنێک بردووە

****

خەونی ئاڵی خۆشەویستیم
بە کێردی مەرگ سەر بڕدرا
بە سەری بڕاوەوە
خەونێکی تر بە تۆوە دەبینم

****

چاوم
لە تۆزی مەنفا پاک دەکەمەوە
نیشتمان لەبەر هەتاو هەڵدەخەم
خۆیشم بەسەر تەنافی تۆوە
وەک کۆترێکی غەریب هەڵدەنیشم

****

چوونکە هەژارم خەونیش نابینم
دراو چەند ساڵە
تەوقەی لەگەڵ نەکردووم
بەو هەموو گەداییەوە
دڵم بۆتە باخ و
ژنێک
هەر رۆژەی گوڵێکی تێدا دەڕوێنێ
****
رووباری «راین» لە من دەچێت
پێچەوانەی هەموو کەس رێ دەکەم
خەڵکیش پێچەوانەی من بیردەکەنەوە
من و خەڵک
لە هیچ کوێ ناگەینە یەکتر
ئەوان
لە گازینۆکانی هەوەسبازیی کەوتوون
منیش لە خانەقاکانی عەشق
****
بە هاتنی سەری ساڵەکان
خۆشحاڵ نیم
ساڵێک لە تەمەنی عەشقمان
کەم دەبێتەوە
ساڵێکیش دەخەینە

ناو عەلاگەی خاشاکەوە
هەموو سەریساڵێک
کزە لە دڵمەوە دێت
بۆ ئەوانەی بەناوساڵێکدا تێپەڕیون
بێ ئەوەی دەستنوێژی
خۆشەویستیان هەڵگرتبێت
****

٢٠١٩-٣-١١
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# خەیاڵە سەربڕدراوەکان

لەم چاخە سۆزانییەدا
بڕۆن خۆشەویستی لەلای شێتەکان
لە ناو شێتخانەکاندا بدۆزنەوە
ئەگەر لەوێش دەستتان نەکەوت
وەرن بەلوعەی دڵی من بکەنەوە
****
پەنجەرەی هەستمان
تەمی نیگەرانی گرتوویەتی
کەسێک نییە
بە ئاوریشمی خۆشەویستی بیسڕێتەوە
ئەوەی من دەیبینیم
لایلایە بۆ عەشق دەکات شیعرە
کە چەشنی باخ
دڵی خۆی بۆ گوڵێک دەکاتەوە

برۆن لە شیعرەکاندا
به دوای خۆشەویستیدا وێڵ بن
****
زەمەن، زەمەنی ونبوونە
پیاوەکان لەناو هەوری تووڕەییدا
ون دەبن
ژنەکان لە تونێلە تاریکەکانی کولتووردا
ون دەبن
منداڵەکان لەناو یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا
ون دەبن
کچەکان لە چاوی دەزگیرانەکانیاندا
ون دەبن
کوڕەکان بە دەم زریانی سەفەرەوە
ون دەبن
ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها خۆمم
لەنێو کتێبە قەبەکاندا بزر بووم
****
زەمەن، زەمەنی تەواو نەبوونە
شاعیرێک دەبینم
گریانی بۆ نانووسرێتەوە
نازانێت چۆن

قەسیدە گرینۆکەکەی تەواو بکات
هەورێک دەبینم بە بارانەوە ئاوس بووە
ناتوانێ خەونی بارین تەواو بکات
خۆم دەبینم بە پەڕەمووچێکی سپییەوە
رۆژە رەشەکانی خۆم دەنووسمەوە
هیچ کاتیش تەواو نابم لە نووسینەوە

****

خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە
نازانم ئێستاکە لە کوێم!!
ئاوڕ بۆ هەر لایەک دەدەمەوە
هەر چیمەنی دڵتەنگییە
سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە
هەوری چڵکن ناهێڵێت خۆر نیگام بکا
تا گوڵە هێرۆکان لە مندا بگەشێنەوە
چارم نییە بۆ دۆزینەوەی خۆم
دەبێت لە تۆدا
بە دووی خۆمدا بگەڕێم

****

چەند بێزارم لەم سەردەمە
پیاوەکان رووخساریان وەک دەریایە
دڵیان پارچەیەک کۆنکرێت

ژنەکان سیمایان وەک خۆرە
ڕۆحیان شوشەی شکاو
ئەوە بە تەنیا خۆمم
بە ڕووخسارێکی شێواوە
ڕۆحم، لەسەر مەرقەدی
خۆشەویستی دەگەڕێتەوە
****

٢٠-٤-٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# سروودی تەنهایی

من و تۆ
زۆر لە یەکتر دەچین
وەک یەک، پەژارە
لە باخە خۆڵەمێشییەکەیدا دەمانێژێ
وەک یەک
دڵپڕیی بە گۆرانی دەمانچڕێت
وەک یەک
بەلای ئاوێنەکاندا تێدەپەڕین
خۆمان دەبینین
لە باوەشی سەفەردا
وەک یەک هەنگاو دەنێین
لە دۆزەخی ئاوارەییدا
یەکتر دەبینینەوە

****

من و تەنهایی
بە یەک سک لە دایکبووین
دوو برای جمکین شەوان پێکەوە
پەتۆ دەدەین
بەسەر ئەستێرە خەوتووەکاندا
هەر پێکەوە وشەکان کۆدەکەینەوە
رۆمانێکی جەرگسووتاوی
پێ دەنووسینەوە
دەستی یەکتریشمان گرتبوو
کاتێک عەشقێک
سەری شیعری سپی کردین
❊❊❊❊
سەرم بووە
بە گۆڕستانێکی قەرەباڵغ
پڕ پڕە لە پێنووسی دڵڕەنجاو
پڕ پڕە لە خەندەی تۆراو لە لێو
پڕ پڕە لە نیگای مەلۆتکە
پڕ پڕە لە بارانی خۆکوژ
پڕ پڕە لە ئومێد بە ئایندە
پڕ پڕیشە لە ئێستای خۆم
❊❊❊❊

شیعرەکانم
بۆنی تۆیان لێدێ
دووریم
بۆنی نزیکبوونەوەتی لێدێ
ماچەکانم
بۆنی لێوی تۆیان لێدێ
موچڕکەکانم
بۆنی لەشی تۆیان لێدێ
دەستەکانم
بۆنی پرچی تۆیان لێدێ
نیگاکانم
بۆنی چاوی تۆیان لێدێ
جانتاکەم
بۆنی بیرەوەرییەکانی تۆی لێدێ
لە هەموو ئەمانە گرنگتر
خەیاڵەکانی تۆن
بۆنی عەتری ئەوینی منیان لێدێ

****

عاشقەکان نامرن بەڵکو تەنهان
شاعیرە مردووەکان لەناو گۆڕدا نین

بەڵکو لەناو دیوانەکاندا دەژین
مەستەکان لەناو پووچیدا نین
لە ناو جیهانی راستەقینەدان
قەشەکان نوێنەری خودا نین
ئیبلیس بە شەوارەی خستوون
من لەناو ئەم دنیا پووچەدا بوونم نییە
لە دڵی ژنێکدا نیشتەجێم

****

٢٠١٩-٤-٢٢
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

# ئەو شیعرانەی باسی تۆ دەکەن

بی تۆیی شمشاڵێکی غەمگینە
بە من ناژەنرێت
بێ تۆیی پەیژەیەکی پۆلاینە
پێیدا دەچمە خوارەوە بۆ ناو گۆڕ
بێ تۆیی کابووسێکە
سوار سەری خەونە شیرینەکانم دەبێ
بێ تۆیی تابووتێکی زەردهەڵگەڕاوە
لاوکە سەوزەکانمی تێدا رادەکشێ
بێ تۆیی زریانێکی شێتەڵۆکەیە
لەگەڵ یەئس کۆمدەکاتەوە
بێ تۆیی منداڵێکی چەتوونە
بەرد دەگرێتە پەنجەرەی شیعرم
ئای لە بێ تۆیی

****

شاعیرەکانی هاوڕێم
هەریەکەیان
گۆرانی بۆ شتێک دەچڕن
یەکێکیان
فرمێسکی روومەتی نیشتمان دەسڕێت
یەکێکی تر سروشت دەلاوێنێتەوە
یەکێکی تریش
لایلایە بۆ ئازارەکانی دەکات
هاوڕێیەکی تر
دیوانەکەی کردۆتە دەغیلەیەکی گەورە
هاوڕێیەکی تریشم
لە کۆڵانەکانی نوستالیژیا نایەتە دەرەوە
هاوڕێیەکی دووریشم
شیعری گرینۆک بۆ تەنیایی دەنووسێت
یەکێکی زۆر نزیکیش
شیعری کردۆتە تۆڕی ماسی گرتن
راوەژنی پێدەکات
ئەوەی لەم گەڕەولاژەدا
لە کەسیان ناچێت، منم
چون تەنها سەرقاڵی

نووسینەوەی تۆم و هیچی تر
نازانم شاعیرم یان نا؟
****
چاوی عەشقت
هەنگوینی پێدا دێتە خوار
دڵۆپێک بەسە
بۆ ئەوەی شیرینم بکات
لێوی عەشقت
جۆگەی شەرابی لێ هەڵدەقوڵێ
دڵۆپێک بەسە
بۆ سەرخۆش بوونم
هەیوانی عەشقت جەنجاڵ و قەرەباڵغە
پڕ پڕە لە تابلۆی رۆندکەکانی من
لەشی عەشقت
تەزووی شادیی پێدا تێدەپەڕێ
یەک ماچ بەسە
بۆ هەڵوەرینی برینەکانم
دەستەکانی عەشقی تۆ باخچەیەکن
زەردەخەنەیەک بەسە
بۆ رسکانی هەستی یاسەمینیم

هەنووکە تێدەگەیت عەشقی تۆ

ئاگرێکی جاویدانییە

پریشکێک بەسە

بۆ داگیرسانی ئەبەدیی من؟

****

شیعری منە

لە خوێنتدا دێت و دەچێت

خوێنی تۆیە

لە شیعری مندا هەڵدەقوڵێت

دڵی منە

لە سینگتدا ترپە ترپێتی

سینگی تۆیە

دڵی من تێیدا لێدەدا

نیگای منە

چاوەکانتی رووناک کردۆتەوە

چاوەکانی تۆیە

نیگای کردووم بە مەشخەڵی نوور

ماچەکانی منە

موچڕکەکانی لەززەتی تۆ

لەززەتی تۆیە

لەناو ماچە ئاورینگییەکانی مندا

خەیاڵەکانی منە
لە باوەشی گەرمتدا
باوەشی تۆیە
لە خەیاڵی هەمیشەیی مندا
****
کاتێک ماچی یەکتر دەکەین
با گەواڵە هەوری چێژ
بەسەر سەرمانەوە ببێتە باران
کاتێک لە ئامێزی یەکتردا
رووت دەبینەوە
با بە گەڵای شیعر
خۆمان داپۆشین
هەتاوی توانەوە
بدەینە بە خۆماندا
کاتێک پەنجەکانمان
ئاوێتە دەبن
با بە خەنەی عەشق
رەنگیان بکەین
کێوی کارەسات
لەنێوانیاندا بلەرزێت
کاتێک یەکتر لە باوەش دەگرین

با پەیکەری دووریی بسووتێ
کۆرپەی ژوانێکی تر
لە دایک ببێ
کاتێک بە یەکتر دەڵێین
خۆشم دەوێی
با زمانی قەمبووری دابڕان ببڕین
سێتاری رامووسان ئازادانە بدوێت
****
وشەی دنیام
لە خۆم کۆکردبووەوە
نەمدەزانی
چی لەو هەموو وشەیە بکەم
کۆمەڵێک رستەی بێ خاوەنم
لێ دروست کردبوون
سوپاس بۆ تۆ
هەموویت پێکردم بە شیعر
وەک گەردانەیەک کردتە ملی خۆتەوە
خەمی دنیا
لە چارەنووسمەوە ئاڵابوو
نەمدەزانی کامیان
لە پێشتردا سارێژ بکەم

سوپاس بۆ تۆ
هەموویت بۆ کردم بە شادیی
وەک ملوانکەیەکی زیو کردتە ملمەوە
عەشقێکی گەورە
سەراپا دایپۆشیبووم
نەمدەزانی چی لەو
زەریای عەشقە بکەم
سوپاس بۆ تۆ
لە رۆژێکی بێدەنگدا هاتیت
بوویتە تاکە مەلەوانی ئەو زەریایە
****

٢٠١٩-٤-٢٤
ئەڵمانیا - شتاینهاگن
دارستانی ئەمس هاوزن

ئەمڕۆ مۆڵەتێکی چەند کاتژمێریم لە نەخۆشخانە وەرگرت، ئارەزووم بوو، بڕۆمە ناو دارستانی ئەمس هاوزن کە شوێنێکی دڵگیر و رازگری منە. لەوێدا ئازادانە لەگەڵ خۆم مۆنۆلۆگ دەکەم، زۆر جاریش دەنووسم.

## برووسکەکان

به تەنیایی له دایکبووم
عومرێک به تەنیایی ژیام
لەناو حەشاماتیشدا
به تەنیایی مردم
وای له من
زامێکی چەند تەنیا بووم!
****
دەریایەکی خامۆشم
ئەگەر وەک پاپۆڕێک
بەسەرمدا تێپەڕیت
رەنگە دۆزەخێکی ئاویی بم
ئەگەر وەک نەهەنگێک
لەناومدا بژیت
بەهەشتێکی مەنگم
****

ئەم گەردوونە زۆر چۆڵە
پرسیارم لە خۆم کرد
کوانێ مرۆڤ؟
دەنگێکی نادیار وتی
مرۆڤایەتی دەمێکە قڕی تێکەوتووە
لە جێگەیدا ژمارەیەکی بێشوومار
لە ڕۆبۆتی پارەپەرست
نیشتەجێی زەوین
****
شۆڕشگێڕێکی کۆنەپەرستم
لە ئاوابوونی مرۆڤدا
خەون
بەهەڵاتنی مرۆڤایەتییەوە دەبینم
لە زەمەنی ئافاتی خۆشەویستیدا
خەون
بە شۆڕشی ئەوینەوە دەبینم
لە سەدەی قاتوقڕیی شکۆمەندییدا
خەون
بە ژیانێکی باڵابەرزترەوە دەبینم
ئەگەر تۆیش وەک منیت
بێ دوو دڵی بڵێ: کۆنەپەرستم
****
نازانم ڕوو لە کوێ بکەم؟
بۆ هەر لایەک ئاوڕ دەدەمەوە

ژیان لە پشتی مەرگەوە
خۆی دەشارێتەوە
کانی خنکاو سڵاوم لێ دەکات
هەوای سیلاوی هەڵمدەمژێت
نیشتمانم
لاشەیەکی ساردەوە بووە
تاراوگەش دڕکەڵان
کێ گۆڕێکی هەیە بۆ فرۆشتن؟
بە نرخێکی گونجاو لێی دەکڕم

****

بەختەوەریی پۆشاکێکی تەسکە
بە بەری مندا ناچێت
غەریبی بەر لووتی گرتووم
ناهێڵێت بۆنی عەتری
خاکی نیشتمان بکەم
تاریکیی تاراوگە لیخنی کردووم
بوار نادات، ژنێک
بمکاتە رووبارێکی ئیرۆس
لێم بگەڕێن
با مەرگ بە ئەسپەکەیەوە بێت
بە زنجیر بەدوای خۆیدا رامکێشێت
کێ ئەم پیاوە گەدایەی لە بیرە؟

لەوانەیە تەنیا یەک ژن هەبێت
بە نهێنی فرمێسکم بۆ بڕژێ
****
پێم سەیرە هێشتا دەژیم
لە جەنگی هەقیقەتدا
چەندان جار زامدار بووم
هەر زۆر دەمێکە
بە ئەسپی عەشقەوە گلاوم
چەندان جار
لە کێوی خۆشنوودییەوە هەڵدێراوم
دەیان جار
لە ئانی کڕنووش بۆ ئاو
ئاگر لە خەندەکانی گەنجیم بەر بووە
زۆر جار
لە تەماشای پەلکەزێڕینەدا
چاوەکانم پڕ بوون
لە تۆزی بیابانی غەریبی
زۆر سەیرە هێشتا زیندووم
خۆ من هەموو شەوێک
لەگەڵ مۆمێکدا دەمرم و
لە گۆڕستانی تاریکیدا دەنێژرێم!!
****

ژیان هەورازێکە
تاکو زیاتر پێیدا سەرکەویت
روونتر دیمەنی مردن دەبینیت
نامەوێت بگەمە کۆتایی رێگە
هێشتا کاری زۆرم ماوە لێرە
ژیان رووداوێکی خۆش نییە
ناچارین خۆمان
تۆوی خۆشی تێدا بچێنین
هەرکەس ژیانی بە هۆیەکەوە
خۆش دەوێ
من ژیانم لەبەر تۆ و
تۆشم لەبەر ژیان
خۆش دەوێت
****
لە هەرزەکاریدا پێنج خشتەکیم
بۆ ئەو کۆترانە دەنووسی
لەژێر بنمیچیماڵەکەماندا
هێلانەیان کردبوو
دواتر چوارخشتەکیم
بۆ نیشتمانێک دەنووسی
چارەی نەدەویستم
پاشتر سێ خشتەکیم

بۆ کرێکارێک دەنووسی
حاشای لە خوێنی رژاوم کرد
ئێستاش
شیعر بۆ پەروانە ژنێک دەنووسم
هاوسەفەرمە
لە بۆنکردنی گوڵەکاندا
هاوچارەنووسمە لە سووتان
لە ژێر تاڵێک تیشکی ئەویندا

****

چارەی بەهارم ناوێت
درەختەکان بە گەڵا دادەپۆشێت
ناهێڵێ خۆر لەشی رووتیان ببینێت
پایزم خۆش دەوێت
وەک خۆم عاشقێکی لاسارە
جلی سەوزی درەخت دادەکەنێت
بە کزەبایەک دەیهێنێتە سەما
منیش هەروەک پایز سەرشێتم
جل لەبەری شیعرەکانمدا ناهێڵم
بە «با»یەک دەیانخەمە گۆرانی وتن
بۆ ئەو ژنەی وەک لاولاو
بە دڵی ئاگراوییمدا هەڵگەڕاوە

****

تۆ نازانیت من چەند تینووم
بۆ خواردنەوەی قومێک لە کانیلەی لێوت
بۆ هەڵقوڕاندنی کۆنیاکی بزەی تەڕت
تۆ نازانیت من چەند تامەزرۆم
بۆ کێشانی حەشیشی باوەشت
بۆ هەڵمژینی بۆنی ڕەیحانەی هەناسەت
تۆ نازانیت من چەند سەوداسەرم
بۆ ڕاکشان لەژێر بریسکەی چاوت
بۆ بەربوونەوە بۆ نێو زەریای ماچت
تۆ نازانیت من چەندە شێتم
بۆ ڕنینی بەروبوومی کێڵگەی لەززەت
بۆ نووسینەوەی مێژووی
شەوێکی ڕۆمانسی
لەناو پەڕە گوڵی جەستەت
سەیرە تۆ هێشتا نازانیت!!

****

من و ئینجانە لە یەکتر دەچین
ئەو دڵێکی نەرمە
بۆ ڕسکانی گوڵ
من خاکێکی بە پیتم
بۆ گوڵەگەنمی شیعر
ئەو بێزار نابێت

لە مەکری گوڵەکان
من تووڕەنابم لەو شیعرانەی
وەک شمشێر تیغم دەکەن و
شەتاوی خوێن
لە دڵمدا جۆش دەدەن
ئەو کاتێ دەمرێت، نازی گوڵ
لە نێو چاوەکانیدا دەربکێشرێت
من کاتێ، فەنا ئەبم
قەڵەمم مان بگرێت
لە نووسینی ئەو شیعرانەی
دێڕ بە دێڕ من لە یار و
یار لە مندا دەلاوێننەوە

❊❊❊❊

خودا یەکەم ڕۆژ
تۆی دروست کرد
دووەم ڕۆژیش
لە پەراسووی چەپی تۆ
منی خوڵقاند
خودا ڕۆژی یەکەم
وشەی نارده سەر زەوی
دووەم ڕۆژ
منی کردە گەڕیدەی وشە

خودا یەکەم ڕۆژ جوانی تۆی
بە قەڵەمی پرشنگ کێشا
دووەم ڕۆژ
منی خستە سەر کەڵکەڵەی
کڕنووش بردن بۆ ئەو جوانییە
من وەک ئیبلیس لاسار نەبووم
بە تامەزرۆییەوە لەبەرت نوشتامەوە
خودا یەکەم ڕۆژ
لەناو شیلەی ژیاندا
خۆشەویستی هەڵهێنجا
دووەم ڕۆژ
منی هەڵبژارد
ببمە پەیامبەری ئەوینی تۆ
خودا یەکەم ڕۆژ
ملیاران ئەستێرەی لە ئاسمان و
یەک ئەستێرەی لەسەر زەوی ئافراند
دووەم ڕۆژ
ئیبلیس لە خشتەی بردم
لە بری ئەوەی لەسەر ئەم زەمینە
بۆ تۆ بگەڕێم
چاوم بڕیوە
پۆلێک ئەستێرە لە ئاسمان

خودا خۆی نیگای بۆ ناردم
تۆ لە نزیکی دوور و
دووری نزیکەوە
لە ناو کۆڵانە رەنگاورەنگاکانی
عەشقدا بدۆزمەوە
ئیتر خودا وەستا
لە ئافراندنی شتەکان
****

٢٠١٩-٥-١
سوێد - ستۆکهۆڵم

# من و تۆ

من و تۆ وەک تۆپەڵێک رووناکی
بەناو تاریکیدا تێدەپەڕین
سەیر بکە
چۆن ژیان بۆتە چراخان
****
من و تۆ
لە هەر زەمانێکدا
ناوێکمان هەبووە
زەمانێک لەیل و مەجنون
زەمانێکی تریش مەم و زین
ئەمێستا گوڵاڵەسوورە و باخ
****
من و تۆ لە نیشتمان لە دایک بووین
لە غەریبیدا یەکترمان دۆزییەوە

لە بانیژەی خەیاڵدا ماچمان گۆڕییەوە
لە ئاسمانی یەکتردا بۆ ئەبەد دەفڕین

****

من و تۆ لە یەک جامدا
ئاوی خۆشەویستی دەخۆینەوە
لە یەک چرکەدا پێکەوە دەمرین
لە باوەشی یەکتردا زیندوو دەبینەوە

****

من و تۆ بۆ یەکەمین جار
پەنجەرە داخراوەکانی هەستمان کردەوە
تا تیشکی هەتاوی ئەوین بێتە ژوورەوە
لەو رۆژەوە رەشەبا شەڕ بە من و تۆ و
پەنجەرەی کراوە دەفرۆشێت

****

من و تۆ پێکەوە خەونمان بینی
ئیبن سیرین خۆی پێی وتین
لە شەقامێکی نارنجیدا پێکدەگەن
لە بن سێبەری دارگێلاسی عیشقدا دەمرن
لە بەهەشتدا سەردەردەهێننەوە

****

من و تۆ لە مەزرادا گوڵمان رواند
لە ئاسماندا برووسکەمان چاند
لە دڵدا خۆشەویستیمان داکوتا
هەر خۆشمان گوڵ و برووسکە و
خۆشەویستی بووین
****
من و تۆ بە قەڵەمێکی سوور
مێژووی بارانمان نووسییەوە
ئەوەمان بۆ نەوەکانی داهاتوو
یاداشت کرد
دەکرێت لە هەناوی رەشی هەورێکدا
دڵۆپە بارانی سپی لە دایک بێت
****
من و تۆ
ئەو تابلۆیەمان رەنگ کرد
کە خۆشەویستی
خودا و شەیتان ئاشت دەکاتەوە!
بۆ کۆتایهێنان بە وەرزی مردن و
رازاندنەوەی بووکی ژیان
با دەست بە ئەوینەوە بگرین
****

من و تۆ
لە تێپەڕین بە دەریای سۆزدا
ملوانکەی مرواریی ئەوینمان هۆنییەوە
کردمانە گەردنی ڕۆژە خەمۆکەکانمەوە
****
من و تۆ
لە هەموو شوێنێک دەناسرێینەوە
بەلەمەکان
بە هەڵاتن لە تەنهایی
ڕووبارەکان
بە مەلەی پێچەوانەی شەپۆل
ئاگرەکان
بە سووتان لە کورەی غەریبی
«با»کان
بەراکردن بەدوای تەمەنی بابردوو
باخەکان بە ماچی ژوانەکانمان
یەک یەک دەماننناسنەوە
****
من و تۆ لەوەتی هەین
بە لەززەتی ڕامووسانەوە دوو گیانین
بە دزی تەنهاییەوە پێکەوەین

ناوی یەکتر لەسەر پێستی
بێستوونی توانەوە هەڵدەکۆڵین
****
من و تۆ پەیمانمان بە یەکتردا داوە
هەر کات مەرگ پەلی منی گرت
تۆ لە ژیاندا زیندوو بمهێڵیتەوە
ئەو پەیمانەمان لە دامێنی شیعرێکدا
واژۆ کرد
****
من و تۆ لەسەر ئەوە رێکەوتین
هەر کاممان مردین
ئەویتر هاوسەرگیری بکات
من لەگەڵ فرمێسک و
تۆش لەگەڵ یادگارییەکانی من
****
من و تۆ
لەسەر شتێکی تریش رێکەوتین
چیتر من، من نیم
تۆش، تۆ نیت
ئێمە هەر یەک بەلەمی عاشقین
لە دەریاچەی سەرکێشیدا

سەوڵ لێ دەدەین

****

من و تۆ

لەوەتی لە دایکبووین

بە ژێر ئەو بارانەی عەشقەدا

ڕێ دەکەین

لە ناو لەپی دەستماندا

خۆش دەکاتەوە

زۆر جاریش

لە لێوی حەزەکانمەوە

بە لێزمە دادەکات

****

من و تۆ

دوو قەرەجی ماندووین

من بەناو گۆرانییەکاندا دەگەڕێم

تۆش بەنێو ئەسرینەکاندا

پێکەوە سترانێکی فرمێسکاوییمان

بۆ زەمەنی پێش

یەکترناسینمان وت

****

من و تۆ کە یەکتر ماچ دەکەین
ئەسرینەکانمان قاقا پێدەکەن
خەمە تەڕەکانمان وشک دەبنەوە
مەراقە رەشەکانمان مۆر هەڵدەگەڕێن
کانیاوێکی سەرخۆش
لە لێوی تامەزرۆمان دەچۆڕێت

****

من و تۆ
بەسەرهاتی ناو رۆمانێکین
ژیان
بە پەڕەمووچی تریفە دەماننووسێتەوە
خوێنەر
بە واق وڕماویی دەمانخوێنێتەوە
هیچ خوێنەرێک بۆی جیا ناکرێتەوە
کام منە، منم و کام تۆیە، تۆیت
وای لە من، ئای لە تۆ

****

من و تۆ
چاو هەڵدەبڕین
رۆژ دەبێتەوە
چاو دادەخەین

شەو بە بەرگی تاریکییەوە دێت
یەکتر لە ئامێز دەگرین
گوڵ دەپشکوێ
لێک دوور دەکەوینەوە
زەمین فێ دەیگرێت
هەناسە دەدەین
شیعر سەما دەکات
لەژێر لێفەیەکی پەمەیی دەنووین
ئاسمان کۆبوونەوە
بە ئەستێران دەکات
چەند سەیرە یاساکانی سروشت
لە دەستی من و تۆدایە!!

****

من و تۆ
لە قۆزاخەی تیشکدا دەژین
رووناکیمان
بە ئەستێرەدا هەڵدەواسین
هێندە رووناکین
خۆر
داوای مشتێک پرشنگمان
لێ دەکات بە قەرز

هێندە روونین

تاڤگە

داوای خوازبێنیمان

لێ دەکات بۆ چەم

هێندە مەستین

عەشق، تامەزرۆیە

بە رۆژی rووناک بمانخواتەوە

****

من و تۆ

پاشماوەیەکی سۆمەریین

کەس نەیتوانی شرۆڤەمان بکات

پادشا هات

وایزانی وەسیێتی پادشایەکی کۆنین

شاعیر هات

وایزانی چامەیەکی غەمگینین

بازرگان هات

بیری لە نرخمان دەکردەوە

شوێنەوارناس هات

بەدووی تەمەنماندا گەڕا

عاشق هات بەسەر باڵاماندا گریا

****

من و تۆ
هەمیشە لە سەفەرداین
من بە چەپکێک خۆزگەوە
 بەرەو لای تۆ
تۆ لە گوڵشەنی سۆزەوە
 بەرەو لای من
من بە دیوانێک شیعرەوە
 بەرەو لای تۆ
تۆ بە خەونێکی شەرابییەوە
بۆ لای من
من بە بەرچنەیەک ئارەزووی سەوزە
 بۆ لای تۆ
تۆ بە رووبارێک هەنگوینی ماچەوە
بۆ لای من
من و تۆ هەمیشە لەم سەفەرەداین
****

٢٠١٩-٥-١٣
ئەڵمانیا - بیلەفێلد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
ئەمڕۆ جارێکی تر پاش ماوەیەکی کورت دووبارە گەڕامەوە هەوارە هەمیشەییەکەم «نەخۆشخانە«

## نرکەی نیوەشەو

نیوەشەوە
ئەم شارە بەرگی تاریکیی پۆشیوە
تەنیا خۆم و قەڵەمەکەم بێدارین
خۆم و چرا چاوکزەکانی سەرشەقامەکان
خۆم و ئەو کتێبانەی لە وەرین نزیکن
خۆم و پشیلەی ماڵە دراوسێکەمان
خۆم و ئەو دەستە حەبە
تەواونەبووەی سەر مێزەکەم
خۆم و ئەو دارستانەی
چاوبازی لەگەڵ کشوماتی دەکا
خۆم و وەسوەسەی
ئەو تابلۆ هەڵواسراوەی
دەیەوێت لە قەدی دیوارەکە

خۆی بخاتە خوارەوە
خۆم و فنجانێک قاوەی چاوەڕوان
خۆم و باڵندەی خەیاڵم
کە لە ئاسمانی
ئەوینی تۆدا باڵەفڕکێمانە

****

لە نیوەشەودا
گوێ بۆ ئەو دەنگانە دەگرم
لە ئازارەکانمەوە هاژەیان دێت
بێشکەی ئەو سروودانە رادەژەنم
لە سەنگەری عەشقێکی ناکامدا
چاویان پشکوت
چاوی پڕ رۆندکی
ئەو موسافیرانە دەسڕم
بەدەم گۆرانی نیشتمانەوە
رۆشتن و نەگەڕانەوە
شوێنەواری ئەو پێ چەپەڵانە دەسڕمەوە
بە باخی هەستمدا تێپەڕین و
ئاوڕیان نەداوە
ئەو فەلسەفەیە تەریق دەکەمەوە
خۆشەویستی پێ تەفسیر نەکرا
گوێ لە چرکە چرکی

کاتژمێرەکەی تەنیشتم دەگرم
دەمەوێت پێم بڵێت چەند چرکە
لە عومرم لە بێ تۆیدا
بەفیڕۆ دەڕوات!؟

****

لە نیوەشەودا
زۆر بیر دەکەمەوە
بیر لە نوح دەکەمەوە
بۆچی خۆی
کەشتییەکەی کون نەکرد
مرۆڤی تووشی ئەم رۆژە رەشە کرد؟
بیر لە ئاسمان دەکەمەوە
چۆن توانیویەتی
دڵی گەلە ئەستێرە بەدەست بهێنێت
بە کۆمەڵ زەماوەندی لەگەڵ کردوون؟
بیر لە ئادەم دەکەمەوە
کە فڕێدرایە سەر زەوی
چۆن خۆی نەکوشت؟
بیر لە دیستۆیفیسکی دەکەمەوە
تێناگەم قوماری خۆشدەویست
یان نووسین؟
بیر لە بیابان دەکەمەوە

ئەو هەموو لمەی
بۆ چاوی کام زەریا کۆکردۆتەوە؟
بیر لە قەسابێک دەکەمەوە
چۆن خوێن نەیگرتووە و
دەتوانێت پێبکەنێت؟
بیر لە خودا دەکەمەوە
سەر لە حیکمەتی
ئەو تەنهاییە تولانییەی دەرناکەم!
بیر لە خۆم دەکەمەوە، ئا، خۆم
چۆن ئەو هەموو تەمەنە ژیاوم
بێ ناسینی تۆ؟
چۆنیش ئەو هەموو ساڵە بژیم
لە دووریی پاش ناسینی تۆ؟؟
****
لە نیوەشەودا
سەفەر دەکەم
بەرەو مەیخانەیەک
لە بناری خەیاڵدا
بەدەم سەمای زۆرباوە
شەراب دەخۆمەوە
کاتێ دەزووی خەیاڵم دەپچڕێت
دەستەکانم بۆنی دارمێویان لێ دێت

لە نیوە شەودا
سەفەر دەکەم
بەرەو پەرستگەیەکی دێرینی میترایی
لەویٚ زەردەشت و میترا دەبینم
پێکەوە دەست لەناو دەست
نەخشەی رەنگکردنی ژیان دەکێشن
ئەهریمەن لەولاوە لێیان تێکدەدا
لێرەوە هاوار دەکەم
دەنگم پێیان ناگات
لە نیوەشەودا
سەفەر دەکەم
رووە ئەو شارەی دڵم دەیخوازێت
پاسارییەکی غەریب چاوساغمە
جار جار پرسێک
بە رێبوارانی سەر جادە دەکات
بە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی ترسدا دەڕۆین
دەمباتە بەردەم ماڵێکی بەشەونم داپۆشراو
دەڵێت ئەمە ماڵی راستەقینەی تۆیە
دەچم رادەکێشم و لە هەستانەوەدا
سەرم لە بەردی ئەلحەد دەدا
❊❊❊❊

لە نیوەشەودا
بەناو خۆمدا پیاسە دەکەم
بەنێو ئەو غەمانەدا تێدەپەڕم
لەناو پێکەنینەکانمدا
خۆیان حەشارداوە
گۆچانێک لە بیرەوەریی
دەدەمە دەستی ئەم شەوە پانوپۆڕانە
تا بەناو داهاتوودا پێی بڕۆن
قوم قوم ڤۆدگا دەرخواردی
ئەو پەروانەیە دەدەم
لە مۆم نائومێد بوو
خۆی بە دەزوویەک تیشکەوە هەڵواسی
پەنجەرەکانی نیگەرانی
لەسەر خۆم دادەخەم
ناهێڵم دووپشکەی گومان
بێتە ژوورەوە
دەرگا لە خەونێک دەکەمەوە
تێیدا دڵی پەشمەکیم
لەسەر سینگی پەریە ژنێک بتوێتەوە
****
لە نیوەشەودا گڕوو دەگرم
شەڕ بە ئاسمانی ساماڵ دەفرۆشم

کاتێک ئەستێرەیەکی بزر
ماڵی خۆی پێ نادۆزرێتەوە و
بیر لە ئینتیحار دەکاتەوە
شەڕ بە باخی ماڵەکەمان دەفرۆشم
کاتێک خونچە گوڵێک
لەسەر سینگی دەنووێت
لەبەر سەرما رەق دەبێتەوە
شەڕ بە پێنووسەکەم دەفرۆشم
ساتێک شەنگە ژنێک
وەک دەریا
بەرەو لام شەپۆل دەدات و
ناتوانێت
وێنەی کەنارێک بنەخشێنێت
شەڕ بە خۆم دەفرۆشم
کاتێک پەریە ژنێک
بە وێنەی بروسکەیەک
بێدارم دەکاتەوە
منیش لەژێر
پەتۆی گوومان‌دا نووستووم
****
لە نیوەشەودا فێ دەمگرێت
بەرد دەگرمە ئاوێنەکانی دوێنێ

چون نەیانتوانی ئەمرۆم ببینن
بەسەر پشتی ئەسپی عەشقەوە دەگلێم
نرکەم دەگاتە کەشکەڵان
کوندەپەپوو لەسەر ئایندەم دەخوێنێ
هەموو ئەو هیوایانە سەردەبڕم
وەک وەهمێک لە بۆشایی خەیاڵدا
دروستم کردبوون و
هەموو تەمەنمیان هەڵلووشی
پەلاماری ئەو خەونە دووبارانە دەدەم
وەک چەقۆیەک لە قەبرەغەم دەدرێن و
بۆنی خوێنی بەزینیان لێدێ
لە چیای بەرزی غرورەوە
خۆم هەڵدەدەمە دۆڵی لەناوچوونەوە
تەنیا بۆ ئەوەی پەریە ژنێک
تەرمی هەلاهەلام هەڵبگرێتەوە
****
لە نیوەشەودا
دەنگێکی غەریب بانگم دەکا
هێی ئەی موسافیری ڕێی شکست
خەیاڵە تەڕەکانت لە شیعردا بهۆنەوە
ئەم بەختەوەرییەت زۆر نابات،
دابڕانێکی ئەزەلی چاوەڕێتە

مەرگێکی ئاگراویی لەبەردەم دەرگاتە
ئەمێستا نازانم
خەونەکانم بنووسمەوە
یان بەسەر باڵای رۆژگارمدا بگریم؟!
نازانم سەفەر بکەم بۆ ناو خۆم
یان لە پێش چاوی تۆدا بتوێمەوە؟!
نازانم قەڵەمەکەم لە سێدارە بدەم
یان بیچەقێنمە
چاوی نوقاوی هەقیقەت؟
نازانم لەم پایزەی عومردا
بە بۆنی گوڵێکی رۆژهەڵات
بە ئامێزی بەهار دەگەمەوە؟!!
****
لە نیوەشەودا
هیچم لەسەر خۆم بیر نایەتەوە
جگە لەو چاڵە رەشەی ناو مێشکم
کە ناوی غەمە
هیچم لە رابردووی خۆم
بیر نەماوە
تەنیا ئەوە نەبێت
چرایەکم هەبوو شکا
هیچ لە بارەی ئێستای خۆمەوە نازانم

تەنیا ئەوە نەبێت بە پێی پەتی
بەسەر شووشەی شکاوی
تەمەندا رێ دەکەم
نازانم لە ئایندەدا
چ بەڵایەکی ترم بەسەردێ
تەنیا ئەوەندە نەبێ
لە دڵی یاردا هەڵدەکورڕزێم
بین دەنێم
بە گۆزەی بەتاڵی ماچەکانییەوە
دەرگایەک بەرووی خۆمدا دەکەمەوە
خاڵی لە ئەو و
تەژی لە نەزعەی خۆکوشتن
ئەو هەورە رەشەی
سایەی بەسەرمدا کردووە
چەقۆ دەبارێنێت
بۆ لەشی گۆرانییەکانم
ئەو رەشەبایەش کە لرفە لرفێتی
پەیامی هەڵوەرینی منی پێیە
لە دڵی شۆخە ژنێکدا

****

لە نیوەشەودا
دەبمە تارماییەک

لە کوچە تاریکەکانی ژیاندا
دەزریکێنم
لە بەردەم درەختی سووورباوی
دڵی ژنێکدا دەوەستم
هاوار دەکەم
ئەی شەپۆلاویترین خۆرەتاو
ئەو دڵەی من
هێندە ناسک بۆتەوە
بە باڵەفرِکێی پەروانەیەکیش
درزی تێ دەبێت
رۆحی ئاوریشمیم
بە جۆرێک نەرمە
دەتوانیت بە لۆکەش
سەری ببڕیت
ئەو چاوانەم
هێندە خەردەلی درۆیان تێزاوە
بە یەک وشەی سارد وەک کانییەک
لە سەردەمی وشکەساڵیدا
کوێر دەبنەوە
ئەو گوێیانەی من ئاخنراون
بە دەنگی هەرەس
بە چرپە

باسی ئەو شەهیدانەم بۆ مەکە
دڵیان بە ئەستێرەی کاروانکوژە
خۆش کردبوو
ئەو هەنگاوانەم هێندە سست بوون
بە هەزارساڵیش
هەورازەکانی ئەوینی تۆ و
نشێوەکانی غەریبیی خۆمم
پێ نابڕدرێ
سەرم هێندە
لە ئانی کڕنووش ماوەتەوە
لە ئاستی جوانی تۆدا
بە هەزاران فریشتە بەرز نابێتەوە
دە تۆش وەرە لەم نیوەشەوەدا
مەهێڵە وەنەوزی نائومێدیی بمباتەوە
ئاڵای خۆشەویستییەکی ئەبەدیی
لە ناوەڕاستی جەرگم بچەقێنە
****

٢٠١٩-٥-٢٤
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## گۆرانی ئارەزووەکان

سەرم دۆڵابێکی هەڵکورماوە
هەزارەها نهێنی
خۆی تێیدا حەشارداوە
هەزاران وشەی شەرمنی
تێدا قەتیس بووە
دەمەوێت تۆزێک ئازایەتی
قەرز بکەم
تا هاوارم بگاتە کەشکەڵان
لێرەوە لە دڵی شیعرێکەوە
جاڕ بدەم
ژنێکم خۆشدەوێت
دڵێکی سپی و
رۆحێکی سەوزی هەیە و

خەونەکانی پەمەیین
ئای چەند ئارەزوو دەکەم
دڵی خومکراو و
 رۆحی زەردهەڵگەڕاو و
خەونە خۆڵەمێشییەکانم
لە پەرستگەی عەشقیدا
رەنگ بکەم
چەند بە تاسەوەم
تەکیلای ماچی
 برژێتە ناو پەرداخی دەمم
مەمکەکانی بەربینەوە
ناو دەستم
چاوە خومارەکانیشی
 ببرێتە چاوم
ئەو دەمە بەرووتی
خۆمان پێکەوە
 گرێ دەدەین
****
چاوەکانم ماندوون
رەنگە نەتوانن ببینن
پێتان سەیر نەبێت

بڵێم دەبیستن
وەختێک ئەو ژنە دەڵێت
وەرە بمگرە خۆت
با فۆتۆیەک بۆ مێژوو بگرین
تۆ لە باوەشی مندا
منیش
لە شەوێکی ئیرۆتیکی تۆدا
گوێیەکانم کاس بوون
ڕەنگە نەتوانن ببیستن
پێتان سەیر نەبێت
بڵێم دەبینن
ساتێک ئەو ژنە
بە چرپەوە دەڵێت
وەرە لە ئامێزما بنوو
تەماشام بکە
لەمدیو پەنجەرەیەکی ڕوونەوە
ئەوەتا لە ئاو ڕووتترم
ئەی ئاگرترین پیاو
کەرەمکە لەناوما دامرکێوە
زمانم زۆر لە مێژە شکاوە
ڕەنگە نەتوانم بپەیڤم

پێتان سەیر نەبێت
بڵێم فام دەکات
کاتێک ئەو ژنە بە سرتە دەڵێت
وەرە با پێکەوە بنووین
لەسەر سیسەمی نارنجی ئارەزوو
پێکەوە لەسەر بەردی رەقی وجود
وێنەی رووتیمان هەڵکۆڵین
****
شتێک لەناو مندا
هەمیشە کپە
شیعر نەبوایە
کەڕولاڵ دەبووم
زمانێکی ترم دەوێت بۆ وتن
گوێیەکی ترم گەرەکە بۆ بیستن
قەڵەمێکی ترم پێویستە بۆ نووسین
ئەو رێگایانەی پێشوو کۆن بوون
ئەو شیعرانەی تر گشتیان وتران
ئەو گرێیانەی زووتر هەموو کرانەوە
رێگەیەکی نوێ دەدۆزمەوە بۆ وتن
شێوازێکی نوێ دادەهێنم
بۆ دەربڕینی ئەم ژاوەژاوە کپە

له هەوڵدام لەسەر نەریتی رەشەبا

لەگەڵ خۆمدا ئەو ژنە ببەم

بەپێی ئامۆژگاریی حەزرەتی پاییز

گەڵا گەڵا

وەک درەخت رووتی بکەمەوە

بە چاوکردن لە لاولاو

بە دیواری غروریدا هەڵگەڕێم

بە گۆرانییەکی نەشئەئامێز

مەمکەکانی لە زیندانی ستیان

رزگار بکەم

بە دەم چڕینی مارشی ئارەزووەوە

دەمم بخەمە ناو دەمییەوە

من دەمەوێ بە شێوازێکی نوێتر

بلکێم بە قەدەری ئەو ژنەوە

❊❊❊❊

٢٠١٩-٥-٢٦

ئەڵمانیا - بیلەفێلد

نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## سترانە کپەکان

هەرچەند بیر دەکەمەوە
من هیچی تر نیم
جگە لە ئاگرێکی رەش
تۆش دوکەڵێکی سپی
****
هەست ئەکەم
شتێک لە بارەی داهاتوو دەزانم:
ئێوارەیەک قەڵەمەکەم
خۆی دەکوژێت
تۆش
داوای شیعرێکی ژیاندۆستم
لێ دەکەیت
****
هەرگیز لەم کۆدە تێناگەم

من دێمە هەر شوێنێک
تۆی لێی
تۆ دێیتە هەر شوێنێک
منی لێ نیم
****
پەندێکی دێرین هەیە دەڵێت
عاشق کاتێک دەمرێت
لە خاکدا نانێژرێ
لە رۆحی مەعشووقدا
هەناسە دەدات
****
سترانێکی قەرەجیم
گوێ لێ بووە:
شاعیر
وشە لە قامووسی عیشق
قەرد دەکات
عەشق خۆیشی
فەرهەنگێکە لە ئازار
****
گوێم لە موناجاتی دێوانەیەک بوو:
عەشقم وەک پەرداخێک ژەهر فەڕ کرد
سەرلەبەر هەناوم بوو بە نوور
****

پرسیارم لە لاپەڕەیەکی سپی کرد
چاوەڕوانی چیت دەکەیت
لە شاعیر؟
وتی:
هەناوم بە ستایشی یار
رەش بکاتەوە!
****
پێم سەیرە
دیوار هێندە بە پێوە وەستاوە!
چۆن ماندوو نابێت
لە دابڕینی جوانی
لە چاوی سروشت؟
****
عاشقەکان هەمیشە ماندوون
کێوێک هەست و
شاخێک عاتیفە بە کۆڵیانەوەیە
ناتوانن لەسەر هیچ دڵێک داینێن
****
چیا چەند سەخت و رەق بێت
جۆگەلەیەک دڵی کون کون دەکات
ئیدی من بەم هەموو نەرمییەوە
چۆن بەرگەی تۆفانی ماچی تۆ بگرم؟
****

هەر لە خۆڕا پێموایە
عاشقەکان
ژیان لە نەبوونەوە دەهێننە ئارا
شاعیرەکان
مێژووی ئەوان دەنووسنەوە
****
شاعیرەکان زۆر سەیرن
هەوڵدەدەن عەشق بخزێننە
بۆتەی دەقەوە
ئەوە نابینن
گەردوون بەو بەرینییە
جێی ئەوی تێدا نابێتەوە
****
دان بەوەدا دەنێم بێ هیوام
ساڵانێک لە دڵێکی مەلولدا
بە دوای ئومێددا دەگەڕام
ساڵانێک
چاوەڕوانی ئاوی گەشبینی بووم
لە گۆزەیەکی درز بردوودا
****
راستییەک هەیە
دەمەوێت بیخەمە رستەوە
لەوەتی هەم وەک هەڵۆیەک دەفڕم

هەتا دێ لە خۆم دوور دەکەومەوە
ئیدی تەمەنا دەکەم
بەربمەوە بۆ نێو خۆم
****
زۆر دەمێکە
دڵێکم لە سینەی گریاندا
هێندە رووقایمانە
خۆم لە گێلی دەدەم
چاوەڕوانی کلویەک پێکەنین دەکەم
ئەم بەفری زەردەخەنەیە
لەو ئاسمانە روو گرژەی ژیانما
کەنگێ دەبارێت؟
****

چاوی من
لە دڵی دایکم دەچێت
دەقەکانیشم لە رۆحی باوکم
خەونەکانم
لە نازی خوشکەکانم دەچن
روانینەکانیشم
لە سەرنجی براکانم
تەنها ئازارەکانم لە خۆم دەچن
****

خۆشەویستێکم دەوێت
دەست بهێنێت
بەسەر ئاوریشمی هەستمدا
پەرتبوونم
 لە چاوەکانیدا کۆ بکاتەوە
دڕکی حەسرەت
 لە خەیاڵەکانم دەربهێنێت
کە گریام بە دەستڕی ماچ
جۆگەلەی فرمێسکم بسڕێت
****
شەوێکیان بیرم دەکردەوە
ئەگەر ئەمشەو ژنێکی سپی
بێتە ناو پێخەفی ڕەشمەوە
بە ماچ لێوی شیعرم سوور بکات
لەنێو لەشی گەرمیدا نقوم بم
ئایا هێشتا گلەییم لە ژیان دەبێت؟
****
وتم نابێت بڕۆم بۆ جەنگ
سەنگەرەکان پڕ ناکەم
 لە هەنگوینی شیعر
فیشەکەکان تەژی ناکەم
 لە مرەبای عیشق
ئەگەر جەنراڵەکان بەم کارە بزانن
لە دۆڵی کینەدا

سەر بەرەو خوار هەڵمدەواسن

****

ئەو دەمەی
لە منداڵدانی دایکم
هاتمە دەرەوە
شێری غەم و غوربەت
دایکمی خوارد
هەموو هەوڵی باوکم بۆ ئەوەبوو
من لە دەمی چەقەڵی
بێ دایکی رزگار بکات

****

من دەمەوێ
فەرهەنگی زمان پاک بکەمەوە
تا عەشق
چیتر بە زەجرکێشان
راڤە نەکرێت
شیعر و ئازار
هیچی دی
ئامۆزای یەکتر نەبن
وشەی خیانەت
لە زەینی هەر ژنێکی عاشقدا
بە مرەکەبی ماچ بسڕدرێتەوە

****

ئەوەندەی من
بە بیرم دێتەوە
ئەو ڕێبوارە گەڕۆکەی
عەودالّی وشە بوو
پێیان دەگووت شاعیری سەرشێت
ئەو دێوانەیەی سەوداسەری
ژنێک ببوو
پێیان دەگووت خەڵوەتکێشی نەگبەت
ئەمێستا من شاعیرێکی نەگبەتم
****
شەقامی دڵم ئێجگار چۆڵە
خانمێک بە چەپکێک گوڵەوە
پیاسەی تێدا ناکات
فوارەیەک لە شادمانی
لە قەراغییەوە بوونی نییە
سەنتورژەنێک وەک میوانێکی ناوەخت
بەسەریدا گوزەر ناکات
کەچی هەرچی ئازارە
پێیدا هەڵدەگەڕێت
هەر کاروانی دوای تەرمی گوڵە
فڕکان فڕکانێتی
****
دەست ئەخەمە گەردنی شەوگار
بە تاوانی کوشتنی تاریکی

دادگایی دەکرێم
دەست دەخەمە
ناو پرشنگی زێڕین
بە تۆمەتی دڵداریی
لەگەڵ رووناکی زیندان دەکرێم
باوەش دەگرمەوە بۆ باران
بە پاساوی هەستانی لافاو
گوللە دەنێن بە بەختمەوە
لە ژێر لێزمەی ماچمدا
ژنێک سەما دەکات
بە بیانووی نامووس
چاوی شیعرم هەڵدەکۆڵن
****
هێندە سەرمامە
لەناو ئاگریشدا
هەست بە تەزینی سەرم دەکەم
بەرگەی هەوای سارد و
نیگای سارد ناگرم
خانمەکەم
ئەگەر هاتیت بۆ ئێرە
تکایە بەفری چیای شەرم
لە شانت بتەکێنە
****

ڕەنگە سەفەر بکەم
بەرەو کوچەیەک
تەنیا شیعر
ڕێی تێبکەوێت
بەرەو کەنارێک
تەنیا کەشتی عەشق
لەنگەری لێ بگرێت
بەرەو ئاسمانێک
بە باڵی یاخبوون نەبێت
نەتوانیت تێیدا بفڕیت
بەرەو خۆم
بۆ دۆزینەوەی
ئەو ئاوریشمە ژنەی
بێشکەی هەستم
بە ئارامی رادەژەنێت
****

زستانی ٢٠١٨ - هاوینی ٢٠١٩
بیلەفێلد - نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

ئەم دەقە بە پەرش و بڵاوی لەماوەی چەند مانگێکدا نوسراوە، بەتایبەت لەو کاتانەی لە نەخۆشخانە بووم و تەنهایی هورژمی بۆ دەهێنام، لە ڕێگەی ئەم کۆپلانەوە دنیای خۆم جەنجاڵ و قەرەباڵغ دەکرد.

# غەزەلە نەگووتراوەکان

ترسم لە هیچ کۆتاییەک نییە
بەپێوە دەوەستم
بۆ مردن نەک لەسەر چۆک
هەمیشە لە سەرەتاکان ترساوم
وەک دەستپێکی عەشقێکی ناکام

****

لەوانەیە مێشکم تاڤگەیەک بێت
بە هاژەوە دوا هەناسەی بدات
لەوانەیە هەستم برینێک بێت
لە بری خوێن
شیعر لێوەی فیچقە بکات
بە بێدەنگی
بە دەمارەکانی ئەویندا بگەڕێت

****

هەتا ماوم لە زیندەگیدا
گۆرانی بۆ ژیان دەڵێم
هەرچەند کەسێک نییە
گۆرانییەکەم بسەنێتەوە
یان لە بەستەکانم وردبێتەوە
هێشتا ئەمە
حەزی منی پێ نەکوژراوە
لە گۆرانی وتن
بۆ خۆشەویستی ژن

****

راستیی هەموو کات باش نییە
هەقیقەت وەک چەکی کۆکوژ وایە
زۆرجار درۆیەک هۆکارە بۆ مانەوەت
یان بوختانێک
بە دەم ئایندەی خۆتەوە هەڵیبەستیت

****

شاعیرێکی عاشقم
پێش شیعر
عەشق لە چاومدا هێلانەی کرد
ئەمێستاش
کە دەفتەری شیعرم دەکەمەوە
پەپولەی خۆشەویستی

تۆی تێدا هەڵدەفڕێت

****

خەونێکی زۆر گەورەم هەبوو
هەمیشە لە چاوەکانم یاخی دەبوو
خەونم دەبینی
توند توند لە ئامێزت بگرم
ئای چەند تاڵە
ئەم خەونە گورگی مەرگ خواردی

****

شیعرەکانم هیچ ناڵێن
بزە نین
بۆ سەر لێوی هیچ فریشتەیەکی زیز
چاوەڕوانی شەماڵی جێژوان ناکەن
نا، ئازیزم ئەم شیعرانە
تەنها نرکە نرکی گیانێکن
لە دەمی ئاوابووندا

****

هەموو ڕێگاکانم ون کردووە
ئەو ڕێگایانەی لە باوەشی میهرەبانیی
شۆخە ژنێکدا
دەمگەیەننەوە بە خۆم
چەند ساویلکانە
هەموو ڕێگاکانم ون کرد

ئێستا دۆزەخ
بیر لە من دەکاتەوە
ژنێک لەنێو خۆمدا
بە کوڵ بۆم دەگریێ
****
ئەو دڵەت لە یاد ناکەم
بە سۆزی گڕگرتوو
بە بۆنی بەهار داپۆشرابوو
پێشکەشی منت کرد
ئەو رۆحەشم لە یاد ناچێت
گۆرانی لێ دەڕژا و
منی کردە کۆپلەیەکییەوە
****

من مرۆڤێکی دوو دڵم
دڵێکم
لەناو خۆپیشانداندا جێماوە
دڵەکەی ترم
لە تەمتومانی پووچگەراییدا
دڵێکم
لە کۆڵانێکی عەقاری جێهێشت
دڵەکەی تریشم

لەم سەحرای سەهۆڵەدا بەستوویەتی
تەنیا لە بەرامبەر تۆ
یەک دڵم هەیە
ئەی ئەو ژنەی ماچەکانت
بۆنی کانیاوێکی نیشتمانی لێدێت
****
نێوانم لەگەڵ خۆم ناخۆشە
ئاگر بە ناخی نەرمم فێر بووە
«با» گاڵتە بە دەواری شڕی
تەمەنم دەکا
زەردەواڵە
بە خەونە ناسکەکانمەوە دەدا
لەگەڵ هەموو ئەم موعاناتەدا
لە ئاوێنەی دڵمدا
تەنها ژنێک دەبینم
لەناو زیندانی نوتەکی نێرێکی تردا
****
بۆ ناسینی خۆشەویستی من
رابردووی لێڵم مەپشکنە
فاڵ بۆ داهاتووی تاریکم مەگرەوە
سەیری ئەو گڕکانەی ئێستام بکە
لە شیعرەکانمەوە هەڵدەچێت

لەو بومەلەرزەیەی هەنووکە ورد بەرەوە
پێنووسی سەرکزم دەهەژێنێت
❊❊❊❊
زۆر جار ئارەزوو دەکەم
کراسی قەترانیی بێهودەیی
لەبەرم داکەنم
بەرگی شاهانەی ئومێد بپۆشم
هەواڵی مەرگی چرۆیەک
پەشیمانم دەکاتەوە
زۆر جاری تر
ئارەزووم کردووە
یەخەی کتێبەکانی
خۆشەویستی دادڕم
نامەیەکی خۆکوژانە
بۆ شیعر بنێرم
خۆشەویستی
ژنێکی دڵ پڕ لە هەتاو
رسم دەکاتەوە بە خوری
❊❊❊❊
نیگایەکت
چاوەکانم بێ سەروشوێن دەکەن
بزەیەکت

بە رووبارێکی شەرابدا
رەتم دەکات
بە ئەسرینێکت
شەکری بیرکردنەوەم
تاڵ تاڵ دەبێت
بە یەک ماچت
لەسەر چیای خۆکوشتن
دێمە خوارەوە
ئازیزم
لەنێوان من و خۆکوشتندا
تەنیا و تەنیا
چیرۆکی خۆشەویستی تۆ هەیە
****
لە رووخسارتدا
غەمێکی ئەزەلی دەبینم
لە دەستەکانتدا
ماندوویێتی کار سەیرم دەکا
لە قاچەکانتدا
هەنگاوەکانی غەریبی دەبینم
لە وشەکانتدا
سەرەتاتکێی نهێنییەکی مەزن
چاو دەکەم

لە دڵتدا
سێبەری پیاوێکی شەرمن دیارە
بێ ناونیشانترین پیاوی دنیا

****

ئازیزم دەمەوێت
تا دوا دڵۆپی دەریا
بکەمە مرەکەب
سینگی چی گەڵا هەیە
بیکەمە لاپەڕە
شیعری ورشەداری
خۆشەویستی تۆی
لەسەر بنووسم

****

دەستەکانم توند توند بگرە
پێش ئەوەی دەست بخەیتە
نێو ریشی سپی شیعرم
بەرلەوەی پەنجەکانت
بە خوێنی خەونی سەربڕدراوم
سوور سوور ببن
بەرلەوەی دەستی خەم
بخەیتە ژێر تابووتی
ئەو نۆ پیتەی

لە گەروومدا دەخنکێن
خ ۆ ش م د ە و ێ ی
****
ئازیزم
هۆن هۆن ئەشک دەبارێنم
من کە غەریبترین
پەڵە هەوری نیشتمان بووم
لە کوێ دەتوانم
بەسەر چاوی غەریبیتدا ببارم؟
کەی لەو گۆرانییە
سەرهەڵگرتووە تێدەگەم
بەلێوی ئەم مەنفایەوە
وشک بۆتەوە؟
****
تاکو زیندوو بم
بیرت لێ دەکەمەوە
دەمەوێت وەک ماچێکی تینوو
لەنێو دوو رووباری سینگت بنووم
دەزانم بە شەپۆلێکی توورەدا
وەک بەلەمێکی تێکشکاو
فڕێمدەدەیتەوە کەنار و
لە گۆڕی هیوایەکی هەڵوەریودا
دەمنێژیت
****

من کەوتوومەتە بۆسەی مردنەوە
سەیرە هێشتا چاو بۆ ژیان دەگێڕم
مۆمی عەشق
لە شەوەزەنگی بێ تۆیدا هەڵدەکەم!
ئاگری شیعر دەنێم
بە بەرۆکی مەرگەوە
وەک فیشەکێکی وێڵ
بە تەوێڵی تۆوە دەنوسێم
چەند جوانە ئەم چارەنووسە!!

****

لە ژێر ساباتی رەشپۆشی گریاندا
فرمێسکێکی کۆچەریی دەمناسێتەوە
سەری دەسوڕمێ
چۆن چڵی پێکەنینم شکا!؟
چۆن خەنجەری تەنهایی
جەرگی خەیاڵی پێکەوەبوونی
خەڵتانی خوێن کردووە!؟
هێندە کەمدووە
هیچ ناڵێت و بە ئەسپایی
بەروومەتی شیعرمدا دێتە خوار

****

عەشقی هورۆژمداری من
لە گیرفانی بیابانی ساردوسڕتدا

کاڵ دەبێتەوە
ماچەکانیشم
بەدەم چاوەڕوانییەکی تولانییەوە
دەبنە مشتێک تۆزی بەردەم رەشەبا
ئازارە چرۆکردووەکانم بەر دەگرن
دەبنە هەڵوژەیەکی تاڵی
نێو شەوە شادەکانم
دەبنە هەناسەیەکی ساردی
نێو رۆژە گەرمەکانم
****

بەهار و هاوینی ساڵی ٢٠١٩
بیلەفێلد - گوتەرەسلۆ

تەنها سێ کۆپلەی یەکەمی سەرەتای ئەم پۆستەرانە لە دەرەوەی نەخۆشخانە نوسراون، هەرسێکیان لە دارستانی ئەمس هاوزنی نزیک ماڵمان نوسراون کە زۆربەی جار پیاسە و بیرکردنەوەکانم دەبەمە ئەوێ. کۆی پۆستەرەکانی تر لە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس - شاری بیلەفێلد نوسراون

# چرکە ئیرۆسییەکان

ئەمە یاسایەکی ماتماتیکیی کۆنە
ماچێکی من لەگەڵ ماچێکی تۆ
یەکسان نییە بە دوو ماچ
نا، دەکاتە یەک ژوانی ئیرۆسی
هەر لێدەرکردنێکی تۆ لە من
ناکاتە خودی خۆم بە تەنها
نا، یەکسانە بە هیچ
❊❊❊❊
ئەمشەو پێکەوە دەخۆینەوە
من ئارەقی ئۆزۆی گریکی نۆش دەکەم
خۆم دەبینم لە یەکەم پێکدا مەست دەبم
بە تیلەی چاو سەرنجی تۆ دەدەم
ماچەکانم دەخەیتە پەرداخی هەوەسەوە
تاکو مەستبوون لێی دەخۆیتەوە
❊❊❊❊

ئەمڕۆ وەڕس بووم لە خۆم
سیگارەکەم کوژاندەوە
خەمە جاویدەکانم یەک یەک داگیرسان
لەناکاو زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا
ژنێک وتی ئەمشەو بە دوو شیلانەوە
لەناو پێخەفەکەتدا رۆژ دەکەمەوە
چەند سەیر لێوەکانم داچڵەکین
غەمەکانم کلو کلو توانەوە!!

****

دەتەوێت کراسم لەبەر داکەنیت
نامەوێت خۆم رووت بکەمەوە
نامەوێت لەژێر کراسە سپییەکەمەوە
برینێکی گەورەی رەش ببینیت
تۆ ئینکاری دەکەیت
منیش خۆم رادەست دەکەم
دەست دەهێنیت
بە مووی سەر سینگما
شوێنەواری هیچ برینێک
دیار نامێنێت

****

لە قەرەقولێکی تورکان دەستبەسەرکرام
هیچ ناسنامەیەکم لە باخەڵدا نەبوو
پێیان گووتم ناوت چییە؟

بە رەوانی وەڵامم دانەوە: عیشق
گووتیان بەرزیی باڵات چەندە؟
کەمێک راوەستام و گووتم
مەترێک و حەفتا و سێ ماچ
ئەوسا وەک شێتێک ئازادیان کردم

****

پۆلیسەکانی دەوڵەت
بەدوامدا دەگەڕان
بە تۆمەتی کۆمۆنیستبوون
لە کۆڵانێکی تەنگی شاردا
دەستگیریان کردم
لەبەردەم دادوەردا هاوارم کرد
بە پرچی شۆخە ژنێکەوە هەڵمواسن
بە ماچی ژنێک
حوکمی خنکانم بدەن

****

لەژێر داروپەردووی حوزنێکی ئاڵەوە
تا چاوم روون دەبێتەوە
تەماشات دەکەم
لە ورشەی گەڵای پێکەنینت دەڕوانم
سەرنجی درزی نێوان
هەردوو مەمکت دەدەم

لە خۆم ورد دەبمەوە
لە دەمی رژانت
بەسەر لەشی رووتمدا
****
دواجار بڕوات بەوە هێنا
مانگ لە دەریا دەپارێتەوە
سەبەتەیەک تریفەی
بە دیاری لێوەربگرێت
چرا تکا لە شەوەکان دەکات
تۆزێ کلی رووناکی بکاتە چاویان
شیعرەکانم بە شەرمەوە
تکات لێ دەکەن
لە باوەشمدا رووت بیتەوە
****
ئەگەر ئێمە یەکتر ماچ بکەین
بارانی بۆندار
زەوی دەکاتە شوشەیەک عەتر
رووباری حەسرەت
سەرەوژێر دەبێ
لە ماسی خۆزگە
بێزاریی لە چەمی خەندەدا
خۆی دەشوات
ژیان بە توندیی دەرگا

لەسەر مەرگ دادەخا و
تابووتەکان لە داخدا
خۆیان دەکوژن
****
ئێستا لە نەخۆشخانەم
بۆنی مردن
لە ڕاڕەوی سەرەکییەوە دێت
چەندان ڕۆژە مەرگ
لە نزیکەوە خۆیم نیشان دەدا
ئەوەی دڵەی منی داگیرکردووە
مەرگێکی تەنها نییە
لە بەیانییەکی پڕ ژاوەژاودا
خەریکم
بیر لە دیمەنی
ڕووتبوونەوەی تۆ دەکەمەوە
لە بەردەم شەوقی شیعرێکمدا
****
ڕەنگە ئەوە وابێت
ڕۆژێک تۆ
لە شیعرەکانمدا نقووم بیت
یان لەژێر ماچبارانی
مندا بخوسێیت
ڕەنگە بەو جۆرەش بێت
شەوێک من

لە باوەشی تۆدا نغرۆ بم
لە هەژانی ئارەزووتدا
سەر ئاو بکەم
لە هەنووکەوە دەڵێم
هەردووکیانم قبوڵە

****

هەمیشە جلوبەرگم پێ گرنگە
من کراسی گوڵگوڵی شیعر و
کورتەک و شەرواڵی
موسافیرێکی ونبووم لەبەردایە
کڵاوی غەمێکی قووڵیش لە سەرمدا
پێم خۆشە تۆش
بە تەنورەیەکی کورت چەشنی هایکۆ
ستیانێکی پەمەیی لە ڕەنگی سۆزم
بێیتە سەر سیسەمی ژوانم

****

شمشاڵی ماچە تەڕەکانت
بە لێوەکانی من نەبێت ناژەنرێن
گیتاری مەمکە بەپێوە راوەستاوەکانت
بە پەنجەکانی من نەبێت لێ نادرێن
تۆوی گوڵی لەززەتی شەوانت
لە ئینجانەکانی مندا نەبێت ناڕوێن
ڕەنگە پێت سەیر بێت

گشت شادمانییەکانت
لەلای من کۆبوونەتەوە!
❊❊❊❊
جەنگەکان
کوڕە گەنجەکانیان برد و نەگەڕانەوە
رووبارەکان
داڵغەی بەلەمەکانیان برد و
پێیان نەدانەوە
پیریی، هەرمێی لاویی رفاند
ئاوی ئاموون قووتی دا
چەکەکان
رەنگە تۆخەکانی ژیانیان برد و
نەهاتنەوە
لەشی رووت و
مەمکی پڕ جریوەی تۆ
هەست و هۆشیان منیان برد و
هەرگیز نەمبینینەوە
❊❊❊❊
لەناو کاسە سەری مندا
ژنێک سەما دەکات
لە بری شیعر
دڵی شاعیرێک دەدزێت
لە بری زەردەخەنە
فرمێسکەکانی هەڵدەگرێت

ئەو ژنە
هەموو کاتێک گۆرانی دەڵێت
لە هەموو بەستەکانیدا
شاعیرێک بانگ دەکات
تا درەختی لەشی
تێر تێر ئاو بدات
ئای چەند حەز دەکەم
ئەو شاعیرە من بم
****
شەوانە خەونی زۆر دەبینم
ژنێک دانە دانە
خەونەکانی تەفسیر کردم
وتی، راکردنت بە دوای هەوردا
لێزمەی ماچەکانی منە
باوەشکردنت بە تریفەی مانگدا
بریسکانەوەی مەمکەکانی منە لە دەستتدا
توانەوەت لە دەمی فریشتەی خەیاڵدا
نیشتنەوەی روانینتە
لەسەر لەشی رووتی من
****

مانگی ئاپرێل و مای ٢٠١٩
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## خۆشەویستەکەم

خۆشەویستەکەم
تۆ بەوەت زانیوە
هەر کات بیرت بکەم
شیعرێک بە درێژیی
تۆم وەیاد دەهێنێتەوە؟
هەر کات ویستم ماچت بکەم
پێنووسم سینگی کاغەز
ماچ دەکات و
لیکی شیعری بەسەردا دەڕژێت
هەر کات تاسەت بکەم
پشکۆی دڵم گەرم گەرم دایێ
شیعرێکیش لە دایک دەبێت
❊❊❊❊
خۆشەویستەکەم

تۆ هەستت پێ کردووە
ئەو ئانەی سەرمام بێت
لێفەی قرمزیی
ئەو شیعرانە بەخۆمدا دەدەم
بەرەو لای تۆ باڵ دەگرن؟
لەو چرکەساتەی پیاڵەی تووڕەییم
لێی دەڕژێ
لەگەڵ ئەو شیعرانە دەنووم
بۆنی سینگ و مەمکی تۆیان لێدێت
****
خۆشەویستەکەم
بە بیرت دێتەوە
چۆن سواری
کەشتی ئەڤینداریی بووین
ئاوریشمی سۆزمان بەخۆماندا دەدا؟
یان وەک دوو منداڵی بزێو
دارتووی ئاسمانمان تەکاند
باوەشمان پڕبوو
لە چەپکێک ئەستێرە
تۆ قەت بیرت لەم رۆژانە کردۆتەوە و
فرمێسکی شادیت دابارییێت؟
****

خۆشەویستەکەم
ئەو ڕۆژەت لە یادە
شێتە«با»ی شیعرێکم هەڵیکرد
کراسی شەرمی هەڵدایەوە
دوگمەی ستیانی ترازاند
دەستی درێژکرد
هەنارێک لە سینگت بکاتەوە؟
لەو ڕۆژەوە شیعرم ئارام بۆتەوە
وەک شەونمێک
لەسەر گەڵای لەشت نیشتووە

****

خۆشەویستەکەم
دەزانم غەمباریت
دووریی
چاوی هەزاران
حەزی کوێر کردووە
برینی دەیان شیعری کولاندۆتەوە
دوودڵ مەبە ئازیزم
دەنک دەنک حەزەکانم
بە دەزووی شیعر هۆنیوەتەوە
لە دیدارێکی چاوەڕوانکراودا
چەشنی ملوانکە دەیکەمە ملتەوە

****

خۆشەویستەکەم
خەونێکم هەیە
لەنێو گۆرانییەکی بەهاریدا بژیم
لە مەمکی نەمریی
شیری ژیان بخۆمەوە
لە تەک هەورەکاندا ڕێ بکەم
لەگەڵ ئاڵترین بارانەکان ببارێم
لەناو باخی خۆشنوودیدا
هەناسە بدەم و
لەگەڵ دارسنەوبەر
لەیەک جۆگە ئاو بخۆمەوە
لە پەنا خۆشەویستیی نەکوژاوەتدا بمرم
گۆڕەکەشم نێو چاوی فرمێسک تێزاوی
تۆ بێت

****

خۆشەویستەکەم
فەرامۆشی مەکە
ئەو خۆزگە بەهەشتییانەی
بە سواری ئەسپی شیعرەوە دێن
ئەو خولیا ئیرۆسییانەی
لە شەرمنیی پیاوێکدا
شکۆفەیان کردووە

ئەو رستە گەرم و گوڕانەشی
بە دار تێلی بێدەنگییەوە
بەستراونەتەوە

****

خۆشەویستەکەم
هەبوون هەر ئەوەندەیە
لە شەوێکی تامەزرۆی سامالّدا
ژن و پیاوێک لە مالّێکی نهێنیدا
ئاواتی لە مێژینەیان
لە ماچدا تام بکەن
هەزاران چیرۆکی لەبارچوویان
بکەنە یەک چیرۆکی خوساوە
لە سەر هەرێزی تەختەخەوەکەیان

****

خۆشەویستەکەم
زۆر ماندووم
بۆ خۆت دەزانی سەرم کردووە
بەهەموو کونێکدا
بە دوای خۆما گەڕاوم و
دڵی ژنێکم ورد پشکنیوە
جارێک «جولێت»م بینی
من نەمتوانی

رۆڵی «رۆمیۆ» بگێڕم
جارێکی دی «مەجنون» بووم
«لەیلا»ی جادووگەر
لە هەستمدا هەڵفڕی
ئێستا
دێوانەیی «وەلی»م کردۆتە بەر
تۆی «شەم» دەملاوێنیتەوە
❊❊❊❊
خۆشەویستەکەم
وتت پێناسەی شیعرم بۆ بکە
دەربارەکان بە دەغیلە تێیگەیشتوون
لە گوێی سەربازەکاندا
شەیپۆری جەنگە
لای سیاسەتمەدار
کاڵایەکی ئێکسپایەرە
لای سۆفی
تەجەلا و سوورەتێکی نورانییە
لای شاعیرەکان
گەمەیەکی زمانەوانییە
لای منی ئەوینداریش
حەسرەتێکی وێڵە
بە دوای دلبەردا دەگەڕێت
❊❊❊❊

خۆشەویستەکەم
خۆم دەنووسمەوە
کاتێک
شەڕەنگێزییەکانم دەنووسمەوە
تۆ لەوێ نێت
کاتێک جوانییەکانم دەنووسمەوە
لەبەر تۆ، چاوم لە خۆم نییە
کاتێک
بەسەر تەرمی رابردوودا دەگریم
تۆ لەوێ نابینم
کاتێک قافیەی ئێستا
دەگەیەنمە ماڵی شیعری ئایندە
لە هەموو لایەکەوە
شوێن پێی
هاتنی هەمیشەییت دەبینم
****
خۆشەویستەکەم
دانی پێدا دەنێم
ئافرەتی زۆرم ناسیوە
هەندێک وەک ئەوەی
رێبواری ناو شەمەندەفەرێک بین
لە وێستگەیەکی نزیک دابەزیون

هەندێکی تر
وەک ئەوەی لەشکری هەنگ بن
نوقڵی شیعریان تا تێربوون کرۆژتم
دانی پێدا دەنێم
لە خەیاڵپلاویی ئەوان بێ ئاگابووم
گوڵێکی پەژموردە بووم
لە باخی سووتاوی ئەواندا
دان بەوەشدا دەنێم
ئەوەی بە دواتدا دەگەڕا
تەنها خۆم بووم
ئەوەی ئەبەد لە مندا دەمێنێتەوە
تەنها تۆیت
****
خۆشەویستەکەم
تۆ مێژووت نییە
لە تەقویمی مندا رۆژێک نییە
ناوی بنێم رۆژی یەکتر ناسین
لە تەقویمی مندا رۆژێک نییە
ناوی بنێم رۆژی خۆشویستنمان
تۆ نوورێکی ئەزەلی بوویت
رژاویتە عاتیفەی تاریکترین پیاوەوە
خودا ملیۆنان ساڵ

بەر لە دایکبوونمان
ئێمەی بۆ یەکتر هەڵبژارد
لەبەرئەمە لە تەقویمی مندا
تەنها یەک ڕۆژ بوونی هەیە
ناوی دەنێم
جەژنی یەکتر دۆزینەوە
****
خۆشەویستەکەم
حەزم لە بەردەوامییە
شیعرێک، بەردەوام
بەناو لەشی مێژوودا بگەڕێ
لە هیچ وەرزێکی شوومدا نەمرێت
ڕووبارێک، لە زاکیرەی زەویدا
بە تەڕیی بمێنێتەوە
هیچ کات دڵی وشک نەبێت
خەونێک
میوانی هەمیشەیی شەوان بێت
هیچ کابووسێک زەفەری پێ نەبات
عەشقێک
لە دوای چەندین سەدەی تریش
هەر بۆکڕوزی سەرەتای لێ هەڵسێ
****

خۆشەویستەکەم
باسی نەمریی دەکەم
ئەمە خەونی بێ بەری «گلگامێش» نییە
خولیای ئەفسانەیەکی گریکی نییە
هەقایەتێکی کۆنی داپیرەم نییە
سەرگوزەشتەی خدری زیندە نییە
داستانێکی خەیاڵکردی نووسەرێک نییە
وڕێنەی سەرجێگای نەخۆشێک نییە
نزای سۆزانییەکی تازە تۆبەکار نییە
مەراقی بێهودەی پەروانەیەک نییە بۆ تەمەن
ویستی دڵۆپە شەونمی ماچێکمە
دەیەوێت لەنێوان مەمکەکانت
هەتا هەتایە بە شێداریی بمێنێتەوە
****
خۆشەویستەکەم
ڕەنگی ستیانەکانت
لە فەرهەنگی مندا مانای هەیە
سوورەکەیان
نیشانەی هەڵچوونی ئارەزووە
شینەکەیان
هێمای ئاشتبوونەوەی
پەنجەکانی من و مەمکەکانی تۆیە

مۆرەکەیان
مۆری منە لەناو مەمکەکانت
سەوزەکەیان
بریسکانەوەی چاومە لە سینگتدا
پەمەییەکەیان
پەرژینێکی ترساوی شەرمنە
رەشەکەیان
سیمبولی غەمگینی مەمکەکانتە
لە چاوەڕوانی لێوی مندا
****
خۆشەویستەکەم
ئیتر دەرگا دادەخەم
نامەوێت جگە
لە هەناسەی شیرینی تۆ
گڕاوی هیچ هەناسەیەکی تاڵ
بێتە ژوورەوە
نامەوێت جگە
لە سیمای سەرسامکەری تۆ
هیچ شەوکوتێک
دەرگای بیرکردنەوەم پێ بگرێت
نامەوێت جگە
لە خەونە سەرکێشەکانی تۆ

دەرگای ئەوینم
به ڕووی هیچ خەونێکی تردا بکەمەوە
هەر ئەوەندە دەرگای کراوەم پێویستە
تا میهرەبانی تۆ دێتە ژوورەوە
دوای هاتنی تۆ
هەر کێ لە دەرگا بدات
ڕوو قایمانە پێی دەڵێم
ببوورە کەس لە ماڵ نییە

****

مانگی یونی و یولی ٢٠١٩
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

تێبینی: ئەم دێڕانە بەدەم ئازاری شێرپەنجەوە لە ناو نۆتی هاندیەکەمدا نوسیومن، چەند کۆپلەیەک تریش بوون بەڵام بە داخەوە بە هەڵە لە دەستم سڕانەوە، ئیدی نەمتوانی جارێکی تر بە هەمان هەستەوە بیانووسمەوە، بۆیە بۆ هەتاهەتایە لێم بزربوون

# بیست و پێنج هەناسەی ماندوو

-١-
دەتشارمەوە
لەناو شیعرێکی هیلاکی دەربەدەر
لەناو دڵێکی کۆیلەی رەشپۆش
لەناو عەشقێکی سەرهەڵگرتوو
-٢-
سەرم لەناو کتێبدا جێما
نیشتمانم لەسەر سنوور
چاوەکانیشم لە نیگای ژنێکدا
-٣-
لە دوای تۆ سێ دیمەن دەبینم:
رووبارێکی خنکاو
تەرمی هەڵاهەڵابووی خەونێک
شاعیرێکی کوژراو
کە هێشتا
خوێنی شیعری لەبەر دەڕوا

-٤-

کاتێک سمێڵی بابرێک دەبینم
بە دارلاستیکی ناموسپەرستی
چۆلەیەکی عاشق دەخاتە خوارەوە
دەخوازم شڕوشیتاڵم کۆبکەمەوە و
بگەڕێمەوە سکی دایکم

-٥-

نازانم نووسەرەکان
کتێبە قەبەکان بۆچی دەنووسن
لە کاتێکدا دەزانن
سەرۆکەکان خوێندەوارییان نییە؟

-٦-

شیعر قورگی نووساوە
لەو هەرا و هۆریایەی دنیادا
کەس گوێی لە دەنگی شاعیر نییە
شیعر مرد
لە کتێبخانەیەکی چۆڵدا ناشتیان

-٧-

تەنهایی کۆنترین دەردە
مرۆڤی تازە تووشی بووە
دراو کۆنترین ئاینە
مرۆڤی نوێ شوێنی کەوتووە

-٨-
مرۆڤی نوێ
خولیایەکی سەیری هەیە
بۆ گەڕانەوە
بۆ ئەشکەوتی نیاندەرتاڵ
مرۆڤی تازە
درۆیەکی گەورەیە
بەدەم هۆمۆ هابیلیسەوە دەکرێت
-٩-
دەریایان توند گوشی
پیاڵەی عەشقێکی پڕ نەکرد
دڵی منیان گوشی
هیمالایا غەرق بوو لە ناویدا
-١٠-
شاعیرەکە خۆی بە پشتی
پیکابی سەفەرەوە هەڵواسیوە
لە شوێنێک دەگیرسێتەوە
نە کەس دەیناسێتەوە
نە خۆی دەناسێتەوە
-١١-
دنیا هێندە بۆگەن بووە
مەسیح نایەوێت

لە خاچەکەی دابەزێتە خوارەوە
هەر لەوێ بمێنێتەوە باشترە
نەک ببێتە
دەرگاوانی کۆشکی قەیسەر
-١٢-
هاوڕێکەم پێی وتم
باشترین شوێن
بۆ شاردنەوەی پارە
ناو باوەشی کتێبەکانە
کەس ڕێی ناکەوێتە ئەوێ
-١٣-
بێهودەیی
دەنگی هێندە بەرزە
بە ئاستەم گوێت
لە گۆرانییەک دەبێت
شەجەرەی بچێتەوە سەر هیوا
ئاە ژاوەژاوی نیگەرانی
جیهانی وەک تۆفانی نوح داپۆشیوە
-١٤-
پێڵاوی عەشق پڕ بووە لە لم
چاوی شیعر پڕ بووە لە لم
ئەلبومی وێنەکان پڕ بوون لە لم

میژوو پڕ بووە لە لم
ئەمەیە حکایەتی ئەنفال
-١٥-
سەر زەوی بۆتە گوندێکی بچووک
سەیرە لەم گووندە گچکەیەدا
کەس لە کەس تێناگات!!
هەر کەسەو بە زمانی ئازارێک
قسە دەکات
-١٦-
جەنگە مەزنەکانی دیرۆک
کارەساتە سروشتییەکان
درمی تاعون و شێرپەنجە
رەگەزی مرۆڤیان قڕ کرد
سەیرە هیچکامیان نەیانتوانی
هێندەی تەکنۆلۆژیا
مرۆڤایەتی لەناو ببەن!
-١٧-
مرۆڤایەتی لە پاپۆڕێکدایە
بە ئۆقیانووسی دڵەڕاوکێدا تێدەپەڕێت
سەرنشینەکان چاویان بڕیوەتە
کەناری ئاسوودەگی
نیو لیبرالیزم لە ژێرەوەڕا

سەرقاڵی کونکردنی پاپۆڕەکەیە
-١٨-
خەونیش هیچی پێ نەماوە
جار جار لەناکاو دێت
گەرای بێهودەیی
لە شەواندا دادەنێ
لە ڕۆژدا دەبنە
سەرەمێکوتەی مەراق
-١٩-
چەقۆش هێندە خراپ نییە
بۆ نموونە ئەو چەقۆیەی ژنێک
سەری بیرکردنەوەیەکی
ڕەشی پێ دەبڕێ و
هەزاران پەپوولەی سپی
لەو باستیلەدا ئازاد دەبن
-٢٠-
جەنگ
گۆمی شڵەقاوی خوێنە
سیاسەتمەدار مەلەی تێدا دەکات
مێژوونووس تەرمەکان دەژمێرێت
شاعیر لە ماڵەکەی دانیشتووە
دێڕ دێڕ خەیاڵەکانی دەسڕێتەوە

-٢١-
جوانی ملیۆنان ساڵە لە دایکبووە
سەیرە هێشتا
بە هەمووان نەگەیشتووە
رەنگە عاشقێک
هەمووی کردبێت بە شیعر
ژنێکیش لە دڵیدا
زیندانی کردبێت
جوانی لەو بەندیخانەیە
رزگار بکەن
-٢٢-
شاعیری دۆڕاو ئەو شاعیرەیە
قەسیدەی درێژ دەنووسێت
بۆ رێگەیەکی زۆر کورت
یان قەسیدەی پۆشتە و پەرداخ
بۆ لاواندنەوەی ژنێک بنووسێت
لەوسەرەوە، خۆی
بە پێخاوسی بگەڕێتەوە
-٢٣-
پەناهەندە کەروێشکێکی گەڕۆکە
بەوری کۆچ راوی دەکات
تا تێربوون گۆشتی دەخوا

دواتر کەمتیاری غوربەت
پاشماوەکەی دەجوێ
-٢٤-
جاران دەیانووت دڵی سپی
بۆ زەمەنی رەش
ئێستا دنیا ئاوەژوو بۆتەوە
دڵی رەشی لە خوم هەڵکێشراو
رۆژانی سپی قانگ دەدات
-٢٥-
سەرکێشی هەر ئەوە نییە
شمشێری سپارتاکۆس و
چەکەکەی گیڤارات بەدەستەوە بێت و
عەرشی خودا زەمینییەکان بهەژێنیت
زۆرجار سەرچڵی ئەوەیە
بەسەر چیای عەشقی مەحاڵی
ژنێکدا سەربکەویت
❊❊❊❊

مانگی یولی و ئۆگەستی ٢٠١٩
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

# وڕێنەکانی پیاوێکی غوربەتنشین

-١-

دەرگای جوانی داناخرێت

هەمیشە ژیان

لێوەی دێتە ژوورەوە

تا ئەو کاتەی ژن

لە بۆتەی شیعردا بدرەوشێتەوە

-٢-

پیاوە دەموچاو لۆچەکە

بە هەناسەبڕکێ

خۆی کرد بەنێو قەرەباڵغیدا

لە دوورەوە تەنهایی ناسییەوە

دەستی گرت و بردییەوە بۆماڵەوە

-٣-
شاعیرەکان لە یەکتر ناچن
ئەو شاعیرەی
بە دوای ئەویندا نەگەڕێ
وەک ئەو زارۆیە وایە
لە سکی خەیاڵ نەهاتبێتە دەرەوە
-٤-
بڕیارمداوە خۆم بکوژم
لە شیعرێکدا
فیشەکێک بنێم بەخۆمەوە
لە رۆمانێکدا
خۆم لە ئاپارتمانی چاوەڕوانییەوە
هەڵبدەمە خوارەوە
-٥-
سۆزانییەکان
لەپەنا هەستی منەوە
چادریان هەڵداوە
بۆ حەسانەوە
منیش جار و بار
شیعریان بەسەردا
دابەش دەکەم

-٦-

هەیبەتی شیعر لەوەدایە
دڵی سۆزانییەکان بداتەوە
کاتێک چەند دۆلارێک وەردەگرن
پاکیزەیی خۆیان دەدەن

-٧-

زەمەنێکی سپڵەیە
شەمشەمەکوێرە
هەتاو ئیغتساب دەکات
دواتر هۆزی ناوگەڵپەرست
کازیوە سەنگەسار دەکەن

-٨-

نیچە گووتی خودا مرد
هیچ لەم چەمکە تێناگەم
تەنێ ئەوەندە دەزانم
هەر چەشنی مرۆڤ
خودایەک نەبووە تا بمرێت

-٩-

کێ ئەم فێڵەی داهێناوە؟
ئاو لە ئاگر میهرەبانترە
مانگ لە زەوی جوانترە
شیعر لە وڕێنە دانسقەترە

مەرگ لە ژیان تاڵترە
تا ئەو هاوکێشانە
هاوسەنگ نەکرێنەوە
دنیا بە خواروخێچی دەمێنێتەوە
-١٠-
کوردستان پڕ پڕە لە کوردزمان
بەدەگمەن کوردی تێدا دەبینرێت
هەندەران پڕ پڕە لە بیانی
سەراوڕێژیشە لە کورد
کوردبوونم لە سلێمانی لێ ون بوو
لە کەناری «راین» دۆزیمەوە
-١١-
ئەی ژن
گوێ بە گۆرانی ئەو پشیلانە مەدە
ستایشی بەزی جەستەت دەکەن
مێینەیی تۆ
پێویستە بۆ رزگارکردنی جیهان
-١٢-
وریابە ئەی ژن
تریاکی ئەو شیعرە نەشەت نەکات
جلت لەبەردا ناهێڵێت
دەتئاخنێتە ئەلبومی پۆرنۆوە

ئەوە پەمووی عاتیفە نییە
نا، هەمان تاوێری سەنگەسارە
-١٣-
ئەی ژن
تۆ جێگرەوەی جەنگ نیت
بۆ پیاوەکان
تۆ
لە پەراسووە گێڕەکەی ئادەمەوە دەرنەهاتووی
تا پیاوەکان گرەوی راستکردنەوەت بکەن
تۆ ئاگردان نیت
پیاوەکان خۆیان لەبەرت گەرم بکەنەوە و
میز بە خۆڵەمێشەکەشتدا بکەن
مێینەیت هەموو شتی لە خۆگرتووە
-١٤-
ئەی ژن بمبورە
ئەگەر لە شیعرێکی سەرسەریدا
بە گوریسی حەزی پیاوانەی خۆمەوە
تۆم بەستبێتەوە
لە ئەمڕۆ بە دواوە لەگەڵت دەفڕم
لەگەڵم بفڕە

-١٥-
ئەی ژن
من بێبەریم لەو شیعرانەی
دەمێک وەک فریشتەیەکی سۆزانی
دەمێک مینا ئەهریمەنێکی سۆزبەخش
لە ناو خۆیاندا سکێچت دەکەن
دەمەوێت لەو تابلۆیەی ڕەنگی دەکەم
وێنەی ئینسانبوونت تیشک بداتەوە
-١٦-
ئەی ژن بیرت نەچێت
ئەگەر لە چامەیەکدا
باسی مەمکی تۆم کردبێت
باسی لێوی خۆیشم کردووە
ئەگەر باسی ناشرینی تۆم کردبێت
سەرە مەنهۆڵی
بیرکردنەوەی خۆشم لابردووە
من هەموو شتەکانم بە یەکسانی
لەگەڵ تۆدا بەشکردووە
-١٧-
ئەی ژن لە یادی مەکە
لە پەنجەرەی پەپوولەوە
ژاری دووپشک ناخەمە مێشکت

لە ماڵی کوکوختییەوە
فڕینت لە خۆمدا کەلەپچە ناکەم
نا، ئەو مافەم بەخۆم نادەم
بتکەمە بووکی نێو پەردەی
هەوەسی هەڵچووی نێرینەییم
-١٨-
ئەی ژن
یەکێک لەو پیاوە شەڕانیانەم
لەسەر تۆ
جەنگی جیهانی سێهەمم هەڵگیرساند
لەگەڵ ئەو پیاوانەی
وەک چەند گرامێک عەورەت
چەند دڵۆپێک شەهوەت
باسیان دەکردی
-١٩-
دایکم ژن بوو
شیری میهرەبانییم
لە مەمکەکانییەوە مژی
خوشکەکانم ژن بوون
لە ئەوانەوە فێربووم
دەست بخەمە پرچی شیعرەوە
باوکم پیاو بوو

چەکی بە میرات بۆ جێهێشتم
براکانم هەموو پیاو بوون
فێری شکاندنی ئینجانەیان کردم
-٢٠-
ئەی ژن
من مەحکومم بەم دانپیانانە
ئەگەر دنیا بە ویستی تۆ بوایە
گۆڕەپانی جیهان
لە بری ئۆڵۆمپیادی جەنگ
دەبووە چیمەنی لێبوردەیی
لە بری ئاوسبوونمان بە بێهودەیی
رۆژی هەزاران خەونی ئومێدەوارمان
دەهێنایە سەر دنیا
-٢١-
سەیری رەچەڵەکی گەلان بکەن
لە پەڕەیەکی رزیوی مێژوودا
بە فۆنتێکی ئەستوور نوسراوە
کورد کوڕی تێکشکانە
تێکشکان کوڕی خیانەتە
خیانەت باپیرە گەورەی کوردە

-٢٢-

خەیاڵ شووی بە تەنهایی کردووە
تەنهایی مێردێکی خراپە
هەر کە بێزار دەبێت
لە ماڵەکەی دەیکاتە دەرەوە
ناچار روومەتی خۆی
بە چنگ دەڕنێت
کراسی بەری دائەدڕێت
خۆشەویستی
تەماع لە مەمکی دەکات

-٢٣-

هەمیشە قسە گەورەکان
باسی شتی زۆر وردیلە دەکەن
وتە بچووکەکانیش
بابەتی قەبە دەوروژێنن
لەوان گرنگتر بێدەنگییە
کە حکایەتی مەزن دەگێڕێتەوە

-٢٤-

کتێبە مێژووییەکان
درۆزنترین حکایەتخوانن
باسی شانازیی تەور دەکەن
بێ ناساندنی درەختی سەربڕدراو

باسی تەختی پاشاکان دەکەن
بە خۆ بواردن
لە باسی تۆفانی خوێن
ئیستاتیکیانە
باسی جەنگەکان دەکەن
بێ ئاماژەدان
بە ئاوەدانبوونەوەی گۆڕستانەکان
-٢٥-
پیاوەکان
مشتێ گەنم لە دڵیاندا نییە
دەیانەوێت هەزاران کۆتر
لە هەستی برینگیاندا بنیشنەوە
پیاوەکان قەترەیەک سۆز
لە تۆنی دەنگیاندا نییە
دەیانەوێت هەزاران نەورەس
گۆرانییە خنکاوەکانیان بسەننەوە
پیاوەکان
هەموو پڵینگێک لە مێشکیان و
ئەژدیهایەکی دەستدرێژیکار
لە خەیاڵیاندایە
-٢٦-
نووسەرەکان کۆمەڵێک فریشتەن

لە ناو جەنگەڵستانی دەقدا
لە دەرەوەی تێکستەکان
دەروونیان پڕ چاڵ و چۆڵییە
ئەوان دەبێت
لەبری بیرکردنەوە بۆ خەڵک
فیکرێک لە حاڵی خۆیان بکەنەوە
ئەگەر ئاوێنەیەک دابنێن
بەرامبەر خۆیان
ڕەنگە لەوە تێبگەن
دەستەیەک بوونەوەری سەیرن
بە زمانی هەسارەیەکی تر دەدوێن
-٢٧-
شۆڕش بنێشتێکە
کاتێک برسی دەبین
دەکرێتە دەممان
بە قەوچە قەوچ
دنیا هەراسان دەکەین
تەنانەت گوێمان
لە قۆڕەی زگیشمان نامێنێت
زیرەکەکان ئەوانەن
ئەو بنێشتە ناجون

-٢٨-

گوومانم هەیە
بەرامبەر هەموو شت
دەتوانم بە متمانەوە بێژم
یەقینم هەیە
بەرامبەر دوو کەس
ئەو ژنەی
ریسک بۆ خۆشەویستی دەکات
ئەو پیاوەشی
ئەو خۆشەویستییە قبوڵ دەکات

-٢٩-

مرۆڤایەتی
رەشەبای تەکنولۆژیا بردی
ئێمەش دڵەکوتێی گەڕانەوە
نە مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە
نە قەزا و قەدەری ئێمە
ئەوەی لێ نووسراوە
لە حەسرەتدا نەمرین
ئەمەیە هەموو
سوڕی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ

-٣٠-

ئەو هۆکارە جوانانەی ناهێڵن
مرۆڤایەتی وەک دەیناسۆرەکان
قڕی تێبکەوێت
هۆکارگەلێکی زۆر نین
ئەوەی بە بیری من بێتەوە
لە هەنووکەدا
سێ هۆکاری سەرەکین
خۆشەویستی و
خۆشەویستی و
خۆشەویستی
****

ر ژێ ١٢-٦-٢٠١٩
تاکو رۆژی ٢١-٧- ٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# پەنجا پۆستەری چەنەباز

-١-

من بە گریانەوە پێدەکەنیم

بە پێکەنینەوە دەگریام

چونکە کۆچبەر بووم

-٢-

من و تاریکی

من و رەشبینی

من و دڵەخورپە

من و خۆکوشتن

لە تاراوگە یەکترمان ناسی

-٣-

سیستەرەکە بەرەو رووم دەهات

وتم حەبێکت لا دەستدەکەوێت

پێی بنووم

بەو مەرجەی مەعشوق بێتە خەونم؟

-٤-

لە نیشتمان چاوم کردەوە

لە مەهجەر چاوم لێکنا

ئەی لە کوێ زیندوو دەبمەوە؟

-٥-

نیشتمان دایکە

قەرەجەکان بۆنی سینگ و بەرۆکی

ئەو دایکەیان نەکردووە

ئاە خۆ من دووجار قەرەجم!!

-٦-

بۆ نووسینەوەی کوێرەوەرییەکان و

ئەو برینانەی لە رۆحدا دروستبوون

تەمەنی نوح هێندە کورتە

عومری پەپولەیەکیش نییە

-٧-

هێندە تینووم

خەون بە لافاوەوە دەبینم

هێندە بیر لە بێ دایکی دەکەمەوە

خەون بە نیشتمانەوە دەبینم

-٨-

وەختێک کە دەمرم

شیعر هەتیو دەبێت

وشە سەرتاپا رەش دەپۆشێ
ژنێکی تەنهاش بەنهێنی دەگریێ
-٩-
نازانم بۆچی وایە؟
هەر بێزاربووم شیعرێک دەنووسم
مەعشووقیش کە بێزاربوو
شیعرێکم دەخوێنێتەوە
-١٠-
سێ بەشی لەشی زەوی ئاوە
سێ بەشی لەشی من ئالکهول
دوور نییە رۆژێک بێت
سێڵاوی ئۆزۆ بمبات
-١١-
خۆم وەک تەیرێکی خشۆک
یان ئەسپێکی باڵدار
دێتە بەرچاو
هیچم لەو دووپێ دڕندەیە ناچێت
ناوی مرۆڤە
-١٢-
چی وشەم هەبوو
لە هۆنینەوەی شیعردا سەرفم کرد
کاتێک دەمەوێت باسی خۆم بکەم
دەست دەکەم بەگیرفانی مێشکما

تەنانەت یەک پیت نادۆزمەوە
ناچار زمانم تەتەڵە دەکات
-١٣-
پیاوە سیاسییەکان
کاتێک لە بەرامبەر ئاوێنە دەوەستن
وێنەی ئاژەڵێکی دڕندە دەبینن
ژنە عاشقەکان
کاتێک لە بەرامبەر ئاوێنە دەوەستن
پیاوێکی سەوداسەر
تەماشایان دەکات
-١٤-
پار ژنێکم بینی
خۆی بۆ عەشق رووتکردەوە
ئەمساڵ بینیمەوە
بەرگی تەنهایی لەبەر کردبوو
پیاوەکان تەنیا دەزانن
شوشەی رۆحی ژنان
وردوخاش بکەن
-١٥-
لە بۆدابێست
چوومە رەحمی دایکمەوە
لە بەغداد چاوم هەڵهێنا

لە سلێمانی گەورە بووم
دواجار لە بیلەفێلد گیرسامەوە
ئەی بۆچی هەست دەکەم
دڵم لە شوێنێکی ترە؟
-١٦-
وتت خۆشت دەوێم؟
بێدەنگ بووم
وتت بیرم دەکەیت؟
بێدەنگ بووم
وتت لەگەڵم دەمێنیتەوە؟
هەر بێدەنگ بووم
بە تووڕەییەوە ڕۆیشتیت
گوێت بۆ زمانم شل کردبوو
هاواری بڵندی دڵت نەبیست
-١٧-
ئەگەر وتم بۆت دەمرم
درۆم نەکردووە
ئەگەر وتم تەنها بیر لە تۆ دەکەمەوە
دڵنیابە راستیم پێگووتیت
ئەگەر وتم هەتاهەتایی
خۆشم دەوێی
هەوڵبدە باوەڕم پێ بکەیت
ئەگەر وتم

رۆژێک لە دڵ دەرتدەکەم
ئامان هەرگیز بڕوا نەکەیت
-١٨-
پێمدەڵێن هیچ ئاینێکت نییە
نازانم چۆن روونی بکەمەوە
لەسەر ئاینی حەوام
پێنج فەرزە
شەربەتی سێو دەخۆمەوە؟
-١٩-
ئەوەی دەیەوێت دەوڵەمەند بێت
خۆی بە لایەنگری هەژاران دەناسێنێت
ئەوەی دەیەوێت هەژاریی نەهێڵێت
بەو هۆیەوە دەوڵەمەند دەبێت
بەرگرییکردن لە هەژاران
باشترین کاسبییە
بۆ دەوڵەمەندبوون
-٢٠-
ویستم ماڵێکت بۆ دروست بکەم
بۆ ئەوەی هەمیشە تێیدا بمێنیتەوە
دواتر بیرم کردەوە ئەوە ماڵ نییە
نا، نا، گۆڕستانە
باش بوو نەهاتیتە ژوورەوە

-٢١-

هەیە کوێرانە رەتم دەکاتەوە
هەیە گەمژانە دەمپەرستێت
هەیە باوەڕم پێ ناکات
هەیە متمانەی تەواوی پێمە
هەیە خۆشی دەوێم
هەیە بیر لە کوشتنم دەکاتەوە
هەست دەکەم لەمەدا
تۆزێک لە خودا دەچم

-٢٢-

پێی وتم چەندە خۆشت ئەوێم؟
پێم گووت
هێندەی ژمارەی ئەستێرەکان
بە چاوێکی زیتەوە گووتی کەمە
بە دەنگێکی لەسەرخۆ پێمگووت
بڕۆ بیانژمێرە ئینجا بڕیار بدە

-٢٣-

هەمیشە
باشترینەکانم پێشکەش کردوویت
خۆشەویستییەکی کڵپەسەندوو
دەفتەرێک شیعری دڵتەڕ
کوخێکی پاکیزە

سوپاس و بەرامبەرم ناوێت
تەنیا دەمەوێت بیزانیت
-٢٤-
دوودڵ مەبە ئازیز
ئەگەر درەنگ پێت بڵێم
خۆشم ئەوێی
نیگەران مەبە
تەنیا زمان ماندووە
هەست وەک خۆیەتی
-٢٥-
هەر کاتێک خاچ دەبینم
عیسام وەبیر نایەتەوە
دوێنێ
لە ژووری بیمارستانەکەمەوە
تەماشای خاچی کەنیسەیەکی
کۆنم دەکرد
نازانم بۆ وام هەست کرد
چەندان جار
پێوەی بەستراومەتەوە؟
-٢٦-
لەم گەڕەکەکەدا
ژنان، پیاوان

منداڵان، دوکاندارەکان
هەموو یەکتر دەناسن
من جارێ نامەوێ
کەسیان بناسم
هێشتا لە پرۆسەی خۆناسین
نەبوومەتەوە
-٢٧-
بێ ئەوەی تاوانێک شک ببەن
زوو زوو پۆلیس دەمگرن
جلەکانم دەپشکن و
دەستیان بە ئیسپرتۆ دەشۆن
چون لە گیرفانمدا، دەستیان بەر
حەشیشی ئازادیی دەکەوێت
-٢٨-
هەست بە کۆتایی دنیا دەکەم
دەبینم تەور و درەخت هاوپەیمانن
قەساب و مەڕ
قۆڵیان لە قۆڵی یەکتردایە
خودا و شەیتان هاوڕان
لە گواستنەوەی چیا بەرەو بیابان
-٢٩-
مێشکم تەرمیناڵێکی گەورەیە
شیعر بە جانتایەک تەهلیلەوە

لە پاسی بێدەنگی دادەبەزێت
عەشق بە دەستی بەتاڵ
سواری تەکسی دابڕان دەبێت
ئیدی نایبینمەوە
-٣٠-
سەیری شارە مێرووویەکم دەکرد
مێش هەنگێک رێی ون کردبوو
ئادرەسی جێگەیەکی
لە مێروولەیەک پرسی
ئەو بەد فەڕە
فیکەی بۆ لەشکرەکەی لێدا
پێکرا هەنگەکەیان
بە گازلێگرتن دا بە زەویدا
هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو
وتی مەمکوژن دەستگیراندارم
-٣١-
لە جەنگدا بووین
نامەیەکی یەک دێڕیم بۆ یار نووسی:
نامەوێت سەنگەرت چۆڵ بکەم
کاتێک بە دیل گیرام
کاغەزێکی چرچبوویان پێگرتم
وەک وڵاتپارێزێک گولەباران کرام

-٣٢-

دوێنی شەو
خەونێکی ناخۆشم بینی
لە خەونەکەمدا پادشا بووم
هاواری برسییەکان
لەودیو کۆشکەوە
هەراسانی کردبووم
فەرمانم دا فیشەک پرژێنیان بکەن
بە دەنگی یەکەم فیشەک
خەبەرم بووە و
هەستام غوسڵی لەش پیسی
ئەو خەونەم لە خۆم دەرکرد

-٣٣-

دکتۆرەکەم پێی گووتم
پێویستە پشکنینی
دی ئێن ئەی بکەیت
لەوساوە لەرز دایگرتووم
خوانەکردە نەک بە هەشت نۆ پشت
بچمەوە سەر یەکێک
لەو سەدان میرە کاڵفامەی
ناو مێژوومان
یان لە خوێنی

ئەو ناپاکانەوە داکەوتبم
رۆژێک چاوساغی عوسمانلی و
رۆژێک کەوا سووری
بەر لەشکری سەفەوی بوون
-٣٤-
خودایە ئەم راستییە چەند تاڵە
ئەوانەی ویستیان
زمانی شیعرم ببڕن
هاوزمانی خۆم بوون
ئەوانەی ویستیان
کەشتییەکەم کون بکەن
هاوچارەنووسی خۆم بوون
ئەوانەی ویستیان
لە نیشتمان وەدەرمنێن
وەک خۆم بێ نیشتمان بوون
-٣٥-
بە تەنهایی لە دایکبووم
بە تەنهایی ژیانم بردە سەر
بە تەنهایی
لە شەوێکی مەلولدا سەردەنێمەوە
بە تەنهایی دەخرێمە گۆڕەوە
دەخوازم تۆش بە تەنهایی

بە داگیرساندنی مۆمێکی تەنها
یادم بکەیتەوە
-٣٦-
کاروانی ئارەزووەکانم
ناگاتە هیچ کوێ
جگە لە دڵێکی کەنەفت
ماشێنی حەزەکانم
ناگاتە هیچ کوێ
جگە لە مەڵبەندی رەتکردنەوە
کەشتی ئەم عەشقە
ناگاتە هیچ کوێ
جگە لە کەناری کارەسات
-٣٧-
لە خەونیشدا
خۆکوشتن هەڕەشەم لێ دەکا
زۆرجار لە خەونمدا خۆم کوشتووە
لە خەبەربوونەوە پەشیمان بووم
زۆرجار لە خەونمدا
ژیان وەک مۆتەکە
هێندە توند دەیگووشم
هەناسەم سوار دەبوو
بێداربوونەوە لەم کاتەدا

وەک جەژنانەی منداڵی
دڵخۆشی دەکردم
-٣٨-
ڕەزێک شێت ببوو
لەبەرخۆیەوە وڕێنەی دەکرد
بەرسیلە، ترێ، شەراب
شاعیرێک عەقڵی لە دەستدابوو
لەبەرخۆیەوە بۆڵە بۆڵی بوو
لە دایکبوون، ژیان، خۆکوشتن
هەرچەند سەرم هێنا و بردم
لەوەی دووەمیان تێنەگەیشتم
-٣٩-
بێ ئاگام بووم
دەستنوێژیی دڵپاکیم هەڵدەگرت
کاتێک برادەرە ناپاکەکانم
موئامەرەیان لێ کردم
فڕێیاندامە ناو بیری نەفرەت
کراسە خوێناوییەکەشمیان کرد
بە دەسڕی سەرچۆپی
-٤٠-
خۆ مردن هەر ئەوە نییە
توانای هەناسەدانت نەمێنێت

ژیانیش هەر ئەوەندە نییە
هێشتا دڵت ترپە ترپی بێت
-٤١-
لووشکەم لێ بدەن
ئەی هێسترە چەمووشەکانی
تەویلەی حزب
تەرسەکانیشتان رۆبکەنە سەر
چیمەنی تەڕی ناوبانگم
بەپێی تەریقەتی من
هیچ کارێک لە هێستر ناگیرێت
-٤٢-
هەرچیتان لەدەستان هات کردتان
لە وڵات دەرتانکردم
رەشایی درۆتان خستە
روانینی سپی دۆستەکانمەوە
ورەی سەربازەکانتان شکاند
بە تەنیا لە سەنگەرەکەمدا مامەوە
کەچی نەتانتوانی
قاسپەی شیعرەکانم بێدەنگ بکەن
دڵی پێنووسم لە لێدان بخەن

-٤٣-
هاوڕێکانم هەمیشە دەیانووت
پارە پیسە!!
مێژوومان بۆ ئەو کاغەزە نەفرەتییە
 گلاو ناکەین
هەر لەم دەمەشدا بوو
منیان خستە
هەڕاجێکی بێ ڕەوشتانەوە و
بۆ هەتاهەتایە خۆیان گلاو کرد
-٤٤-
هێندە شیرین بووم
مردن نەیدەوێرا بمجوێت
دەترسا شەکرەکەی بەرز بێتەوە
هێندە شیرین بووم
ژیان هەر زوو تفیمییەوە
دەترسا قەڵەو ببێت
هێندە شیرین بووم
برادەرە خوێڕییەکانم کرۆژتیانم و
پڕوپاگەندەی تاڵیمیان بڵاوکردەوە
-٤٥-
من بۆ باڵی سووتاوی پەروانەیەک
شەو تاکو بەیانی دەگریام

برادەرە سەرسەرییەکانم
تا سەحەر
لە باوەشی لەشفرۆشەکاندا بوون و
لەبەردەم ژنەکانیان تەریق نەدەبوونەوە
ئەمێستاش ئەوان بە دەمامکی ئاکارەوە
وانەی رەوشت
بە منداڵەکانمان دەڵێنەوە!
-٤٦-
مەرج نییە زمانی شیعر
وەک ئاوی کانی سازگار بێت
رێسایەکی کۆنکرێتی لە ئارادا نییە
ناسکی بەسەر زمانی شیعردا بسەپێنێ
باوەڕم وایە، زمانی شیعر
لەبەرامبەر سیاسیی هەست تۆپیودا
دەبێت لە گوێزان تیژتر بێت
بۆ تانەدان لە هاوڕێی ناپاک
ئەوەندەی تێزاب سووتێنەر بێت
-٤٧-
هیچم لە پاش جێنامێنێت
ئەوەی هەمە بەخشیومە
رەنگە بڵێن ئەی کتێبەکانت؟
منیش رێک باسی ئەوان دەکەم

تاکە شت بوون، هی من بوون
بە بێ رژدبوون هەموویانم بەخشی
-٤٨-
«ستۆکهۆڵم»م پێ خۆشە
«پاریس» تەنگە نەفەسم دەکات
«کۆڵن» لەلام دڵگیرە
«لەندەن» هەراسانم دەکات
«سلێمانی»م خۆشدەوێت
«هەولێر» نازم هەڵدەگرێت
«مەهاباد»م لە دڵدا هەڵگرتووە
«شنۆ» بانگم دەکات!!
-٤٩-
حەزدەکەم پێنج دەقیقە
لە پرسەی خۆمدا حزورم هەبێت
ئەوانە بکەمە دەرەوە
ویستیان لە دڵی هەموو کەس
بمکەنە دەرەوە
ئەوانە بەدرۆ بخەمەوە
دێڕ بە دێڕ
بە درۆیان دەخستمەوە
فرمێسکی چاوی ئەوانەش بسڕم
بیر لە جوانییەکانم دەکەنەوە

-٥٠-

به پێ خاوسی هاتمه دنیا
به پێی خاوس رۆژانم گوزەراند
به پێ خاوسی شیعرم دەنووسی و
دەمکردە پێڵاوی یاقووتی
بۆ ئەو قاچانەی بەرەو عەشق
ورد ورد هەنگاوی دەنا
ئای چەندێ ترسناکه
کاتێ دەزانم
به پێ خاوسی
لەو عەشقەش دەردەچم

****

سەرەتای پایزی ٢٠١٨
کۆتایی هاوینی ٢٠١٩
ئەڵمانیا- بیلەفێلد
سوێد- ستۆکهۆڵم

*هەڵبەته ئەم پۆستەره شیعرانه سەرەتا لەسەر کاغەز نووسرابوون و بێ پاکنووس وەک خۆیان نووسراونەتەوە.

## داچڵەکینی شاعیرێکی ئاوارە لەنەخۆشخانەیەکی دوورە وڵاتدا

-١-

دائەچڵەکم

کاتێک زەنگ بۆ نیشتمان لێدەدەم

دەنگێکی گڕی ناساز

بە هەلو یابە وەڵامم دەداتەوە

-٢-

دائەچڵەکم

وەختێ لە گوندەکەی باپیرم

لە ماشێن دائەبەزم

لە بری کانی و بێستان

بیابانێک لە چیمەنتۆ دەبینم

-٣-
دائەچڵەکم
کاتێ بە هەموو هێزمەوە
سروودی ئینتەرناسیۆناڵ دەڵێمەوە
لە ناکاو بەدەم ناڵینەوە
خەبەرم دەبێتەوە
هاوار هاوارمە و دەشیرڕێنم
خێرا ئەو مۆرفینەم فریا بخەن
-٤-
دائەچڵەکم
وەختێ بە شەقامێکی ستۆکهۆڵمدا
لەگەڵ خۆم پیاسە دەکەم
لەناکاو دکتۆرەکەم
خۆی دەکات بەژووردا
دەڵێت رەنگە قاچەکانت هێزیان
بۆ بگەڕێتەوە
-٥-
دائەچڵەکم
کاتێک بۆنی سینگی یار دەکەم
رشانەوەم دێت
نەخۆشێک دەنگی بەرز دەکاتەوە

وەنەوزەکەم تەواو دەبێت
بۆنی دیتۆڵ و دەرمان
لوتیان پڕ کردووم
-٦-
دائەچڵەکم
وەختێ دایکم
بە توورەیی دەبینم
وەک ئەوەی
دڵی لێم شکا بێت
لەگەڵ بێداربوونەوەی
دوای کۆما
دەبینم تابلۆی قەد دیوارەکە
بە چاوێکی دەرپەڕیوەوە
مۆڕەم لێدەکات
-٧-
دائەچڵەکم
کاتێک لە کەشتییەکی فەزاییدام
لە شوێنێکی دوورم
وا هەست دەکەم
دەرەوەی کاکێشان بێت
لە پڕدا زەنگی موبایلەکەم لێدەدات
کوڕە شەش ساڵانەکەم کزۆڵانە

دەڵێت: بابە بیرت دەکەم
کەی دێیتەوەماڵەوە؟
-٨-
دائەچڵەکم
وەختێ لە چایخانەی شەعبم
لەگەڵ هاوڕێیەکی دووڕوو
دۆمینە دەکەم
جیرەی دەرگاکە دێت
یەک دوو پیاوی چاوشین
دێنە ژوورەوە
دکتۆرێکی بە رەگەز ئیتاڵی
خۆیم پێ دەناسێنێت
ئیتر ئەو چارەسەرم دەکات
-٩-
دائەچڵەکم
کاتێک بە پاسێکی کۆستەر
لە ئەحمەدئاواوە لە گەشت دێمەوە
شریتی داڵغەکەم لەوێدا دەپچڕێت
خۆم لە ئەمبولانسێکدا دەبینمەوە
لە بیلەفێلدەوە بەرەو هانۆڤەر

-١٠-
دائەچڵەکم
لە کۆڵانێکی شێمحێدین
چاوشارکێم
لەگەڵ منالانی گەڕەک دەکەم
لە خۆشیدا
تووشی شیزۆفرینیا بووم
لەو چرکە هەڵچووەدا
سیستەرێکی بە رەگەز یۆنانی
بە روویەکی خۆرەتاوانەوە دەڵێت
فشاری خوێنت لە کەشکەلانە

****

ناوەڕاستی مانگی یولی ٢٠١٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

تێبینی: ئەم شیعرە لە ژێر کاریگەریی شیعری «پێنج پلیکانە هەتا ژوورەکەی ئەو»ی مامۆستا شێرکۆ بێکەس نوسراوە کە یەکێکە لە کۆتا شیعرەکانی شێرکۆی مەزن و لە رۆژی ٢٨-١-٢٠١٣ بە ماوەیەکی کورت پێش مەرگی نوسیویەتی.. کاتێک ئەو شیعرەم لە نەخۆشخانەوە خوێندەوە بە قووڵی کەوتمە ژێر کاریگەرییەکەی، ئەم تێکستەی منیش لە منداڵدانی ئەوەوە هاتە دەرەوە، بەڵام دەبێت خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت ئەم دەقە کۆپی نییە، خەیاڵ دزین نییە، وەک وتم تەنیا کاریگەرییە.

# ئازارەکان چڕنووک لە ئارامیم دەگرن

-١-

بە کامێرای دوێنێ
فۆتۆیەکی ئەمڕۆم بگرە
بۆ ئەوەی سبەینێ
بە هەموو ئازارەکانمەوە
لە ئەلبومەکەتدا بمێنمەوە

-٢-

بە دوامدا مەگەڕێ
لەسەر بەرماڵی هەتاو
بۆ چنگێک تیشک ناپاڕێمەوە
نا، ئێستا من
لاپەڕەیەکی تاریکی هەڵوەریوم
لە کتێبی مێژووی نووردا

-٣-
چۆن دڵت هات
دەرگا لەسەر لافاوی
ئەو هەموو شیعرە دابخەیت؟
چۆن دەستت چووە
خوێنی خەیاڵی ئاو و
وێرات لەگەڵ دەریاش
تەوقەی ئاشتبوونەوە بکەیت؟
-٤-
لەوانەیە بڕوا نەکەیت
ئەگەر بڵێم
تەنهایی
گشت خەنجەرەکانی خۆی
لە رۆحمدا ناشت
چاوەڕوانی
هەموو وێستگەکانی خۆی
لە نێو نیگاکانمدا جێهێشت
-٥-
چاوم بڕیبووە
نیگاری ماڵئاوایی تۆ

لە وێستگەیەکی قەرەباڵغی شەمەندەفەردا
لە ناو ئاپۆرای خەڵکدا
دڵێکی تەنهام لێ بەربووەوە
کەوتە بن پێڵاوی سەدان موسافیرەوە

-٦-

ئەم شیعرە
بە خەتێکی خوار و خێچ نانوسرێتەوە
ئەم خەونە
لە هیچ خەوننامەیەکدا شەرح ناکرێت
ئەم تەنهاییە
بە هیچ قەرەباڵغییەک نارەوێتەوە
ئەم گریانە
بە هەزاران پێکەنین ناگیرسێتەوە
ئەم بێ تۆییە
بە هیچ کەس پڕ ناکرێتەوە

-٧-

ئەوەندە وشەم پێیە
شیعر لاڵە ناتوانێت دەریانببڕێت
چیرۆک کەمدووە
تاقەتی قسەکردنی نەماوە

رۆمان بەو زۆربڵێییەوە
فریای مانیفێستیان ناکەوێت
دە تۆ دەربکەوە
با هەرچی وشەم هەیە
لە خۆشم دەوێی دا
کورتی بکەمەوە
****

٢٠١٩-٨-٢٥
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# خەونێکی جاڕس لە پاش مەرگ

وتم وەرە
با لەم شەوە ساماڵەدا
تێر تێر یەکتر ماچ بکەین
مانگ، لیکی تریفە
بە دەمیدا بێتە خوارەوە
وتت نا
ماچ شەماڵێکی خێرایە
بە نێو خۆشەویستیماندا تێدەپەڕێت
لە بیرت کرد
هەر ماچێکی یەک خولەکی
رژانی لەززەتێکی جاویدانییە
بەسەر تەمەنی مندا
وتم وەرە
با لەم رۆژە ساردەدا
یەکتر لە باوەش بگرین
زوقمی سەر دڵی ئەم شارە

له ئیرەییدا بتوێتەوە
وتت نا
لە ئامێزگرتن کورتە سەفەرێکە
بە رێگا پەنهاکانی هەوەسدا
لە بیرت کرد
هەر یەک لە باوەش گرتن
راگرتنی منە لە نێو ئامێزی ژیاندا
بەربوونەوەمە لە داری نائومێدیی
بۆ نێو مێرگە سەوزەکانی هیوا
وتم وەرە
لە ئێوارەیەکی پۆشتەدا
بەرووتی سەمای توانەوە بکەین
تا خانە تینووەکانی لەشمان
بین بنێن بە باراناوی ئارەزووەوە
وتت نا
رووتبوونەوەم
لە باوەشی پیاوێکی غەوارەدا
هەڵۆی غرورم هەلا هەلا دەکا
لە بیرت کرد
بەسەربردنی کاتژمێرێک رووتیمان
لە نێو پێخەفی خۆشەویستیدا
بەشی دەیان ساڵ دەکات
بە ئارامی پێی بژیم

ڕووبارێکە لە مرەکەب
بەشی هەزاران قەسیدە دەکات
ئەو ڕووداوە مەزنەی پێ بنووسمەوە
وتم وەرە
لە سپێدەیەکی ئارامدا
پێکەوە یاخی بین
چارەنووسمان پێکەوە گرێ بدەین
لە هیچ ئەفسانەیەکدا
نهێنی کردنەوەی ئەو گرێیە
باس نەکرابێت
هیچ جادووگەرێکیش پەی پێ نەبات
وتت نا
هێندە خورافیانە بیر مەکەوە
ڕێی چارەنووسی من جیایە لە تۆ
ئێستا کاتی هاتووە
بە پێی نەخشەی ئەو چارەنووسە
سەر بەرەو خوار ببمەوە بۆ ماڵەوە
لە بیرت کرد
دەمانتوانی کوخێکی نارنجی
لە کەنار دەریایەکی شین
بە دەست و پەنجەیەکی مۆر هەڵگەڕاو
بۆ دوو دڵی ئەنگۆرەیی چێ بکەین
گوێت بۆ نەگرتم

من کەوتمە
سەر هێڵی شەمەندەفەری مردن
تۆش بە ئۆتۆبانی دڵەڕاوکێدا
بەرەو تەنهایی خۆت وەڕێ کەوتیت
ئەمێستا من لە نێو گۆڕەوە
ئیمەیلێکت بۆ دەنێرم
گەر بە ئارەزووەکانم قایلیت
دەبمە تاکە گەڕاوەی گۆڕستان
دەبمە تاکە زیندووبووەی عەشق
دەمی پرسیارم مەدوورە
زمانی وەڵامت وەگەڕبخە
ئەی شاخانمی تێکڕای خەونەکانم

٢٠١٩-٦-٢٤
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# بەدەم پیاسەکردن لەتەک ئازارەکانمەوە
# راڤەی خۆم دەکەم

من راڤەکارم
راڤەکانم پێچەوانەی شەپۆل
نەرم نەرم مەلە دەکەن
شەرحی قەرەباڵغییەکانی نێو تەنهایی و
تەنهاییەکانی ناو قەرەباڵغی دەکەم
رەقاییەکانی ناو نەرمی و
نەرماییەکانی ناو رەقی دەخوێنمەوە
راڤەی نورانیبوونی تاریکی و
تاریکبوونی شەوق دەکەم
لەو شتە بچووکانەوە دەکۆڵمەوە
لە نێو مەسەلە گەورەکاندان
بەپێچەوانەشەوە
نیگای ئەو شتە قەبانە دەکەم
لە پرسە بچووکەکاندا خۆیان حەشارداوە
تەڕاییەکانی بیابان و

وشکی قورگی دەریا لێک دەدەمەوە
شرۆڤەی دڵە رەشەکانی
رۆژگارە سپییەکان و
ئەنگێزە سپییەکانی چاخە رەشەکان دەکەم
راڤەی ئەو هیوایانە دەکەم
لە ئامێزی نائومێدیدا گۆشکراون
دەرفەتێکیش دەدۆزمەوە
بۆ راڤەی ئەو نائومێدییە ترسناکەی
کوڕی شەرعی گەشبینییە
رەنگە شێتانە بێت بڵێم
توێکاریی لاشەی جەلاد دەکەم
بە دوای قوربانییەکی ونبوودا دەگەڕێم
لە توێکاریی قوربانییەکی فریشتەئاسادا
وێڵم بە دوای رۆحێکی جەلاددا
راڤەی دەوڵەمەندیی هەژاران و
دەستکورتی خواپێداوان دەکەم
راڤەی بێدەنگییەکانی ناو وتن و
هاوارەکانی بێدەنگی دەکەم
شەرحی گەرمییەکانی ناو ساردیی و
ساردییەکانی ئاگر دەکەم
شەرحی زەردەخەنەی فرمێسک و

گریانی بە کوڵی پێکەنین دەکەم
راڤەی یاخیبوونە کۆیلەکان و
کۆیلەبوونە یاخییەکان دەکەم
راڤەی حاڵی گوڵە پەژمووردەکان و
ئەو پەروانانە دەکەم
رەونەقتردارین گوڵەکان
سەری لێشواندن
شەرحی رووت و قووتیی پۆشتەیی و
حیجابی رووتبوونەوە دەکەم
شەرحی شێتییەکانی ناو ژیریی و
حیکمەتەکانی شێتی دەکەم
راڤەی وەڕسی زیندووە مردووەکان و
وزەی مردووە زیندووەکان دەکەم
راڤەی ئەو خەونانە دەکەم
لە رەوڕەوی واقیعدا پێیان گرتووە
بەهەمان شێوە
ئەو واقیعانە شیکار دەکەم
لە زیندانی خەون نایەنە دەرەوە
راڤەی خۆم دەکەم
لەو دەمەی خەم دەخۆم و
خەم دەمخوات

ژنێک دڵم شەقار شەقار دەکا و
دڵی ژنێک هەلا هەلا دەکەم
ژان نۆش دەکەم و
ئازار وەک پەرداخێک ئاوی سارد
قوم قوم دەمخواتەوە

٢٠١٩-٧-٩
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

# موناجاتی نیگارە شێواوەکان

ئەی ئەو ژنەی
لەگەڵ ناسینتدا
کاسەی سەرت پڕ کردم
لە گوناهی سپی و
ئارەزووی قاچاغ
خۆ تۆ ئەتزانی
یەک پەڕ بە باڵمەوە نەماوە
بۆچی داوای حیکمەتی فڕین و
حوزنی نیشتنەوەت لێ دەکردم؟
مەگەر من نەبووم
لە پەنا دەریایەکی هێمندا
بە هەناسەبڕکێ و
دەروونێکی شڵەژاوەوە
پێموتی
کچێنی عەشق و

تەڕایی هیچ ژوانێک
نامخاتەوە سەر ڕێی شەیدابوون؟
مەگەر من نەبووم، وتم
شوشەی گەشبینیم لە مێژە شکاوە
خەم وەک پیاوێکی مێباز
بە دڵی سۆزانیم فێربووە
ئیدی چۆن بتوانم
بە بلوێری دەنگ نوزەڵی ژیان
بکەومە سەما و
بە پێکێک شادیی تاڵ
بۆ هەمیشە مەست ببم؟؟
مەگەر من نەبووم
قیژاندم بە گوێی چەپتدا
نەڕاندم بە گوێی ڕاستتدا
تێمگەیاندیت
پادشای کۆست و
سوارچاکی نەگلاوی گریان و
مۆمی تواوەی عەشق و
شیری پەژارەم لە گوانی وجوددا؟
مەگەر من نەبووم
ڕۆمانێکم بۆ خوێندیتەوە
دێڕ دێڕ خوێنی لێ دەتکا

هاڵاوی ئازار
بەپێ خاوسی لەلاپەڕەکانیدا
دەهاتە دەرێ
حکایەتی پیاوێکی دەگێڕایەوە
لە بن داری زڕی تالوکەدا
بەسەرسامییەوە وتت
ئاە ئەو پیاوەم لە شوێنێک دیوە
رەنگە ببینم بیناسمەوە
سەرت هەڵبڕی
بە نیگایەکی من بورایتەوە؟
مەگەر من نەبووم
بە راستگۆیانە خۆمم خستە بەردەمت
چاکەتی درۆکانم داکەند
بە چرپە پێموتی
ئەو چرایەم چاوم دوکەڵی تێزاوە
ئەو نیگارەم
خیانەت شێواندوومی
ئەو ئەسپە شێتەڵوکەیەم
کەسم لەسەر پشتم رانەگرتووە
ئەو سیگارە بۆندارەم
هێشتا مژێکم لێ نەدراوە
ئەو بوخچە تەڵیسماوییەم

هیچ ژنێک نەیکردوومەتەوە
ئەو ئاسمانە نەناسراوەم
هیچ تەیرێک تەی نەکردووم؟
ئەی ئەوە تۆ نەبوویت، وتت
من بە هەموو ئازارەکانتەوە
بە هەموو درۆکانتەوە
بەهەموو گاڵتەجاڕییەکانتەوە
بە هەموو سەرسەرێتییەکانتەوە
بەهەموو ئاژاوەکانتەوە
بەهەموو فێڵ و تەڵەکەکانتەوە
بە هەموو گرێ دەروونییەکانتەوە
تۆم قبوڵە؟؟
تۆ دەکەمە قیبلەی رۆح
ئارامگای شەوە ماندووەکانم
گۆڕی گشت ئاخەکانم
چاوی تێکڕای ئەسرینەکانم
ئیمپراتۆری سەر تەختی دڵ و
یەکەمین پیاو
کە توانی سیحرم لێ بکات
تاکو زمانی سڕم بپژێت و
پێی بڵێم خۆشم ئەوێی!!
ئەمێستا هێندە پەرێشانم

لە رێی ئەم تێکستەوە
بانگت دەکەم
ئەی خۆشویستراوترین ژنی دنیا
هەنووکە لە کوێیت؟
بیرت دەکەم
ئایا تۆش هەروایت؟

٢٠١٩-٨-١٧
ئەڵمانیا - بیلەفێلد
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس
شتاسیۆنی نۆرۆلۆگی

## وەسوەسەکانی دوای سەفەر

زۆری تر نابات
لە پشتی ژیان دەکەومە خوارەوە
دوا گۆرانی لە قورگما وشک دەبێ
پەپولەی عیشق
لە عاتیفەمەوە دەست دەکات بە فڕین
کۆتری نیشتمان
لە هێلانەی غەریبیم تەرە دەبێت
ئەوسا وەک بیرەوەرییەکی بابردوو
کەس بەدوای حکایەتەکانمدا را نەکات
وەک ئەستێرەیەکی کشاو
کەس چاو نابڕێتە تیشکەکانم
زۆری تر نابات
حەرف حەرفی قەسیدەکانم
بە سەوزیی دەوەرێن
دانە دانە سەرکەوتنەکانم

چاویان پڕ دەبێت
لە دوکەڵی شکست
یەک یەک نامەکانم
لە گیرفانی باراندا دەخوسێن
دڵۆپ دڵۆپ خەونەکانم
لە گۆزەی خۆزگەکانەوە دەڕژێن
تنۆک تنۆک فرمێسکەکانم
لە چاوی دیوانەکانەوە هەڵدەقوڵێن
ئەوسا چەشنی مێژوویەکی تێپەڕیو
کەس لە کتێبی تامەزۆرییدا نامخوێنێتەوە
چەشنی لقی شکاوەی درەختێک
کەس لە باخی خۆیدا جێم ناکاتەوە
زۆری تر نابات
خۆم لە ئێستا رزگار دەکەم
بیر لە مانەوە لە تەمی ئایندەدا ناکەمەوە
گوللەیەک دەنێم بە رابردوومەوە
مێشکی هەموو
سەروەرییە وەهمییەکانم دەپژێنم
بە خەنجەرێک دڵم شەقار دەکەم
وەک تۆپەڵێک نەرمایی دەینێمە
ژێر رەقیی پێڵاوەکانمەوە
بە چەقۆیەکی گومانکار

سەری هەموو یەقینەکانم لێ دەکەمەوە
ماڵی قەرەباڵغی هەستم
دەکەمە کاولاشێکی وەحشەتناک
زۆری تر نابات
دەستم بە خوێنی خۆم سوور دەبێت
واز لە خەسارکردنی ئۆکسجین دەهێنم
یەخەی ئەم دۆزەخەی ناوی ژیانە بەرئەدەم
دەست لە سواڵی ساڵەکان هەڵدەگرم
جانتای سەفەرەکەم
پڕ دەکەم لە خولیای خۆکوشتن
چەند دەنک ڤالیۆم دەنێمە نێو دەمم
پەرداخێک شەربەتی کامەرانی
دەکەم بەسەردا
پێش ئەوەی بە یەکجاری بنووم
بانگی مردن دەکەم
دەستم ماچ دەکەم، لێی دەپاڕێمەوە
پڕ بە خۆم هاوار دەکەم
ئەی مەرگ لە کوێی
ژیان ئابڕووی بردم؟
زۆری تر نابات....

٢٠١٣-٩-١١

فەڕەنسا - پاریس

نمە بارانێک دەبارێت و چاوی شوشەی ئەم ماڵە فرمێسکی پێدا دێتە خوارەوە. لەناو جوانی رواڵەتی ئەم شارەدا بێزاریی قوم قوم دەمخواتەوە. یەک کتێبی خوێڕی نییە بتوانێت ئەم بێزارییەم هێور بکاتەوە. ئیدی کتێب سوودی چییە؟ «دیل کارنگی» درۆزنترین نووسەرە، کاتێک ویستم لە رێی ئەوەوە بەسەر رەشبینی خۆمدا زاڵ بم، هێندە بێ مانایی پێبەخشیم وەختە بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە., چونکە توانام نییە لە واقیعدا هەمیشە لەم دەقە پووچانەدا خۆم دەکوژم.

# یەکەمین پەیامی دوای سەرهەڵگرتن

ئێوە دەتوانن
لە شارەکەم خانەبەدەرم بکەن
دەتوانن
ڕۆژنامە و گۆڤارەکانم لێ کڵۆم بدەن
مۆڵەت نەدەن
بە چاپی کتێبە یاخییەکانم
دەتوانن زۆر شت بکەن
لە نیشتمان وەدەرم بنێن
دەتوانن بەیاننامەی چاوشۆڕ
لە دژم دەربکەن
بێنە ناو سیمینارەکانمەوە
بە جڕت لێدان
ڕەوشتی خۆتان دەربخەن
دەتوانن تی ئێن تی

بخەنە ژێر پێی نووسینەکانم
گاڵتە بە ئەزموونی ئەدەبیم بکەن و
بەسەر لاپەڕەکاندا بڕشێنەوە
ئەوەی ناتوانن بیکەن
زۆر زۆرن
ناتوانن نیشتمان
لە مندا دەرکێشن
ناتوانن زمانم
لە دەمی شیعردا ببڕن
بێ منەتم
لە هەموو شا و سەرۆکەکان
لە نووسەرانی دەربار
لە قەڵەموەشێنەکانی زەلکاو
لە رەخنەگرە زومبییەکان
لەو دەزگا سیخوڕییانەی
ژەهر دەخەنە پیاڵەی شوهرەتمەوە
بێ منەتم
لە هەموو بارودۆخەکاندا

لەو کاتەی ئێوە لاقەی جوانی دەکەن
لەو کاتەی خۆتان هەڕاج دەکەن و
بەهاتان دەبێتە چەند درهەمێک
لەو کاتەی ئێوە
لە باوەشی سۆزانییەکاندا دەخەون
لەو کاتەی چەوریی پارە
بە شەویلگەتاندا دێتە خوارەوە
لەو کاتەی بە پاڵەپەستۆ
خۆتان دەکەن
بە کۆشکی میرەکانی نەوتدا
لەو کاتەی ئێوە نووستوون و
خەونی گەڕیی
بە ژیانی بۆرژوازانەوە دەبینن
شیعر دڵۆپ دڵۆپ
دەچۆڕێتە نێو پێنووسەکەمەوە

پایزی ٢٠١٣
فەڕەنسا - پاریس

ئەم دەقە حکایەتێکی خۆی لە پشتە، بە خەیاڵکردنی واقیعێکی تفتە. ئەم تێکستە ریالیستە، هەردەبوو بەو فۆرمە ریالیتەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو گروپە تیرۆرستە فیکرییە بکەم، خۆیان وەک ڤۆڵتێری کوردیی و پارێزەری ئازادیی بیرورِا مانیفێست دەکەن، کەچی ویستیان وشە بە وشەی بۆچوونەکانم لە سێدارە بدەن و لە رووی مەعنەوییەوە تیرۆریان کردم.

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی دارایی نووسەر خۆی چاپ کراوە.